ده‌زگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی
سه‌ره‌کی نه‌نجومه‌نی کارگێڕی و سه‌رنووسه‌ر
مصلح مصطفی جه‌لالی

ساڵی ١٩٧٠ دامه‌زراوه

هاوکاری

التضامن

ڕۆژنامه‌یه‌کی هه‌فتانه‌یه

له‌م ژماره‌یه‌دا
● ده‌قی وته به‌نرخه‌که‌ی سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین له‌کاتی چاوکه‌وتنیا به خێزانی شه‌هیدانی شۆڕشی شوباتی نه‌مر له ل ٤ دایه .

پێنج شه‌ممه ١٩٨٥/٢/١٤ ژماره ٧٧٦ | ١٢ لاپه‌ره | به ٥٠ فلسه | الخميس ١٩٨٥/٢/١٤ العدد ٧٧٦

فه‌رمانده صدام حسین: به‌عس حزبی گه‌له

هاوڕێی فه‌رمانده نیشانه‌ی حزب به ده‌سته‌یه‌ك تێكۆشه‌ری به‌عسی ده‌به‌خشێ

دوای قادسیه له‌مو عیراقیه‌كان تێكۆشه‌رن، ئه‌وانه نه‌بێ كه خیانه‌تیان له خاكی نیشتمان كرد وه

هاوڕێی فه‌رمانده صدام حسین دووپاتی كرده‌وه‌كه ئه‌و بیروباوه‌ڕه‌ی به‌ر له زیاتر له ٢٥ ساڵ خه‌ون بوو ئێستا بۆته حه‌قیقه‌تی به‌رچاو له‌سه‌رجه‌می ژیانی ئه‌و كۆمه‌ڵه‌دا كه ڕابه‌ری ده‌كه‌ن ئه‌ی هاوڕێیان .

به‌ڕێزی له كاتی به‌خشینی نیشانه‌ی حزب به ده‌سته‌یه‌ك له‌و تێكۆشه‌ره به‌عسیانه‌ی بیست‌و پێنج ساڵیان له تێكۆشاندا له ڕیزه‌كانی حزب به‌سه‌ربرد وه‌تی : كاری تێكۆشان كاری ڕێگا كردنه‌وه‌و به‌ره‌و پێشه‌وه‌چوونی سه‌خت‌و خوێناوی‌یه له كۆڕی ڕووداوی ناسراودا له مێژووی خه‌باتی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیستدا .

سه‌ره‌كی فه‌رمانده صدام حسین وتی شوكری خوا ده‌كه‌ین كه حزب وا ئه‌ماوه‌ته‌وه هه‌ر حزبی به‌عسی‌یه ڕێكخراوه‌كان بێ ئه‌وانه‌ی زیاتر ٢٥ ساڵیان له حزبدا به‌سه‌ر برد به‌ڵكو به حه‌ق بۆته حزبی گه‌ل له‌م‌په‌ری‌یه‌وه بۆ ئه‌وپه‌ڕی‌و له ناوه‌راستی هوره‌كانه‌وه‌و له‌سه‌ر سنوور كه به به‌هێزی تفه‌نگ به ده‌سته‌وه گیراوه بۆ به‌رگری له بیروباوه‌ڕو له خاك تا دوورترین نوخته له عیراقدا .

له كاتی به‌خشینی نیشانه‌كانی حزبدا هاوڕێیان عزت ابراهیم جێگری سه‌ره‌كی ئه‌نجوومه‌نی سه‌ركرداید‌ه‌تی شۆڕش‌و طه یاسین رمضان ئه‌ندامی ئه‌نجوومه‌نی سه‌ركرداید‌ه‌تی شۆڕش جێگری یه‌كه‌می سه‌ره‌ك وه‌زیران‌و فریق روكنی یه‌كه‌م عدنان خیرالله جێگری فه‌رمانده‌ی گشتی هێزه چه‌كداره‌كان ئاماده‌ بوون .

ده‌قی وته‌كه‌ی هاوڕێی فه‌رمانده صدام حسین له ل ٣ دایه

ڕۆژی سه‌ركه‌وتنی زیاتر ده‌ست وه‌شاندنێكی تری مه‌ردانه له بڕبڕه‌ی پشتی دوژمن پێكانی سێ نیشانه‌ی ده‌ریایی و ١٦٨ هه‌ڵه‌ی سه‌ركه‌وتووی هه‌ڵوێ به توانا كانمان

پێڕێ ، ڕۆژی سێشه‌مه‌ی ڕابووردوو ،مژده‌ی سه‌ركه‌وتنێكی تری گه‌وره‌ی جه‌نگاوه‌رانی سوپای دلێری عیراق به‌سه‌رجه‌می گه‌لی عیراقی مه‌زن ڕاگه‌یه‌نراو جاریكی‌تر ده‌ستێكی توندی دلێرانه‌یان له‌بڕبڕه‌ی پشتی دوژمنی ڕه‌گه‌زپه‌رست وه‌شاند .

به‌یاننامه‌ی ژماره ١٧٤٠ كه له‌سه‌ركرداید‌ه‌تی گشتی هێزه چه‌كداره‌كانمانه‌وه ده‌رچوو ، ئه‌م مژده‌یه‌ی ڕاگه‌یاندو ده‌ڵێ پاڵه‌وانه‌كانی لیوای ٤٣٤ له‌فه‌یله‌قی دوو ئه‌و نه‌خشه‌یه‌ی ڕاپه‌راند كه‌سه‌ركرداید‌ه‌تی بۆی دانابوو به داگیركردنی نیشانه ستراتیژی‌یه‌كان له‌كه‌رتی ناوه‌راست‌و له‌هه‌ڵمه‌تێكی شه‌وه‌كی ئازایانه‌دا بنكه‌و مولگاكانی هێزه‌كانی خومه‌ینی‌یان له‌وناوه هه‌ڵته‌كاندو ئه‌وه‌ی كوژرا ،كوژراو ئه‌وه‌ی گیراو بریندار‌بوو ، ئه‌وه‌ی مایه‌وه به سه‌رشۆڕی هه‌ڵات‌و پاڵه‌وانه‌كانی ئه‌و لیوایه له‌شوێنی دیاری كراویان چه‌سپان .

بڕوانه ل ٢

یه‌كێتی كرێكارانی ئیتالیاستایشی هه‌ڵوێستی عیراق ده‌كا ..

سیر جیو جولیاناتی لێپرسراوی په‌یوه‌ندی ده‌ره‌وه له یه‌كێتی نه‌قابه‌كانی كرێكارانی ئیتالیا ڕێزی یه‌كێتی‌یه‌كه‌ی بۆ هه‌ڵوێستی ئاشتی خوازانه‌و مرۆڤایه‌تی عیراق ده‌ربڕی‌وه .

هه‌روه‌ها هه‌ڵوێستی ڕژێمی ئێرانی تاوانبار كردوه كه پێ له‌سه‌ر به‌رده‌وامی شه‌ڕ داده‌گرێ‌و ره‌فزی بانگه‌وازی ئاشتی ده‌كا .

عیراق بڕیاری ڕاستكردنه‌وه‌ی نرخه‌كانی نه‌وتی خۆی ده‌دات

عێراق بڕیاری‌دا چه‌ند‌راستكردنه‌وه‌یێكی كه‌می نرخه‌كانی نه‌وتی خۆی بدات‌له سه‌ره‌تای ئه‌م مانگه‌دا .

به‌ڕێز قاسم ئه‌حمه‌د ته‌قی وه‌زیری نه‌وت به ئاژانسی ده‌نگ‌وباسی عێراقی ڕاگه‌یاند كه عێراق بڕیاره‌كانی ڕێكخراوی وڵاتانی نه‌وت (اوبك) جێ‌به‌جێ ده‌كات كه له‌م دوایه‌دا له جنێف بڕیاری‌درا.

هه‌روه‌ها ووتی ئه‌نجوومه‌نی وه‌زیرانی ڕێكخراوی (اوپك) له دوا كۆبوونه‌وه‌یدا بڕیاری كه مكردنه‌وه‌ی نرخی یه‌ك به‌رمیلی‌دا له نه‌وتی عه‌ره‌بی سووك له (٢٩) دۆلاره‌وه

بڕوانه ل ـ٢

ڕه‌جه‌وی: خومه‌ینی دزێكی گه‌وره‌یه شۆڕشی گه‌لانی ئێرانی دزی‌وه

به‌ڕێز مسعود ڕه‌جه‌وی‌سه‌ره‌كی ئه‌نجوومه‌نی به‌رگری نیشتمانی ئێران‌ده‌ڵێ خومه‌ینی دزێكی گه‌وره‌ی ئه‌م سه‌ده‌یه‌یه بۆدزینی شۆڕش‌و بوه هۆی له سێداره دانی‌و كوشتنی‌زیاتر له (٤٠) هه‌زار ئێرانی به‌رهه‌ڵستكارو به‌ندكردنی(١٢٠) هه‌زاری تری سه‌رمایه‌ی كوشتنی زیاتر له نیو ملیۆن ئێرانی‌و بریندارگردن‌و سه‌قه‌ت‌بوونی نیو ملیۆن له ئاستی سووربوونی له‌سه‌ربه‌رده‌وامی جه‌نگ دژ به عێراق .

له‌و نامه‌یه‌دا كه ئاراسته‌ی گه‌لانی ئێرانی كردبوو به بۆنه‌ی بیره‌وه‌ری شه‌شه‌م

بڕوانه ل ٢

كۆمه‌ڵه‌یه‌ك له هیندستان داوی وه‌ستاندنی شه‌ڕ ده‌كا ..

كۆمه‌ڵه‌ی یه‌كگرتنی نیشتمانی هیندستان پێشنیارێكی داوه به راچیف غاندی سه‌ره‌ك وه‌زیرانی هیندستان داوای لێ‌كردوه كه ته‌قه‌ڵلا بدات بۆ وه‌ستاندنی شه‌ری عیراق‌و ئێران‌و مامه‌له‌كردن له‌گه‌ڵ دیله عیراقیه‌كان له ئێران به‌پێی ڕێكه‌وتنه‌كانی جنیف.

پرۆفیسۆر رج بالدیف سه‌ره‌كی كۆمه‌ڵه‌كه كه پێشنیاره‌كه‌ی داوه به راچیف غاندی وتویه‌تی جێی داخه شه‌ر له نێوان دوو ئه‌ندامی بزوتنه‌وه‌ی بێ‌لایه‌ندا به‌رده‌وام بێ به‌بێ‌ئه‌وه‌ی هیچ ده‌زگایه‌كی ده‌وڵه‌تان بتوانێ دوایی پێ‌بێنێ .

دیسان داوای كرد كه ئه‌وپه‌ڕی كار بكرێ بۆ ئه‌وه‌ی ئێران ناچاربكرێ ڕێزی ڕێكه‌وتنه‌كانی جنیف بگرێ‌و ڕژێمی خه‌تابار كردوه كه به‌رپرسیاره له به‌رده‌وامی شه‌ڕ .

به‌كورتی

سانتیاگۆ :

ڕژێمی چیلی ٢٤٠ قوتابی به‌ره‌ڵاكردوه كه به تۆمه‌تی ئه‌وه گیرابوون یارمه‌تی جوتیارانیان داوه ، له كاتی گرتنیاندا یه‌كێك له قوتابیه‌كان مردوه‌و ژماره‌ی ئافره‌ت له‌و قوتابیانه ٧٠ ئافره‌ت بوون .

په‌كین :

ڕۆژنامه‌یه‌كی چینی ڕای‌گه‌یاند كه كاربه‌ده‌ستێكی كۆنی حزبی شیوعی چینی له سێداره دراوه‌و تاوانه‌كه‌ی ئه‌وه‌بووه له كاتی شۆڕشی ڕۆشنبیری‌دا ١٩٦٦ ـ١٩٧٦ بۆته هۆی كوشتنی ٧٧ كه‌س.

صوفیا :

جێگری هاو وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی به‌ریتانیا له ڕۆمانیاوه كه‌یشتۆته صوفیای پایته‌ختی بلگاریا له چوارچێوه‌ی گه‌شته‌كه‌یدا به وڵاتانی ئه‌وروپای ڕۆژهه‌ڵاتدا .

نیقوسیا :

سه‌ره‌كی قبرس سه‌ردانه ره‌سمیه‌كه‌ی بۆ یۆگسلافیا ده‌ست پێ‌كردوه‌و له‌و ماوه‌ی سه‌ردانه‌دا سه‌باره‌ت به‌یوه‌ندی نێوان وڵاته‌كه‌ی‌و یۆگسلافیا گفتوگۆ ده‌كا .

به‌رهه‌ڵستكاران له ئێران هێرش ده‌به‌نه‌سه‌ر نووسینگه‌ی داواكاری گشتی

پیاوانی به‌ر هه‌ڵستكاری‌ئێران شه‌وی یه‌ك شه‌ممه به بازۆكه هێرشیان برده‌سه‌ر نووسینگه‌ی داواكاری گشتی ئێران بوه هۆی‌كۆشتن‌و بریندارگردنی ژماره‌یه‌ك له لێپرسراوانی‌نووسینگه‌كه كه به ئه‌شكه‌نجه‌دانی به‌رهه‌ڵستكارانی ڕژێمه‌كه ناوی ده‌كردبوو .

قسه‌كه‌ڕێك به‌ناوی ڕێكخراوی موجاهیده‌كانی خه‌ڵقه‌وه ووتی كه ئه‌وه دووه‌م هێرشه به‌رهه‌ڵستكاران جێ‌به‌جێ‌ی ده‌كه‌ن له ماوه‌ی پێنج ڕۆژدا دژ به باره‌گاكانی حكومه‌ت له تاران به‌بۆنه‌وه‌ی بیره‌وه‌ری كوشتنی دوو ئه‌ندامانی گه‌وره‌ی ڕێكخراوه‌كه ـ هه‌روه‌ها قسه‌كه‌ره‌كه ووتی نووسینگه‌كه كه تووشی زیانێكی زۆری مادی بوه ، به‌كێك بوو له باره‌گا سه‌ره‌كیه‌كانی گه‌وره‌ترین پیاوی ڕژێمی خومه‌ینی به‌پێی ئه‌وه‌ی لێپرسراوی ڕاسته‌وخۆی دووه‌م بوو به‌رامبه‌ر به كوشتنی پتر له (٤٠) هه‌زار له ئه‌ندامانی به‌رهه‌ڵستیكارو ئازاردانی (١٢٠) هه‌زار به‌ندكراو .

عه‌ره‌فات : پێشنیاره‌كانی مه‌نیك حسین ره‌فز نه‌كراوه

یاسر عه‌ره‌فات سه‌ره‌كی لیژنه‌ی ڕاپه‌راندنی ڕێكخراوی ڕزگاریخوازی فه‌له‌ستین‌ئه‌وه‌ی به‌درۆ خسته‌وه كه ڕێكخراوی ڕزگاریخوازی‌پێشنیاره‌كانی مه‌لیك حسینی ره‌فز كردبێ‌و هیچ لێپرسراوێكی فه‌له‌ستینی باداشتی به‌م مانایه‌ی نه‌داوه‌به نه‌ردن .

ناوبراو له عه‌مانه‌وه‌ڕای‌گه‌یاند كه به‌یوه‌ندی‌و گفتوگۆكردن له‌گه‌ڵ ئه‌ردن‌له هه‌موو پله‌كاندا نه‌وه‌ستاوه‌و به‌لگه‌شی‌ئه‌وه‌بووه كه خۆی ئه‌مه‌ی له كاتی سه‌ردانیا له عه‌مان‌ڕاگه‌یاندوه .

Institut kurde de Paris

لـە یادی خوێن‌ڕشتنەکەی شاری حماه لە لایەن ڕژێمی‌سوریای دڕندەوە .

ڕژێمی سوریاو ڕێبازی خیانەتکاری

لەم دوابیەدا گەلی سوریاو لەگەلیا هەموو شەرەفمەندێکی خاوەن باوەڕی مرۆڤایەتی یادی ئەو ڕۆژەیان کردەوە کە دەستی دڕندانەی تاوانکاری‌و خوێن‌ڕێژانەی ڕژێمی حافظ اسدی چەپەل گەیشتە شاری حماەو خوێن ڕشتنێکی بێ‌ڕەوشتانەی تیا بەرپاکردو بەوە جارێکی تر ڕووی نامەردی‌و بێ‌ڕەوشتی خۆی ڕەشتر کرد لە بەردەم گەلی سوریاو سەرجەمی نەتەوەی عەرەب‌و مرۆڤایەتی گشتی .

ڕێبازی خیانەتکاری ڕژێمی سوریا لای سەرجەمی دنیا ئاشکرایەو خیانەتکاری هەر باری گران نیە گەلی سوریا بەدەستیەوە دەنالێنێ بەڵکو ڕێبازی ڕژێمی جەلاد حافظ اسد لە هەموو کاروبارو هەلس‌و ـ کەوتیا لە ناوچەکەدا ئەوەتا نارەواترین هەڵویستی بێ‌ڕەوشتانەی نواند بەرامبەر گەلی فەلەستین‌و لوبنان‌و دوایی هەڵوێستی هەرە خیانەتکاری بەدەست تێکەڵی لەگەڵ ڕژێمی خومەینی جادووگەر دژی سەربەرزی‌و سەربەستی عیراق .

ئەو ڕێبازە خیانەتکاری‌یەی حافظ اسد وا بە ئاسانی ڕەت نابێ‌و ڕۆژی ڕاپەڕینی گەلی سوریا بۆ لە گۆڕ نانی ئەو دڕندەو تۆڵە کردنەوە ، لە هەموو تاوانەکانی نزیکەو سەرکەوتن بۆ خەباتی ڕەوای گەلە .

کومبینەکا جەماوەری ل دهوکێ ب بیرهاتنا شورشا ٨ شوباتێ

هاتە بێك ئینان سپیدەهیا ڕوژا شەمبێ ل ٩ـ٢ـ٩٨٥ کاروانەکێ ئیستەراضیی‌یێ مەزن ب بیرهاتنا ٨ شوباتێ یا بیروز کو ئەو بیرهاتنا (٢٢) یا بویکا شورەشا (٨) شوباتی‌و بیرهاتنا (٥) سالاڕێك ئینانا لەشکەرێ میللی وبیرهاتنا (٥) یا بەیانا میللی (الاعلان القومی) یا سەرەکێ قوماندار صدام حسین

دەست بێ کرن ژ ناڤ باژێری و چو بولایێ بارەکایێ قوماندارییا پارتا بەعسا عەرەبیا هەفپشکی ل تایێ دهوکێ و بێشس کەفتنا کاروانی هات وێنەکی مەزن یێ سەروکێ قوماندار صدام حسین و ب کومەڵەکا ئالایێت عیراقێ و ل بێشینکا کاروانی ڕێزێت تەلائیعا و فتووا و لاوا بورین و ل دیف وان ڕێزێت بنکەهێ ئێکێ یا لەشکەری میلی یا دەفەرا دهوکێ و ل دیف وان کومەلا بنکەهێ خەنسایێ یێ ژنکا ل دەفەرا دهوکێ و ل دیف دا شەرکەرێت بنکەهێ یێ دووێ بوری ل دیف بنکەهێ قەزا سمێلێ و یێ زاخو و باشی شەرکەرێت پولیسێت مرورا دهوکێ هاتن د خەمالاندی شەرکەرێت بولیسا یارێزکەهی هاتن و باشی جەند تومبێلێت نەڤدا دهوکێ هاتن د خەمزندی ب وێنێت سەروکێ قوماندار صدام حسین ی و هەتا کەهستینە بارەکایێ پارتێ ل بەراهیا وان ڕاوەستای بو بەرێز نامق ڕەقیب سورجی پارێزکەهێ دهوکێ و هەڤال ئەمینداریێ کشتیێ یێ پارتا بەعسا عەرەبیا هەفپشکی و هەڤال ئەندامێت قومانداریێ ل دهوکێ . و هەڤال ئەمینداریێ کشتیێ یێ پارتێ ل دهوکێ ڕابو ناما سەروکێ قوماندار صدام حسین ی خواند ئەوا کوتی بو ڕوژا دەولی یا کەنجو لاوا کو ئەف ڕوژە ش سالا ١٩٨٥ دانا بوروژا قوتابیا و لاوا .

جسیم ابراهیم دوسکی
لەقێ دهوکێ

گەف وگوپێن تەهرانێ هەتا گیڤ دگەهن

مختار فایق

جارەکا دی .. سەرۆکێ ڕژێما ئیرانی ـ خامەنەئی ـ بۆریزانا خۆ بدەستێ خۆ گرت‌و گەف‌و گوڕی ل عیراقێ کرن‌و گۆت کو ڕژێما ئیرانی دێ باژێرێ بەسراو هندە با ژێرین دی ژی تۆپ باران کەت ..

دیارە ـ خامەنەئی ـ ژبیرکر کو هەرڕۆژ فرۆکێن عیراقی ببستەیی دهێن‌و دچن .. وژبیرکر کو عیراقێ ڕێك‌و ئامیرێن تایبەتی یێن هەین کو هۆ لرژێما ئیرانی کری .. هاوار بکەت‌و گەف‌و گوڕی‌یێن ڤالا بکەت .. هەر چەوا بیت دیارە حاکمێن ئیرانێ دڤێن دبەردەوام‌بن لسەر دژمن‌کاریا خوە دژی عیراقێ هەتاکو نەفەسا دویماهێ ژ بێهنا وان .. هەروەسا وان نەڤێن چو دەرس‌و عیبرەتا وەرگرن ژوان دەرسێن پالەوانێن عیراقی داینە وان‌و ئەو شکەستن‌و سەر شۆڕی‌یا وان دیتی لڤان پێنج سالان دا .. ئو ئەگەر هات‌و سەرۆکێ ڕژێما ئیرانی وەسا بزانیت کو عیراق دێ بدلەکێ بەرفرەهە لبەرانبەر وان کارێن وانێن دژمنکاری دێ ڕاوەستیت ئەو گەلەکێ خەلەتە .. چنکو عیراق ئێدی ژ ئەڤرو پێڤە .. بێدەنگ نابیت‌و ئەگەر ئەو دربێن لکەرتێ ناڤەراستی‌و ژێری مە دانابنە ئیرانێ پێڤە نەچن‌و بخۆ نەگەنە دەرس .. عیراقێ بریارا خوە یا دای فێ جارێ کو سەرێن وان بهەرشینیت ودربێن وەتوف دانتە دژمنی .. کو مەزنترین زەرەرو زیان بگەهینە ئیرانێ‌و ئابووریا ئیرانێ .

لێ حاکمێن ئیرانێ دیارە خەونێن خرابێ دبینن بعیراقێ ڤە .. بەلێ عیراق دزانیت کا دێ چەوا .. وکەنگی و ل کیڤە دێ دربا خوەیا سەرانسەر دانیت‌و مەژبێ دژمنان بهەرشینیت . ودێ وان وەتوڤ گوننەهبار کەت‌و تەنگاڤ کەت کو وان ئێدی چو حەجەت نەمینن .. لبەرانبەر مللەتێن ئیرانێ .. حاکمێن ئیرانی ئەڤ گەف‌و گوریەل عیراقێ کرن داکو کورێن مللەتێن ئیرانی مژویل بکەن ژوان گرفتاری و تەنگاڤی‌و ئالوزی‌یێن بەلاڤ بۆین دئیرانێ‌داو جالدا ئیرانی هەروو خۆنبشادان‌و نەرازی‌بونا دبینت دژی کارو کارەساتێن حاکمێن تەهرانێ‌و ئەو زولم‌و زۆرداریا ل ناڤ ئیرانێ دهێنە کرن دژی مللەتێن ئیرانی‌و ئەو کوشتن‌و سەربڕینا هەروو لێ دهێتە کرن . ڕژێما ئیرانی دژمنکاریا خوەیا زێدەکری لسەر عیراقێ و گوندو باژێرێن عیراقێ توپ باران‌کر برەنگەکی کو ئێدی عیراق قەت نە شێت بنەرمی بەرانبەر فێ چەندێ بخەبنت .

ئو ئەڤروکە جیهان هەمی پشت‌گیری‌یا عیراقێ دکەت دهەر بریارەکێدا کو عیراق بدەت‌و هەر ڕێکەکا عیراق بگریت بۆ ڕاوەستاندانا فێ دژمنکاریێ وراگرتنا شەڕی‌و ڤەگەڕاندنا ئێمناهی و تەناهیێ بۆ دەڤەرێ .. نەخاسمە ئە وگەف‌و گوریێن ڕژێما ئیرانی دکەت .. وەکو هەولدانەکێ‌یە بۆ شکاندنا وێ پەیمانا ڕاوەستاندنا توپ باران کرنا گوندو باژێران وباکو ئەڤ پەیمانە لژێر زیرەڤانیا نەتەوەیین ئێك گرتی هاتبۆ کرن .

ڕژێما ئیرانی .. وەتوڤ تێدگەهیت کو بڤان کارێن دڕندەو نەمرۆڤایەتی دێ شێت دربێ دانتە عیراقێ و دەمێ شەڕی درێژ کەت .. بەلێ ئەڤ فرت‌و فێلە لسەر عیراقێ نابۆرن‌و بەلکو بتر دێ هێزو شیانا عیراقێ زێدەکەت بۆ دربەکا مەزنتر کو دانتە ئیرانێ‌و حاکمێن ئیرانێ گێژو هێڕ ببن‌و زوی‌تر بەرەڤ شکەستن‌و هەرڤێن‌و سەرشوریێ بچن ..

ئێران لە ناوەوە

● فؤاد حسین ●

لەجەنگی دوژمنکاریی ئێران دژی عیراق ڕاستیەکی گەورە هەیە پێویستی بە بەڵگەو بیرکردنەوە یان پشکنین بەدوای بەڵگەدا ناکات .. ئەوەش دۆزاندنی ئێرانە لەشەڕەکەدا .. هەرچەند خۆیشی گومڕایانە سورە لەسەر بەردەوامی‌ی جەنگ .. !

ئەوە بەسە بڵێین ئێران ئەمە چەند جارێکە بە هەزارەها هەزار لەسوپا و تانگ‌و چەکی نوێ ئامادە دەکات‌و هێرشی خۆی دەبات بۆ ئەوەی خاکی عیراق داگیربکات.. بەلام لەهەر جارێکیدا بەشێوەیەکی ئێجگار خراپ سوپاکەی دەشکێت‌و ئەوەی کە زور کەمە دەمێنێتەوە بەسەرشۆڕی دەکشێتە دواوە ..

ئەوە بەسە بڵێین بۆچی ئێران ناتوانێت دورگەی خەرگ لە گەمارۆدانی هێزی عیراقیەکان ڕزگاربکات ...

هەروەها بەڵگەش بۆ شکەستی باری ناوەوەی ئێران دبسان گەلێکن دۆخی دەستکورتی‌ی سوپاکەیان ئاخرینیان نی‌یە کە توشی نائومێدی‌و نیگەرانیەکی ترسناك‌و کوشندە بوون ..

بەلام ئێرانی سەرشۆڕو پەك‌کەتوو لەجەنگ هێشتا لە دروشمە پڕ لەچاوچنوکی‌و ئاوات‌خوازیەکانیان بۆ هەرەشە‌و گوڕەشە‌و داگیرکردنی وولاتانی دورگەی عەرەب وازی نەهێناوە هێشتا دووبارەی قسەکانیان دەکەنەوە کە عیراق بووەتە پەرژینێکی پۆلایین لەڕووی ئامانجەکانیاندا .. هێشتاو ئەمە چەند جارێکە محسن ڕضائی دانی پیادەنێ‌و دەڵێ عیراق بووەتە قەڵەیەکی پتەو و بەهێز بەرانبەر بە جێ‌بەجێ‌کردنی پیلانەکانمان ئەویش دروست‌کردنی ئیمپراتوریەتێکی ئیسلامی‌ی فراوانە ... هێشتا بیرلەوە دەکەنەوە بەشکو شتێکی نوێتر بدۆزنەوە بۆ ناردنی « شۆڕشەکەیان » ناردنی تۆقاندن‌و کوشتن‌و هەراوهۆریا بۆ ناوچەی دورگەی عەرەب .. لەڕاستیدا چەند جارێك هەوڵی ئەوەیان داوە بۆ ئاژاوە نانەوەو داگیرساندنی ئاگری بۆگەنی‌و خراپەو چاندنی تۆی نائارامی‌و نائاسایش لەم ناوچەیەدا .. وەکو هەوڵدان لە ڕێگای پیاوکوژەکانبانەوە بۆ دزینی فرۆکەکانی عەرەب ، یان هەڵسان بە کردەوەی لەغم‌دانان لە کویتدا یان پیلان دانان دژی سەربەستی‌ی بەحرین ، لەغم‌کردنی دەریای سورو قەناتی سویس .. هتد .. !!

بەلام لە هیچکامیاندا سەریان نەگرتووەو پیلانەکانیان ئاشکرا بوونەو تووشی نوشستی‌و نائومێدی‌بوون .. و لەسەرانسەری جیهاندا باسی گەوچێکی‌و شێتی‌و بێ‌ئەقڵیان دەکەن . و دەڵێن ئەمە هەورە چڵکنێکە لەئاسمانی گەلانی ئێرانداو زۆر ناخایەنێت لەناودەچێت .. ! هەر خۆی لەناودەچێت !

ڕۆژی ـ پاشماوە

ئەمەو لەماوەی ئەم هەفتەیەدا هێزە دڵیرەکانمان لە هەموو بەرەکانی تری جەنگ بەردەوام بوون لەلێدانی توندی بنکەو مولگاکانی دوژمن‌و زیانی سەرو ماڵی زۆری لێ داون هەر لەم هەفتەیەدا لیوای ٦٠٦ی پاڵەوان مەردانە تەقەللایەکی دوژمنی گۆر کرد کاتێ ویستی زەفەر بە بنکەکانی پێشەوەی بەرێ بەلام جەنگاوەرەکان مەردانە لێیان هاتنە دەست‌و کردیانن بەپەندی زەمانە .

لەم هەفتەیەدا هەڵۆ بەتواناکانمان سێ نیشانەی دەریایی یان لە خوارووی دوورگەی خەرجەوەیتکاو هەر هەڵۆیەك لەم هەڵمەتانەدا بەشدار بوو دوای ڕاپەراندنی ئەرکی خۆی بەسەلامەتی گەڕاوەتەوە بنکەکەی خۆی .

هەر هەڵۆ بەتواناکانمان لەم هەفتەیەدا لەکەرتی ناوەراست‌و خوارووو ١٦٨ هەڵمەتی سەرکەوتوانەیان بردۆتە سەر بنکەو مولگاکانی دوژمن‌و زیانی سەرو ماڵی زۆری لێداون‌و چەندان بنکەو سەنگەریان وێران کراوە .

بنکە تۆپەکانمان ئاگری تورەیی عیراقی‌یەکانیان بەسەر دوژمندا باراندوەو زیانی زۆریان پێ‌گەیاندون

لەم هەفتەیەدا چەندان دەستە لە سەربازەکانی دوژمن لە دۆزەخی خومەینی جادووگەر دەرباز بوون‌و لەسەر سنوور خۆیان داوە بەدەست هێزەکانمانەوەو گەیەنراونەتە هیلەکانی دواوە .

ڕەجەوی ـ پاشماوە

ساڵەی شۆڕشی ئێرانەوە کە خومەینی دژی ووتی خومەینی توانی شۆڕشی ڕۆڵەکانی گەلانی ئێران بدزێ‌و بە ئاوات‌و ئامانجەکانی گەلەوە لاف‌و گەزاف لێدات.

سەرەکی ئەنجوومەنی بەرگری نیشتمانی ئێرانی دووپاتی کردەوە کە سەرسەختی ڕژێمی خۆمەینی ـو سووربوونی لەسەر بەردەوامی جەنگ دژی عێراق بوە هۆی کوشتنی زیاتر لە نیو ملیۆن ئێرانی‌و بریندارکردن‌و سەقەتکردنی نیو ملیۆن کەسی ترو بوە هۆی زیانێکی ماوی ئەوتۆ زیاتر لە دەیان هەزار ملیار تومان .

هەروەها بەرێز ڕەجەوی دووپاتی کردەوە کە سیاسەتی ڕژێمی خومەینی سەرپاکی کشتوکاڵی ئێرانی لاوازکرد ، ئێران لە ساڵی ڕابووردودا زیاتر لە دوو ملیۆن تەن ئالفی لەدەرەوە هێناوە سەرەڕای ناردنی پەموی ئێرانی بەرادەیەکی زۆر کەمی کردوەو .

بەرهەمهێنانی ڕاوەستاوە لە (٩٠) ملیۆن هکتار زەوی کێڵکەکان شازدە ملیۆنی هیکتاری بەتەواوەتی وێرانکراوە .

هەروەها بەرێز ڕەجەوی لە نامەکەیدا دووپاتی ئەوە دەکاتەوە بەشێکی زۆری پیشەسازی ئێران هەرەسی هێناوە لە ماوەی حوکمداریەتی خومەینی‌و توانای بەرهەمهێنان بەرادەی ٨٣ لە سەدا کەم بۆتەوەو ناردنی نەوت بۆ دەرەوە ئێستا بەپێی شتومەك هێنان لە دەرەوە یەك لە سەدە .

عیراق ـ پاشماوە

بۆ (٢٨) دۆلارو مانەوەی نرخی نەوتی قورس هەروەکو خۆی کە (٥ر٢٦) دۆلارە لەگەڵ کەمکردنەوەی دەلاقەکانی نرخ لە نێوان نەوتی زۆر سووک (ئەفریقیا) و نەوتی عەرەبی قورس لە (٤) دۆلارەوە بۆ (٤ر٢) دۆلار بۆیەك بەرمیل.

هەروەها بەرێز وەزیر دەسنیشانی ئەوەی کرد کە نرخە سەرەکیەکانی نەوت دیاری دەکرێ بەپێی جیاوازی جۆرو شوێنی جوگرافی ..

ڕووداوەکانی دنیا .. بەوێنە

ئەوروپا لە سەرمادادەلەرزێ

گەردەلولی بەفراوی‌و بەفرباریني قورس زوربەی هەرە زۆری‌ئەوروپای گرتۆتەوەو ئەم زسانە ئەوەندە سەختە سەرجەمی ئەوروپا لە سەرمادا دەلەرزێ ئەم دووێنەیە بەڵگەی ئەوەن ، لە لایەك بەفری باری لەلایەك خەڵك لە سەرمادا خۆیان پێچاوەتەوە .

Institut Kurde de Paris

دەقی وتەکەی هاوڕێی فەرماندە صدام حسین لە کاتی بەخشینی نیشانەی حزب بەدەستەیەك لە تێکۆشەرە بەعسیەکان

عیراق لە پێناو ئابروویدا گەلێ رووباری خوێنی بەخشی

سڵاو لەو هاورێیانەی زیاتر لە ٢٥ ساڵیان لە حزبدا بەسەر بردووە ، ٢٥ ساڵ لە تەمەن ، وانیە ؟ هەندێ لە هاورێیان زیاتر لە ٢٥ ساڵیان لە تێکوشاندا لە حزبدا بەسەر بردوەو هێشتا لاون چونکە ئەو بیروباوەڕەی لە پێناویدا تێکوشان بیروباوەری لاوەو ناکرێ پیربێ .

هەموومان حەقمانە شانازی بکەینو شوکری خوا بکەین کە ئەو بیروباوەڕەی بەر لە ٢٥ ساڵ بریتی بوو لە خەون ئێستا بۆتە حەقیقەتی بەرچاو لە هەموو سەرجەمی ژیانی کۆمەڵەدا کە ئێوە ئەی هاوڕێیان رابەری دەکەن .

کەواتە ئەم درەختە گەورەیە تۆوەکەی بەر لە زیاتر لە ٢٥ ساڵ دەستی پێ کرد ئەرك لە سەرشانمانی دادەنێ لەم جۆرە بۆنەیەداو لە بۆنەی تری بەم جۆرەدا رێزی بالامان دەربڕین بۆ ئەو پیاوانەی بۆ یەکەمجار حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالستیان دامەزراند .

بەرێزی بالاوە رایبگەیەنین کە ئێمە هەموومان قەرزاری ئەو پیاوانەین لە حزبدا لەو زەمانەدا خەباتیان کردوە بەر لەوەی ئێمە بچینە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالستەوە .

● حزبی گەل ●

ئەوەی رێگا دەکاتەوە ، بێگومان وەك ئەوە نیە بەرێگاکەدا ئەڕوات ، هەرچەندە رێگای ئێمە وا نەبوو کێ رێگا بکاتەوەو کێ چاوەرێ بکات بیگرێتە بەر چونکە کاری تێکۆشان کاری رێگا کردنەوەیەو پێشکەوتنی سەختی خوێناوی لە کۆڕی ڕووداوی زانراودا لە مێژووی تێکۆشانی حزبەکەماندا حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست .. شوکری خوا دەکەین ئەم حزبە هەر بە حزبی بەعسیە رێکخراوەکان نەماوەتەوە بان ئەوانەی زیاتر لە ٢٥ ساڵیان لە حزبدا بردۆتە سەر بەڵکو بە حەق بۆتە حزبی گەلی لەم پەڕیەوە بۆ ئەوپەری لە ناوەراستی هۆرەوە لەسەر سنوور کە بە هێزەوە تفەنگ گیراوە بەدەستەوە بۆ بەرگری لە بیروباوەڕو لە خاك تا دوورترین نوختە لە نیشتمانی عیراقدا .

ئەو پیاوانەی (٢٥) ساڵو بەرەو ژوریان لە حزبدا بەسەربردوە بەسەر هاوڕێکانیانەوە هەیە ، بەتایبەتی ئەو هاورێیانەی دوای شۆڕش هاتنە رێزی حزبەوە ، چونکە ئەوان دووجار تێکوشاون جارێك لە کاری نهێنیدا بە هیوای بەدیهێنانی بیروباوەڕی حزبو جارێکی تر لە بیناکاری رێگاو شێوازو گۆڕینی بیروباوەڕ بە وردەکاری زیندوو لە کۆمەڵی عیراقدا تا بیروباوەڕ ببێتە حەقیقەتی دیار لە دوای شۆڕش .

● بەرپرسیاری شەرەفمەندیو ئەمانەت ●

ئەو حزبیانەی لە پێناوی پاراستنی بیروباوەڕدا دوای شۆڕش تێدەکۆشن ، لە پێناوی حەقیقەتێکی دیاردا تێدەکۆشن کە دەربڕی بیروباوەڕە بەڵام ئەو هاورێیانەی کە تێدەکۆشان بە حزبەوەو جەماوەری گەلیان رابەری دەکرد بەر لە شۆڕش وردەکاری بیروباوەڕ زۆر دیارو بینراو نەبوو لە سلوکو لە وێژدانو لە عەقڵیاندا نەبێت ، چونکە لە مەوقعی دەستەڵاتداریەتیدا نەبووین بەڵام ئەی هاورێیان هەروەك بەرپرسیاری شەرەفمەندیبە دیسان ئەمانەتیشە دیسان مێژووی درێژتان کە دەگەڕێتەوە بۆ ریاتر لە ٢٥ ساڵی خەبات مانای ئەوەیە زیاتر لە (٩) ساڵی خەبات بوە لە کاری نهێنیداو لە کاتێکدا شانازی بەوەوە دەکەن لەسەرتانە ئەوە بخەنە بەرچاوو لە وێژدانتاندا ئەوەی قورسایی ئەم ساڵە درێژانە لە ئەستۆ بگرێ لە خەباتدا لە سەریەتی لە هەڵسوکەوتیا بەرامبەر ئەمانەتی بەعسی بالاتر بێ لە رادەی ئەو ئەرکەدا کە هەڵسوکەوتی پێ دەکرێ لە لایەن هاورێیەکی حزبیەوە لە تەمەنی لەو تەمەنە کورت تره .

کە هەست بە هەڵەیەك لە غەیری خۆیەوە دەکا نابێ هەڵسوکەوتی بۆ چارەسەی هەڵەکەهەمان زەمەن نەبات کە لە سلوکی هاورێیەکی حزبیدا بە تەمەنێکی کورت تر دەیبات بەڵکو خێراترو لەسەربەتی خۆی بەو حزبیانە بەراورد نەکا تەمەنی حزبایەتیان کەمترە لە حزبیەتی ئەو بۆ مەبەستی بیانوو دۆزینەوەی بۆ هەر هەڵەیەك دەیکا بەو بیانوەوەی کەسانی تری حزبی هەڵەی وا دەکەن ، چونکە ئەمانەتی بەرپرسیاری لەسەرشانیو شەرەفی وا فەرز دەکا ئەو بالاتر بێ بەراوردی خۆی بکا بۆ مەبەستی سەرکەوتن بە تەنیا کە دەبینێ حزبیەکی تەمەن لەو کورت تر خەبات دەکاو قوربانی دەدا بان کاتێك دەبینێ هاوولاتیەکی عیراقی باوەڕی بەبیروباوەڕەکەی هەیەو لە پێناویا خەبات دەکاو دەجەنگێو قوربانی دەدا پێویستە لەخۆی بپرسی ئەو لە چاو کەسانی تردا چیە کە وای لێدەکا لەوان باشتر بێ لە مەیدانی قوربانی دانو بەخششداو لە هەموو مەیدانەکاندا بە هەڵگرتنی چەکەوە بۆ تەقەللای رۆژانە کە فەرزە بە ئەمانەتەوە لە هەڵسوکەوتو بەرپرسیاریدا لە هەموو گۆشەکانیا هەڵسورێ .

● خزمەتی عیراقیەکان .. خزمەتی بیروباوەڕە ●

ئاواتەخوازم ئەم پرسیارە لە بیر هیچمان نەچێتەوە چونکە پرسیارێکی پێویستە بۆ مەبەستی ئەوەی هەر راست لە ژیانو لە هەڵسوکەوت کردندا بەبیروباوەڕ بمێنینەوە لەبەرئەوە پێویستە هیچ هاورێیەك نەڵێ من زیاتر لە ٢٥ ساڵم بەسەربردوە کەواتە کاتێ هەڵە دەکەم دەبێ زیاتر لە کەسانی تر لێم ببوردرێ ، نەء ، حزب ٢٥ ساڵ داوات لێدەکاتو گەلی عیراق ٢٥ ساڵ داوات لێدەکا چونکە تۆ ٢٥ ساڵ لە حزبدا پەروەردەبووی فەرزە ئەمانەتت بالاتربێو ئەمینبێ لەسەر سوودی گەلی عیراق بە رادەیەکی بالاتر لە کەسانی تر کە تەمەنی حزبایەتیان لەو تەمەنە کەمترەو تۆ کە خزمەتی عیراقیەکان دەکەی بەوە خزمەتی بیروباوەر دەکەی بەخێرایی‌ترو بالاترو وردتر ئەمەبە هاورێیان بە کورتی لەسەرتانەو بۆتانە .

● پێویستە هەست بە مەزنی بەرپرسیاری بکەین ●

ئەو شتەیە شانازی پێوەدەکەینو هەموومان شانازی پێوە دەکەینو هەروەها عیراقیەکان چونکە عیراقیەکان ئێستا مێژووی حزب بە بەشێك لە مێژوویان تێدەگەن لە هەمانکاتدا ، حاڵەتی بەرامبەر ئەوەیە ئێمە لە سەرمانە هەست بە مەزنی ئەو بەرپرسیاریە بکەین لە سەرشانمانە لەبەر روونای ئەو بیروباوەڕەی ئیشارەتم پێدا بۆ ئەوەی بە ئەمانەتی بالاوە هەڵسوکەوتی بەرامبەر بکەین .

بنەڕەت ئەوەیە هەر کەسە لە ئێمە لە خۆی بپرسێ چەندە دا وا لێکراوە بۆ بیروباوەڕ لە هەمان کاتدا لە سەرمانە لە قەناعەتێکەوە دەست پێبکەین کە کەسمان نیە لەوانەی لەم هۆڵەدان ، یان لە دەرەوەی لە منەوە قەرزی لەسەر بیروباوەر هەبێو هەبێ لەناواماندا هەیە قەرزی بیروباوەڕی لە رادەی کەمدا داوەتەوەو تیاماندا ژمارەیەکی کەم هەن کە داوا لێکراوە بۆ بیروباوەڕ .

چونکە ئەوەی پێشکەش دەکا یان سەعاتی کاری زیاد پێشکەش دەکا یان زیاتر لە خۆی دەپرسێ تەوە بان خودی خۆی پتەو دەکا بە رادەیەکی بالاتر یان خزمەتی گەورەتر پێشکەش بە عیراقیەکان دەکا .

ئایا ئێمە لە پێناوی ئەوەدا هاتین ، باوەڕ ناکەم هیچ کەسێ لە ئێمە لەوەپێش تێکۆشا بێو مەسەلەی بەرپرسیاری لە مەوقعی دەسەڵاتداریەتیدا بە بیردا هاتبێ ، هەرگیز ئەم پرسیارەی لە خۆیدەکرد . ئەگەر ئەم پرسیارەمان لە خۆمان بکردایە ئەوەنە ئەبوو کە بوو باری ئێمەش هەروەك ئەو حزبانەی تر دەبوو کە لە عیراقدا دەرکەوتنو رەوانەوەو رۆشتنو وەك ئەو حزبانەی تر کە لە نیشتمانی عەرەبیدا پەیدابوونو رەوانەوە .

ئەو ئامانجانەی حزب رایدەگەیاندن ئاواتێکی گەورەبوو بێندەی ، رەگەزی هێزی ئەساسی لە حزبەکەتاندا ئەوەیە حزبەکەتان هێشتا لاوە چونکە ئەو بیرو باوەرو هەڵسو کەوتە بەکارانەی دەیکردن لە ژیان دواکەتوونە بوون بەڵکو لێی پێشکەوتووتر بوو لە روانینو بۆ چونداو هەتا پێشکەوتووتر بوو لە کەسانی تر لەوانەی لە ژیاندا دەژین لە هەڵسو کەوتیشدا کە حزب دەیکاو بەبیریاندا نایەت .

خاڵێکی‌تر ، هاورێ یان کە دەمەوێ لەم جۆرە بێ گەیشتنانەدا دوو باتی بکە مەوە ئەوەیە ئێوە بەر لە شۆڕش ساڵانی دوورو درێژ خەباتتان کردو گیرانو سزادرانو دەربەدەر بوونو برسیبوونو زۆر لە هاورێیان دەرکران تارادەی ئەوەی پارویەك نان نەبوو بۆ منداڵەکانتان کە رادەی هەرەنزمی ژیانی مرۆڤایەتی بۆ مرۆڤ زامنبکاتو هەموو عیراقیەکان لە گەڵتاندا خەباتی نەدەکرد بەڵام لەوەی پەیوەندی بەبیرو باوەڕەوە هەبە بەچاو پۆشین لەناو جا بیروباوەڕی حزبی بەعسی یان بیروباوەڕی‌تر عیراقیەکان هەموویان دەیان وبست رۆژێ بێت لایەنێ حوکمی بکات بەکەم خاڵ زامنی بکا عەدالەت بێ لەنێوان عیراقیەکانداو خۆشیو سەربەرزی لەگەڵدا بەدیبێنێ هەندێکیان وەك جەماوەری گەل تێدەکۆشان بۆ بزوتنەوە وە نیشتمانیەکانو هەندێکی‌تر یان خەریکی ژیانی ئاسایی بوون چی موچە خۆربوو بن یان کربکار یان جوتیار هیوای ئەوەبان هەبوو حاڵەتێکی غەیری ئەوحاڵەتە بێتە کایەوە کە تبادەژیان بەڵام هەموو گشتی یان خەباتیان نەدەکرد لەگەڵ بزوتنەوە شۆرشگیرەکان کە لە پێشەوەیان حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالستبوو .

● تێڕوانینێکی تازە ●

شۆڕشی تەمووزی ١٩٦٨ بەو شێوەیە هاتەدی کە ئاشکرایە کە هەندێ شۆڕشگێڕ هەڵیان کوتایە سەر کۆشکی کۆماریو رژێمیان ڕووخاندو رژێمێکی تازەیان داناو رێگایان لەبەر بارێکی تازەدا کردەوە لە عیراقا بەڵام باش قادسیە هەموو عیراقیەکان بوون بە تێکۆشەر ئەوە نەبێ کە خەباتەتی لە خاکی نیشتمان کردبێو بەخوێن نرخی عیراقیان بژارد ئەوەی مارەبی شتێك بە خوێن‌بداو لە خوێن بەنرخترینو هەر کەرامەتو شەرەفە .. ئەوا نرخێکی زۆری‌داوە ئێوە پێش قادسیە خزمەتی عیراقیەکانتان کردووەو خۆشتانویستوون بە تێڕوانینێکی تازە کە بریتیە لەوەی کە هەموو عیراقیەك نرخی نیشتمان دەدا کە عیراقە .. نرخی رەوتەکە نرخی ئەم بنیانە بالایە نرخی ئاسۆی پاشەڕۆژی کراوە .. عیراقیەکان ئێستا بەخوێن دەیدەن بێ ئەوەی سەبری ئینتیمای هونەری بکەن یانی بەو مانایەی ژمارەی ئەوانەیان کە لە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالستدانو ئەوانەی تریان چەندن کە لە حزبدا نین هەموو عیراقیەکان لە قوربانیدانو تێکۆشانا لە ژێر ئاڵای عیراقدا کە ئەوسایشو ئێستایش دارەکەی بریتی بووە لە خوێنی شەهیدان .

ئەم ئاڵایەی کە دارەکەی بریتیە لە خوێنی شەهیدان هەر دەشەکێتەوە بەڵام عیراقیەکان ئێستا یەکسان لەگەڵتاناو سەرکەوتن بریتیە لە سەرکەوتنی بیروباوەڕو رادەیەکی بالاتر لە گەیبوبدا .

جۆرەها بارودۆخ بەسەر هێزە چەکدارەکانا تێپەڕی .. لە هەندێ وەحەدەدا شەڕکردنو بەرگری بە کۆمەڵ نەبوو بەڵکو بە تاك بوو وابووە فەوجێکی تەواو کشاوەتەوە بەڵام دە کەسی کەلەمێرد لەو فەوجەدا دەرکەوتوونو لەوکاتەدا کە سەبر دەکەی خەڵکی دۆژ دادەمێنن ئەوان دەبینی بەرەوپێش دەڕۆنو هەموو فەوجەکە ئەبێتەوە بە بەشێکیانو بۆ ئەوەی نیشانەیەك بە رەوایی بەسەر رێگادا بچەسپێنین دەڵێم هەموو ئەوانەی کە بەتەنهاو شەرافەتمەندیو ئازایی شەڕیان دەکرد بەعسی رێکخراو نەبوون بەڵام بۆ مێژوویش دەڵێم ئەو بەعسیە تێکۆشەرە شەریفانەی کە لەپێناوی بیروباوەڕی حزبدا هاتوونەتە حزبەوە یەك لەبەر مەبەستێکی‌تر لە پێشەوەی ئەو پیاوانەود بوون کە رەوتیان بەرەوپێش دەبردو بە شکان قابل نەدەبوون .

● ئەرکێکی دووفاتتان لەسەرە ●

هاورێیان کەوابوو ئێستا ئەرکێکی دووقاتتان لەسەرەو گرنگترین شتێ کە دەبێ چاودێری بکەن کەرامەتی عیراقیەکانە کە هەبووە لەوکاتەوە کە عیراق بەدابووە بەڵام بارو دۆختان بۆ رەخساندووە بە قوربانیو تێکۆشانتان پێش شۆڕش . کە ئەو ترسنش رووبدا جۆرە بارودۆخێکی تازە پەیدابوو بەجۆرێ کەرامەتی عیراقیەکان بەشێوەیەکی جیددی بنیات نراو ئەمەیش دەسمایەیەکی گەورەیە بۆ عیراقو ئەو بیروباوەڕانەتان کە بوون بە بیروباوەڕی گەل پێویستە بیانپارێزنو رێزیان لێبگرنو دەبێ ئەوەی لە هەموو شتێ زیاتر تووڕەتان بکا دەستدرێژی کردن بێ بۆ سەر کەرامەتی عیراقیەکان چونکە نە ئێمەو نە عیراقیەکان رێگای ئەوە دەدەن کە هیچ کەسێ دەست لە کەرامەتیان بدا چونکە ئەوان ئەم جارە بە رووباری خوێن نرخیان داوە .

ئەمە ئەو حاڵەتەیە کە ئەوساو ئێستایش خەباتی بۆ دەکەن لەبەر ئەوە دەبێ بیپارێزنو پێویستە لەسەرتان حزبیە تازەکان ئاگاداربکەنەوە کە نابێ خۆیان بەزل بزانن بەرامبەر بە عیراقیەکانو دەبێ ئەوە بخەنەوە بیریان کە ئەم وێنەیە چۆن وردە وردە گەیشت بەمە بۆ ئەوەی وانەزانن عیراق بە چاوترووکاندنێك‌و لەنێوان شەوو رۆژێکدا گەیشتە ئەم بنیاتەی ئێستایو گەلی گەیشتە ئەم حاڵەتەی ئێستایو حیکابەتێکتان بۆ دەگێڕمەوە .

جارێ یەکێ بوو بە میوانی یەکێ ئەویش قاپێ هەنگوینی لە بەردەما داناو ئاشکرایە ئەو ڕووبارە هەنگوینی نیە بەڵکو هەر قاپێکی هەموو بە ماندوویی‌یەکی زۆرەوە کۆی کردبووەوە کابرای میوانیش دەستی کرد بە کولێرە هەڵدانو ژەندنی بە هەنگوینەکەداو خواردنی کابرای خاوەن ماڵیش دەستی‌گرتو وتی وا نابێ بەو شێوەیەی دەیکەی .. میوانەکە وتی خەریکی خواردنم ئەمیش وتی خواردن وانابێ چونکە من ئەم هەنگوینەم لەبۆری ئاوەوە بۆ نەهێناوی بەڵکو دڵۆپ دڵۆپ کۆم‌کردووەتەوە لە هەنگێکی بچووکی ئەوەندەوەو ئەگەر تۆ بەیەك جار ئاوا بیخۆی ئیتر قاپێکی تر هەنگوینت لە کوێوە بۆ بێنم .

● تێکۆشان لە پێناوی بیروباوەڕدا منەتی تیا نیە ●

کەوابوو هاورێیان ئەوە بخەنەوە بیری لاوە تازەکانو بیخەنەوە بیری بەعسی‌یەکان کە ئەم حاڵەی کە عیراقی تیا دەژی بەو ئاسانی‌یە پەیدا نەبووە کە بە بیربانا دێ بیخەنەوە بیری کوڕەکانتان لەکوڕانی ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو سەرکردایەتی حزبەوە تا کوڕەکانتان کەوا هیچ فەزڵێکیان نییە بەسەر عیراقیەکاناو ئەگەر بڵێین فەزڵێك هەبێو من وتم هیچ یەکێکمان فەزڵێکی نیە چونکە تێکۆشان لەپێناوی بیروباوەرا منەتی تیانیەو ئەگەر رێزیکی تایبەتی هەبێ لەبەر مێژووی تێکۆشان ئەوە هی باوکیەتیو هی خۆی نیەو پێویستە لەسەری مێژەوی تازەی بنیاتبنێو مافی ئەوەی نیە دەستدرێژی بکاتە سەر عیراقیەکان یا هەستی عیراقیەکان بریندارکا هەتا ئەگەر تۆزێکیش بەڵکو ئەگەر کە ئۆتۆمبیلەکەیشی بخوڕێ لە شەقامدا دەبێ لەسەرخۆ لێی بخوڕیو پەلە نەکاو خۆی بە گەورەتر نەزانێ لەخەڵکی چونکە ئەو کەڵە پیاوانەی لە بەردان لەو باشترن چونکە هێشتا بەخشندەییمان لەم نەدبوە .. چونکە هێشتا بچووکەو ئەوە نازانێ ئایا ڕەگەزێکی بەکەڵك دەبێ یانا لەکاتێکدا کە عیراقیەکان شەڕیان کردووەو خوێنیان لە پێناوی بیروباوەڕی شۆڕشدا ڕشتوە کە بیروباوەڕی ئێوەو ئەوانە .

دەبێ زۆر لە هەموو کەسێ تووڕەبن کە ئازاری عیراقیەکان دەداو دەبێ چوار ئەوەندەی پێش قادسیە تووڕەبن لەهەر کەسێ ئازاری عیراقیەکان بدا یا تۆزێ زیانیان پێ بگەیەنێ .

جارێکیان کرێکارێ یا مووچە خۆرێکی بچووك شکاتی لە یەکێ لە ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕشو ئەندامی سەرکردایەتی قوتری کرد ئەمە پێش سێ ساڵو ئێستا لە ناوتانایەو وتی فلان قسەی پێ وتم منیش موعامەلەکەم خستە بەردەممو لە رۆژی داهاتوودا سەیریم کردو نزیکەی دوو هەفتە بیرم لێکردەوە چونکە من لەگەڵ هەندێ موعامەلەدا عادەتم وایەو لە خۆمم دەپرسی ئەمە عیراقیەو شکاتێکی بەرامبەر ئەندامێکی سەرکردایەتی قوتریو ئەندامێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش پێشکەش کردووەو دەڵێ بە قسە سووکی کردووم دەبێ چۆنی لەگەڵا بجووڵێمەوە هیچم بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ لە خۆم بپرسم بیروباوەڕمانو مێژووی ئەو خەڵکەی کە هەمیشە دەیانکەین بە نموونە لەبەر دەممانا لە مێژووی مەزنمانا مێژووی نەتەوەدا چی دەڵێو چۆن ڕەفتاریان دەکردو وتم چارە نیە ئەوە نەبێ موحاکەمەی ئەندامەکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕشو ئەندامی سەرکردایەتی قوتری بکرێو ئەوو ئەو کرێکارە موحاکەمە بکرێن کە ئەم شکاتەی کردووەو وازمان لە ئەندامەکەی سەرکردایەتی قوتری نەهێنا تا داوای لێ بووردنی نەکرد لە کرێکارەکە .

● ژیان حاڵەتێکی بەرەو پێشەوە چووە ●

رادەربڕین لە ژیانا شتێکی پێویستە .. چونکە ژیان حاڵەتێکی بەرەوپێشەوە چووەو ئێمە پێشەوایینیو ڕەنگە بە هەڵەدا بچینو ڕەنگە ڕاست بجووڵێینەوە چونکە لە رادەربڕین بەراوێزێك هەبە بۆ هەڵەو ڕاست .. سەرکردە ئەوەندە بەراوێزی هەبەو کادیر ئەوەندەی بەراوێز هەبەو پلەکانی تریش هەروەها بەڵام هەموو زیادە ڕەوی‌یەك کە هەستی

بروانە ل ١١

Institut Kurde de Paris

دەقی وتارەکەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین لە کاتی پێشوازی‌کردنی کۆمەڵێ لە خێزانانی شەهیدانی شۆڕشی پیرۆزی ٨ی شوباندا

سەرەکی فەرماندە صدام حسین ئەوەی دووپات کردەوە کە شۆڕشی پاڵەوانی ڕەمەزان (٨ ی شوبات) دیارترین لاپەڕەی هەڵمەتە لە مێژووی تازەی عیراق‌و مێژووی ئەو ڕاپەڕین‌و شۆڕشانەی کە لاوانی پڕباوەڕ بە گەل‌و بەهاکانی نەتەوەو عیراقی ڕەسەن کردبێتیان .

گەل پشتیوانی هێزە چەکدارەکانە لە بەرگری کردندا لە عیراق

بەڕێز سەرەکی فەرماندە لەکاتی پێشوازی‌کردنی کۆمەڵێ لە خێزانانی شەهیدانی شۆڕشی پیرۆزی ٨ی شوباتدا لە بەیانی ڕۆژی یەکشەممەی ڕابوردوودا وتی بەهای شۆڕشی مەزنی تەمموز لەوەدایە کە جێگری ڕەوای ئاواتی هەموو شۆڕش‌و ڕاپەرینەکانی عیراق‌و هەموو کۆششێکی خەباتکارانەو قوربانیدانێکی دلێرە بە ڕێگای سەربەرزی‌ی عیراقدا .

هەروەها سەرەکی فەرمانده وتی .. کاتێ کە سەیری ئەوە دەکەین کە گەل بووە بە قوولایی‌یەکی زیندووی هێزە چەکدارەکان‌و بەردەوامە لە دەوڵەمەندکردنیا بە توانای بێ‌پایان لەپێناوی عیراقا سەرەتاکە لە شۆڕشی شوباتی ساڵی ١٩٦٣وە دەستپێ‌دەکا چونکە ئەم شۆڕشە سەرەتای گەلی چەکدار بوو کە پشتی بەهێزی هێزە چەکدارەکانە لە تەواوکردنی ئەو ئەرکە نیشتمانی‌یانەی کە پێویستن بۆ شەرەفی عیراق‌و عیراقی‌یەکان‌و ئەمەیش یەکێکە لە ڕازە نهێنی‌یەکانی بەرگەگرتنی ئێستای عیراق .

ئەمەیش دەقی قسەکەی سەرەکی فەرماندەیە :

هەموو ڕووداوێکی مێژوویی گرنگ لە ژیانی نەتەوەو گەلانا دەبێ هێزە سەرەکی بەکەی لە قوولی پێوەندەوە وەربگرێ لە مێژووداو لەو کاتەدا کە ئەم ڕووداوە بە تواناو بە تاوبەوە سەیری پێشەوە بکا .

لە بۆنەی تری پێشەوەدا وتمان بەهای شۆڕشی مەزنی تەمموز لەوەدایە کە جێگری ڕەوای هەموو ئاواتەکانی شۆڕش‌و ڕاپەرینەکانی عیراق‌و هەموو کۆششێکی خەباتکارانەو قوربانی‌یەکی دلێرانەیە کە درابێ بەڕێگای سەربەرزی‌ی عیراقداو کاتێ کە شۆڕشی تەمموز جێگری مێژوویی هەموو ئەم مێژووە خەباتکارانە قووڵەی عیراق‌و عیراقی‌یەکان بێ دەبێ ئەمینداری ئەم مێژووو بیروباوەڕە بێ کە چەندەها ساڵ لەمەوبەر عیراقی‌یەکان خەباتیان‌کردووە لەپێناوبا چونکە ئێمە زەمانە بە درێژەی ئێستامان دادەنێین بە هەر شێوەیە بێ‌و هەرچەندەیش ماوەی بە سەرا تێپەڕ ببێ .

بەگوێرەی ئەم تێگەیشتنە براوخوشکان ئێمە ئەمڕۆ چاومان بە خێزانانی شەهیدانی شۆڕشی قوربانیدانێکی دلێرە بە ڕێگای سەربەرزی‌ی عیراقدا .

هەروەها سەرەکی فەرمانده وتی .. کاتێ کە سەیری ئەوە دەکەین کە گەل بووە بە قوولایی‌یەکی زیندووی هێزە چەکدارەکان‌و بەردەوامە لە دەوڵەمەندکردنیا بە توانای بێ‌پایان لەپێناوی عیراقا سەرەتاکە لە شۆڕشی شوباتی ساڵی ١٩٦٣وە دەستپێ‌دەکا چونکە ئەم شۆڕشە سەرەتای گەلی چەکدار بوو کە پشتی بەهێزی هێزە چەکدارەکانە لە تەواوکردنی ئەو ئەرکە نیشتمانی‌یانەی کە پێویستن بۆ شەرەفی عیراق‌و عیراقی‌یەکان‌و ئەمەیش یەکێکە لە ڕازە نهێنی‌یەکانی بەرگەگرتنی ئێستای عیراق .

ئەمەیش دەقی قسەکەی سەرەکی فەرماندەیە :

هەموو ڕووداوێکی مێژوویی گرنگ لە ژیانی نەتەوەو گەلانا دەبێ هێزە سەرەکی بەکەی لە قوولی پێوەندەوە وەربگرێ لە مێژووداو لەو کاتەدا کە ئەم ڕووداوە بە تواناو بە تاوبەوە سەیری پێشەوە بکا .

لە بۆنەی تری پێشەوەدا وتمان بەهای شۆڕشی مەزنی تەمموز لەوەدایە کە جێگری ڕەوای هەموو ئاواتەکانی شۆڕش‌و ڕاپەرینەکانی عیراق‌و هەموو کۆششێکی خەباتکارانەو قوربانی‌یەکی دلێرانەیە کە درابێ بەڕێگای سەربەرزی‌ی عیراقداو کاتێ کە شۆڕشی تەمموز جێگری مێژوویی هەموو ئەم مێژووە خەباتکارانە قووڵەی عیراق‌و عیراقی‌یەکان بێ دەبێ ئەمینداری ئەم مێژووو بیروباوەڕە بێ کە چەندەها ساڵ لەمەوبەر عیراقی‌یەکان خەباتیان‌کردووە لەپێناوبا چونکە ئێمە زەمانە بە درێژەی ئێستامان دادەنێین بە هەر شێوەیە بێ‌و هەرچەندەیش ماوەی بە سەرا تێپەڕ ببێ .

بەگوێرەی ئەم تێگەیشتنە براوخوشکان ئێمە ئەمڕۆ چاومان بە خێزانانی شەهیدانی شۆڕشی ٨ی شوبات شۆڕشی قارەمانی ڕەمەزان دەکەوێ .

لێرەدا بەیەکدەگەین بۆ ئەوەی یاد تازەبکەینەوەو ئەوەی کە پێویستە لە یاددا بمێنێتەوە لە بەهاو بەرپرسیاری‌و ئەمانەت بەرامبەر بە ڕابوردوو .. زۆربەتان ئەگەر هەمووتان نا چونکە هەندێکتان لاون‌و ڕەنگە ئاگایان لەو قۆناغە نەبێ کە باسی لێوە دەکەین .. زۆربەتان ئەو بارو دۆخە گرانە دەزانێ کە ئەو کاتە عیراقی بیا تێپەڕی یا بەسەر عیراقدا تێپەڕی مەبەستم پێش شۆڕشی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ یە عیراقی ئەو کاتە بێگانەبوو هەرچەندە لە عیراقیشدا دەژیا چونکە شعوبیەت بە کەلبە ڕەقەکانی هەموو مێژووی دێرینی ئەم گەلەو پێوەندی‌یە نەتەوایەتی‌یەکەیی بە نەتەوەوە هەڵووشیبووو قسەو گفت‌وگۆ لەبارەی عەرەبایەتی‌و بەهاکانی ئابینەکانی ئاسمان ئەوکاتە قەدەغەبوو و هەموو مانا ئادەمیزادی‌یە چاکەکانی بوونی ئادەمیزادو ئاواتەکانی قەدەغەبوون‌و ئادەمیزاد لە شەقامی شارەکانی عیراقدا تا مردن ڕادەکێشراو فەرمانڕەوای جەللادیش باشترین ڕۆڵەی عیراقی هەڵدەبژارد بۆ ئەوەی بەردو سێدارەبان بنێرێ‌و لە هەمان کاتدا سنگیان بە شۆڕش دەکولاو دڵ‌و دەروونیان وازبان لەو بەهاو بیروباوەڕە نەدەهێنا کە عیراق ناتوانێ بە سەربەرزی‌و هێمنی‌و ئاسوودەیی بژی بێ‌یان .

پێش شۆڕشی ڕەمەزان ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ کۆدتاو شۆڕش ڕوویان‌دەداو هەر سوپا بە تەنیا دەیکردن چونکە تاقە دەزگایەکی ڕێکخراوو چەکدار بوو ج لە عیراق‌و چ لە دەوڵەتەکانی ڕۆژەڵاتی ناوەڕاستدا بە گشتی بە نیشتمانی عەرەبەوە .. هەتاکو شۆڕشی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ یش ئەوەی کە شۆڕشەکەی کرد سوپابووو .. هەرچەندە ئێمە شانازی بەوەوە دەکەین کە سوپای عیراق هەمیشە پێشەنگی شۆڕشگێڕان بووە بەڵام دەبوو تێکۆشەرانی گەلیش ئەرکی خۆیان ببینن بۆ ئەوەی پاڵپشتێکی بەهێزبن بۆ شۆڕشگێڕان‌و تێکۆشەرانی ناو هێزە چەکدارەکان بۆ ئەوەی شۆڕشەکە بەو قوولی‌یە بگا کە پێویستە لەلایەن جەماوەرەوە لە پێ‌ودانەکانی تردا .

ئەوکاتە ئاسان نەبوو بە ئەفسەرانی هێزە چەکدارەکان بسەلێنین کە شارستانی‌یەکان دەتوانن چەك هەڵگرن‌و ئەرکی شەڕی خەباتگێڕی وایان پێ بسپێرێ کە ئەرکی هێنانەدی شۆڕش ئاسان‌بکا لەو چوارچێوەیەدا کە ئەخشەی بۆ کێشرابوو بەڵام ئەو کردەوەیەی کە پێش ٨ی شوبات ڕیکەوت‌و مەبەستیشم لێدانەکەی دیکتاتۆرە لە شەقامی ڕەشیداو بە ڕۆژی ڕووناك بەس‌بوو بۆ ئەوەی بە شۆڕشگێڕانی ناو هێزە چەکدارەکان بسەلێنێ کەوا شارستانی‌یەکان دەتوانن‌بن بە سوپایەکی لەکاتی پێویستداو لەکاتی پێویستی‌ی نیشتمانیدا کە جێ‌بەجێ‌کردنی شۆڕش‌و ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆرو شعوبی‌یەتە .

وا شۆڕشی ڕەمەزان ٨ی شوباتی قارەمان ڕوویداو ناویشی بە قارەمان دەبەین چونکە لە لاپەڕە هەڵمەتینەکانیا دیارترین لاپەڕەی هەڵمەتە لە مێژووی تازەی عیراقداو لە مێژووی ڕاپەرین‌و شۆڕشەکاناو کۆمەڵە لاوێکی پڕباوەڕ بە کەل‌و بە بەهای نەتەوەو بە بەهای عیراقی ڕەسەن بەرپایان‌کردو شۆڕشگێڕان چوون بەگژ بنکەکانی دیکتاتۆری‌یەتدا لەناو هێزە چەکدارەکان‌و لەناو ڕیزەکانی گەلداو .. شتێکی ئاسایی‌یە کە بەعسی‌یەکان لە پێشەوەی جەنگاوەرەکان‌و و شۆڕشگێڕەکانەوە بن ج لەناو سوپاو هێزە چەکدارەکاناو چ لەناو ڕیزەکانی گەلداو ڕۆڵەکانتان لە پێشەوەی شۆڕشگێڕەکانەوە بوون .

ئەمڕۆیش براینە کە سەرنجی ئەوە دەدەین چۆن گەل بووە بە قوولایی‌یەکی زیندووی هێزە چەکدارەکان‌و هەمیشە توانایەکی بێ‌پایانی دەداتێ بۆ بەرگری‌کردن لە عیراق سەرەتاکە لە شۆڕشی شوباتی ساڵی ١٩٦٣وە دەستی پێ‌کردووە چونکە ئەمە سەرەتای گەلی چەکدار بوو کە پاڵپشتی بەهێزی هێزە چەکدارەکانە لە تەواوکردنی ئەو ئەرکە نیشتمانی‌یانەی کە پێویستن بۆ شەرەفی عیراق‌و عیراقی‌یەکان .

ئەمەیش یەکێکە لە ڕازە نهێنی‌یە بەهێزەکانی بەرگەگرتنی عیراقی ئەمڕۆ کە بریتی‌یە لەوەی گەل بە هەموو تەمەنێکیەوە ژن‌و پیاو بووە بە قوولایی‌یەکی زیندووی هێزە چەکدارەکان‌و پاڵپشتێکی ڕاستەقینەیەتی بۆ پاراستنی عیراق هەندێکیان چەك هەڵدەگرێ‌و هەندێکی تر ئەرکی نیشتمانی بەجێ‌دێنێ لە شوێنێکی ترەوە بەگوێرەی پێویست‌و ئەو ئیشەی داوابکرێ بو چەسپاندنی سەرکەوتن .

شتێکی ئاسایی‌یە پێتان بڵێین ڕۆڵەکانتان دەورێکی پیرۆزبان بووە لەو دەستکەوتانەی کە ئێستا بەدەست عیراقی‌یەکانەوە هەیە چونکە ئەنجامەکانی ئەمڕۆ جیاناکرێنەوە لە مێژووی قوولی خەباتی عیراقی‌یەکان بە درێژایی ساڵاندا .

ئەکەر لاپەڕەکانی مێژووی عیراقی تازەیش هەڵدەینەوە ڕاستی‌یەکی سەرەکی دەبینین ئەویش ئەوەیە کاتێ کە پێویستی بەوەبێ بە شێوەیەکی ئاساییی بچین بە دەم بانگەوە بەعسی‌یەکان لەپێشەوەی ئەوانەوە دەبن کە دەچن بە هاوارەوە بۆ پاراستنی سەربەرزی‌و شارستانێتی‌ی عیراق ئێستاو لەمەودواو بۆ بەرگری‌کردن لە ئاسوودەیی‌و سەربەخۆیی‌و شەرەفی‌و ئایەم جۆرەبوون لە ساڵی ١٩٦٣و هەروایش‌بوون لە شۆڕشی ١٧ـ٣٠ ی تەمووزی پیرۆزدا کاتێ کە شعوبی‌یەت ویستی بەهای عیراق بخاتە ژێر خاك‌و ئێستایش هەروان بەشداری‌دەکەن لەو ڕەوتە مەزنەدا کە هەموو عیراقی‌یەکی بەشەرەف بەشداری تیا دەکا لە سەرووی عیراقەوە تا خوارەوەو لە ڕۆژەڵاتیەوە تا ڕۆژاوای‌و بەك دەسن‌و یەك لوولە تفەنگ‌و یەك

شۆڕشی تەمووزی مەزن وەریسی شەرعی هەموو ئاوات‌و خواستی شۆڕشەکانی عیراقە

ئەقڵن بۆ پتەوکردنی دەستکەوتەکانی شۆڕش‌و بەرگری‌کردن لە عیراقی مەزن بۆ ئەوەی ئێستاو تا پاشەڕۆژ ڕێگا کرابێتەوە .

سڵاوی خواتان لێ‌بێ براینە سەربەزی بۆ ئێودو ڕەحمەتی خوایش بۆ شەهیدە بەوەفاکانمان‌و خواتان لەگەڵ .

شابانی باسە یەکێ لە خێزانەکانی شەهیدان وتارێکی داو تیابا بەناوی خێزانانی شەهیدانی شۆڕش پیرۆزی ٨ی شوباتەوە سڵاوی ئاراستەی سەرەکی فەرمانده صدام حسین کردو بەڵێنی شەرافەتمەندی‌و ڕاستگۆیی بە جەنابی دا کە بەردەوامبن لە ڕەوت‌و بەخشندەیی بێ‌سنووردا‌و وتی شۆڕشی هەشتی شوبات سەرکەوتن‌بوو بۆ بیروباوەڕو بەهای ژیان کە جەماوەری هێزە چەکدارەکانمان بە سەرۆکایەتی حزبە تێکۆشەرەکەمان حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست هەڵسان ڕووبەڕووی لێشاوی شعوبی‌یەتی کینە لە دڵ ودیکتاتۆری‌یەتی قاسمی‌بان لە ڕیشە هەڵکەند لەگەڵ هاوسوێندە شعوبی‌یەکانیاو ئەو گەجەروگوجەرە کینە لەدڵانەی کە شۆڕشی ١٤ی تەمووزیان لەڕێ دەرکرد .

سوپای عیراق هەمیشە لە پێشەوەی شۆڕشگێڕانەوە بووە

Institut Kurde de Paris

شانۆی کوردی و رەخنەی نابەجێ

عەلی کەریم

شانۆ یەکێکە لە دیاردە رەنگینەکانی شارستانیەتی ئادەمیزادو رەنگدانەوەی ئێش و ئازارو خەونەکانێتی ، شانۆ لە هونەرە مەزنەکانی مرۆڤەو بە شێوەی سیحراوی و فۆرمی ئاهەنگ سازی‌دا (طقوس) جەژن و شێوەکانی دنیایەکی نوێ دەرئەبڕێت، هونەرێکە لە کەرەسە کۆنەکان ، شێوەی تازەو نوێی تێکەلاو بە خەونو تێڕوانینی ناسك دروست دەکات و سەر لە نوێ واقیعێکی تازە ، نەك (استنساخ) کردنی واقیعە کۆنەکە دەهێنێتە کایەوە .

کارکردنیش لە بواری شانۆدا روشنبیری و شارەزایونی تەواوی دەوێ و پێویستیشە شانۆکارەکە تەواوی کەلەپوری شانۆیی دنیا ئاگادار بێت ، هەر لە سەردەمی گریکەکانەوە تا دوا شێوەی داهێنانە تازەکانی شانۆی جیهانی ئەمرۆ . خۆ ئەگەر لەتەك ئەمانەشدا روشنبیری هەبێ لە مێژوو ئەدەبی دنیا بە رۆمان و کورتە چیرۆك و شیعری کۆن و نوێوە ئەوا زێدەتر شارەزابوون و ئاشنایەتی لەگەل شانۆدا وەك هونەرێکی مەزن مەبسەر دەکات . هونەری نواندنیش «تەکنیکی ئەکتەر» بەشێکە لەم هونەرەو خۆ لە قەرەدانی کارێکی ئاسان نییەو ، بەهرەو تاقی‌کردنەوەیەکی زۆری دەوێ ، ئەم هونەرە وەکو قەلابەکی سەخت و دژوار وایە خۆ لە قەرەدانی (چرنووك هاوێشتن)ە .

بیلینسکی دەلێ : نواندن هونەرێکی نابەبە ، زوو خۆی نادات بەدەستەوەو لە هەلسەنگاندنی نواندنەکەی مۆتشالۆف لە هاملێتدا دەڵێ ئەگەر بمانەوێ باسی نواندنەکەی مۆتشالۆف بکەین ترسێکی گەورە دامانده‌گرێ ، ترس لەوەی کە روو بە رووی کارێکی قورس بینەوەو شانمان هەلبنەکرێ بێ‌گومان ئەم ترسەش خۆڕایی نیە ، چونکە نواندن هونەرێکە ناپەخشەندە ، نابدە ، وا زوو خۆی بەدەستەوە نادات .

لێرەدا بە پێویستی ئەزانم ئاورێك لە رەخنەی لای خۆمان بدەمەوەو بڕێك لە کەموکۆرییەکانی ئاشکرا بکەم ، حەز ئەکەم ئەم ڕادەربڕینەشم بە هەلجونێکی ساتە وەختی بێ سەرو بەر نەدرێتە قەلەم . لە حزشەویستی و عیشق بۆ هونەری شانۆ بەولاوە مەبەستێکی دیم نییە .

بەداخەوە رەخنەی ئێمە جگە لە ئفلیجێکەی پڕە لە پاشە بول‌لێکرتن و هەندێ جاریش ماستاوکردن ، باشەقول و ماستاوکردنەکەش بە پێی تێب و کەسەکان لە کۆزانێکی ئەزەلی دایە ئەمەو سەربارە کاڵ فامی و شارەزانەبون لە مەسەلە هونەرێکە . ئەگەر سەرنجێکی تەواوی گۆڤارو رۆژنامە کوردیکان بدەین ولەو بابەتانە بکۆلینەوە کە لە سەر شانۆو هونەرەکانی نوسراونەتەوە بە ناوی رەخنەلێ گرتنەوە لە سەرنجی سەربێی بەلاوە زیاتر نین .

بەلام حەزو عیشقی ئێمە بۆ شانۆو پەرەپێدانی هونەرەکانی وبنیاتنانی سەم هونەرە مەزنەو وەك ئاوێنەیەکی کەشی شارستانیەت و پێشکەوتنی ئادەمیزاد ، کە سیفەتە رەسەنایەتی‌کەی لەگەل خۆیدا هەڵگرتبێ و شاسنامەی کوردانەی هەبێ و دوور بێت لە موباشرەو راپورتکاری و لە چاوگەی خەمو ئازارو تراژیدیان بوونی مرۆڤەوە ، وەك حقیقەتی بونی مرۆڤ . بابەتەکانی هەڵقولاوی مەتلەبی ئێمەیە .

جا بەرای من ئەگەر رەخنەگری لای ئێمە لەم سەرچاوەیەوە نەڕوانێتە هونەری شانۆو هەر لەم سوچەوە رەخنەی لە سەر نەنوسێ ، ئەوا رێگەی بەرەو هەڵدێر دەگرێتە بەرو مەبەستو ئامانجی راست نایێکی وکارە رەخنەیەکەی نفلیجو بێ سەرو بەر دەبێ .

ئەوەتانێ مامۆستایەکی رەخنەگر لە ساڵی ٩٧٩ کاتی شانۆگەری دورەگ پێشکەش دەکرا لە شاری سلێمانی ئینتیباعی خۆی بە ناو رەخنەوە نوسی بوو ئەڵێ : «.... ئەکەرێکی تر بە ناوی «..» تارادەیەك سەرکەوتوو بو» . یا مامۆستایەکی تر لە

بروانە ل ٩

کورتە شیکردنەوەیەکی لەونەری

ئەگەر بێتو ئاورێك لە کتێبخانەی کوردی بدەینەوەو چاوێك بە بەرهەمە هونەرییەکاندا بگێڕین ، بەشی زۆری بریتیە لە کورتەیەك لە سەر ژیانی گۆرانی پێژێك باقی کۆمەڵە شیعرێکی هەموەنگ . هیچ جۆرە لایەنێکی لێ‌کۆڵینەوەیی هونەری لێ وەدی ناکرێ مەبەست لە لایەنە هونەریەکە ئەوەیە کە لە تەك ئەم کۆمەڵە شیعرە هەمە ڕەنگە دەست نیشانی ئاوازەکە بە (نۆتە)و سکێلی مەقاماتەکەو هەڵسانی پلەی یەکەم ئاوازەکەو ماوەی کوپلێ کەی گۆرانیەکە نەکراوە . وە ناوەڕۆکی بایەتەکاندا تەنها لایەنە ئەدەبیەکە نیشانە ئەدرێ .

ئەمەش لە باری سەرنجی رەخنەیی‌دا بە پێداویستیکی مێژوویی ناشێ بۆ ئەرشیفی ئاوازو مۆسیقای کوردی : بۆیە ئەگەر ئەوانەی لەم ڕووەو دەستو بازوویان لێ هەڵمالیژە چاکتر وایە ئەم بەرهەمانە بە شێوەیەکی زانستیانە مامەڵەتی لەگەل بکەن مەرج نیە تەنها لەسەر ژیانی گۆرانی بێژێك بنووسرت چونکە ئاوازو مقاماتی کوردی گەنجینەیەکی لە بن نەهاتووە نمونەشی بۆ ئەم مەبەستە دەست درێژکردن بۆ کۆکردنەوەی شێوەو مەقاماتە کوردیەکان وەکو .

لاوك حەیران ئەلاوەس هیجران قەتار بەهارون ئەلوەند خورشیدی غەمەنگیز نیوشەکی خەوخۆش رەنجبەری شوشتە سیاچەمان خاوکار ئەمە جگە لەو چەندین شێوەو مەقاماتانەی مال ئاوایان لێ کردبن بێ ئەوەی دەستی کۆکردنەوەی بۆ درێژ بکرێ .

وەلێرەدا جا ئەگەر بمانەوێ مامەڵەت لەگەل یەکێك لەم مەقاماتە بکەین بە شێوەیەکی زانستی وا بۆ نمونە بە کورتی باسی لاوك ئەکەین کە یەکێکە لەو جیهانە باخود سامانە لەبن نەهاتوەی بەتەوەکەمان شانازی پێوە ئەکات .

لاوك شێوەیەکی رێك و پێکە لە ئاوازی مۆسیقایی کوردیمان لە تایبەتیەکانی ئەم شێوەیە ڕووداوەکانی ژیانی کوردەواری دەرئەبڕێت سەرگوزشتەی دڵداری و سوار چاکی و پاڵەوانیەتی ئەگێڕێتەوە بە شێوەیەکی (ملحمی) ئەگەر چی ووشەکانی لە زۆر شوێنا وەزن و قافیەی وون ئەکات بەلام گوێگر هەرگیز لێ‌بێزار نابێت لەبەر ئەوەی جۆری گێڕانەوەکەی بە شێوەیەکی مەقامی زۆر خۆشە . وەئەگەر چی ئەم شێوە (سکێلی) تایبەتی هەر وەکو مقامی (بەیات)ەوە سکێلەکەی بەم جۆرە دەست پێ ئەکات ئەگەر لەسەر پلەی (ری)یە دەست پێ‌ئەکات (ری)یە / فا / صول / لا / ری / ری / بەلام هەرای هەشتانی جیاوازە لەگەڵ (بەیات) وە بە زمانی مۆسیقا بەم شێوەیە دەست پێ ئەکات ئەگەر لەسەر پلەی (لا) وەری بگرێت .

بروانە ل ٩

لقمان برزنجی

فلیمۆلوجیا

ئەکمیۆلا

ناوی بازرگانی ئامێرێکی مونتاجە

ئەسیتۆن

شلەیەکی بێ ڕەنگو بۆن خۆشە زو نامێنێتو ئاگر ئەگرێت . ئەبێتە هۆی توانەنەوەی چەند مادەیەك بە بەشێکی زۆر گرنگ لە دروستکردنی کەتیری فلیم دائەنرێ بۆ بەبەکەوە نوساندنی پاچەکانی فلیم .

ستۆدیۆی دەنگ کپ کراو

ئەو هۆڵەیە کە دیواری ناوەوەی بە مادەی مژۆك گیراوە بۆ دەنگو کەمکردنەوەی کاتی دەنگ دانەوە کەم ئەبێ‌و هەستی پێ ناکرێ .

ئەنجترۆم

یەك لە پێوانەکانی درێژی شەپولی ڕوناکیە ، ئەکاتە یەك لەسەر ملیونی ملیمتر ، فەلەکی ناسی سویدی ئەنجترۆم کە لە ساڵی ١٨٧٤ م کۆچی دوای کردوە ئەم پێوانەی داهێناوە .

فۆندۆ

دیمەنی‌دواوە

سلوفان

مادەیەکی تەنکە لە پلاستیك دروست کراوە بە ڕەنگو نەخشەی هەمە چەشن ، بۆ کەمکردنەوەی ڕوناکی زۆری بەهێز بەکار دێنرێ ئەویش لە بەردەم هێزی ڕوناکی کاتی وەرگرتنی وێنە بەتایبەتی لە کاتی فلیمی ڕەنگاو ڕەنگدا دائەنرێ .

سلیواژ

مادەیەکی کیمیاوبە لە دروستکردنی فلیم بەکار دێنرێ .

دسیبل (یەکێتی‌ژماردن)

بریتیە لە ژماردنی قەوارەی هێزی دەنگ وەیەکێ‌تیەکی ژماردنی کەی هەیە بەناوی (بل) دسیبل بەکسانە بە یەك لە سەردەی بل و ئەمە بە رێژەیەکی ژماردن دائەنرێ .

ئامێری تۆمارکردنی قەوان

بریتیە لەو ئامێرە میکانیکەی کە دەنگ لەسەر قەوان تۆمار ئەکا .

چنین موگناتیزی لێواری فلیم

بریتیە لە چنێکی موگناتیزی بە شێوەی شەریتێکی باریك لە دەوری کونەکانی فلیمی ١٦ ملیم کە بۆ تۆمارکردنی دەنگ دائەنرێ .

سلیواید

مادەیەکی ڕونی بێ ڕەنگە لە نتراتی سلیولوز کافورو کحولی پێك هاتوە ، بۆ دروستکردنی هەوبرێك کە بە شێوەی پێویست بۆ سەریەك لە ڕوەکانی فلم دائەنرێ بە کاردێ‌و زوبش ئاگر ئەبگرێ .

هێڵی چوار چێوە

بریتیە لە هێڵی جیاکردنەوە لە نێوان دو چوار چێوەو پێك‌هاتوە لە پانتایەکی ڕەشی تەسکی ئەستور ، لە نێوان وێنەیەك بۆ وێنەیەکی تر ، بەر لە وێنەو دوای وێنە .

ڕوناکی سەوز

برنیە لە سەرچاوەیەکی ڕوناکی سەوز کاتی تۆمارکردنی دەنگ دائەگیرسێ .

ڕوناکی مولارك

چەشنێکە لە سەرچاوەی ڕوناکی (کەوانی) ١٥٠ ئەمپێرە .

لیومن

یەکێتی ژماردنی دەرچونی وزەی ڕوناکی‌یە کۆمەڵە ڕوناکی یەکە ئەکەوێتە سەر ڕو بە رێك بەپانتایی بەك مەتری دوجا ، لە سەرچاوەیەکی ڕوناکی هێزی یەك مۆمەوەو بە دوری یەك مەتر .

ئافرەت و خێزان

پەروەردەکردنی منداڵ و دیاردەیەك

پەخشان ـ هەولێر

جیهانی منال جیهانێکی پاك و بێگەردەو .. هەمیشە بێ تاوانی « براءة » و . . خاوێنی .. ڕوونی لە منال بەدی دەکرێ ...

بۆیە پەروەردەکردنی منال پێویستی بە هەوڵ و ماندوبونێکی زۆر هەیە چونکە منال هەروەك ئاشکرایە کە کۆڵەکەی پشتی کۆمەڵەو پیاوی دوا ڕۆژە ... پەروەردەکردنیش تەنها ڕەخساندنی نان و جل و بەرگ نیە بەڵکە گەلێ لایەنی تری هەیە کە لەمانە گەلێ باڵاتر و گرنگترە کە لایەنە کۆمەڵایەتیەکەی‌و لایەنە دەروونیەکەیتی ، کە دەروونیەکەیشی بە باڵاترین هۆی ڕێك و پێکی کەسێتی مرۆڤ دادەنرێت لە باشەڕۆژدا چونکە منال خاوەنی دەرون و بیرێکی ناسکەو پێویستە بە نەرمی‌و هێمنی ڕەفتاری لەگەل بکرێ . جا بۆیە دیاری‌کردنی منال بوون واتە « تحدید النسل » شتێکی پێویستو بەجێیە . ئەمەش بە گوێرەی بارو دۆخی کەسەکەو ئەو دایك‌و باوکەی کە ئاگاداری لایەنە ئابوریەکەیانن کە گرنگە لە پەروەردەکردنی کۆرپەکانیان گەر باش بوو ئەوا پیویستی بە دیاری‌کردن نابێ بەلام لە پەروەردەکردنا گرنگ ئەوەیە کە گشت پێویستی‌یە گونجاوەکانی منال بڕەخسێنرێ و ئامادە بکرێ تا دەست بۆ شوێنی تر درێژ نەکا کە بو نموونە دزێتی ، وە یا هەندێ جاریش باری دەروونی ئالۆز دەبێ‌و تووشی گرێ دەروونی واتە «العقدە النفسیە» دەبێت کە وای لێدەکات ڕوو بکاتە بەر کاری ناکونجاوو شاز کە لەگەڵ دەوروبەرو کۆمەڵ نەگونجێ لەو کاتەدا کەسێکی وای لێدەر دەچێ تەنانەت نەك سودی بۆ کۆمەڵ هەبێت بەڵکە سودی بۆ خۆیشی نابێ .. کە زۆر جاریش ئەم جۆرە کەسانە لەبەر تەنیایی و ڕۆشنایی کارەکانیان ڕوو دەکەنە بەر خۆ کوشتن‌و « انتحار » دەکەن چونکە لەو باوەڕەدان کەس گوێیان پێ ناداو ئرێ بۆ هیچ کارێکیان دانانێن بێگومان لەم حالەتەشدا ئەبوینان

بروانە ل ٩

ئافرەت و جوانی

نەجات رەفیق حیلمی

هەر کەسێ ئەم دوو ووشەیە پێکەوە ببینێ بیری بۆ ئەوە ئەچێ کە ئافرەت لەگەل جوانیدا دۆستن ، ئافرەت بێ جوانی ئافرەت نی‌یەو جوانی ووشەیەکە هەر بۆ ئافرەت بەکاردێت بەڵکو هەر ڤابیلە بەئافرەت وەکو ئەڵێن :

ئەبێ ئافرەت و جوانی بۆچی دۆست بن .!؟

بەتەنیا ئافرەت خۆی وێنەیەکە لەجوانی سروشت و سروشت بە ئافرەتەوە جوان ئەبیت ئەمە ووتەی گەلی لەشارەزایانی سروشت و مروڤایەتییە .

هەروەها شاعیرانی جیهان ئەمە دوویات ئەکەنەوە بە تایبەت لەشیعرە بەندەکانیانا کەجوانی سروشت ئەخەنە چوارچێوەی ژیانەوە کە ئەمیش بریتی‌یە لە ئافرەت و نەوەکانی . واتا ئافرەت هەر خوی جوان و جوانی نی‌یەو بەس بەڵکو جوانیش دروست ئەکات ، ئەمە ئەگەر هەر لە قالبێکی سروشت دامەزرێنەری پەیکەری جوانی و ڕازاندنەوەی سروشت بە ووێنەو روخسارو لەش‌و لاری‌جوان !؟ .

نەء . ئافرەت هەر ئەوە نی‌یە بەڵکو گەلێ وینەی تایبەتیە لەچوارنیدا جگە لەوانەی باسمان کرد ئرفرەت وینەی دایکێکی دڵسوزی خۆ بەخت‌کەرە لە چوارچیوە ـیەکی نەخشیی پەرستگاردا، ئافرەت وینەی خوشکێکی خۆ راگرە لەباڵ پاڵەوانێکی ئازای نەبەردا ، ئافرەت وینەی ژنێکی داوێن پاکی پەری روخسارە بۆ پیاوێکی خۆیەخت‌کەر ، ئافرەت وینەی کچولەی ناسك‌و نازدارە لەئامیزی باوکی پر سوزو خوشەویستی‌و عیشقی هەتاهەتایی مروڤە ، کەباوك‌و دایك لەوە بەسوزتر ناچێژن .

ماویەتی

ئافرەت و هونەر

هونەر بە هەموو بەشەکانیەوە هەر وەکو میراتی هەموو نەتەوەیەکەو نەوەی نوێ لە نەوەی رابوردوی وەرئەگرێتو گەشەی پێ ئەکات میراتیکی نەتەوایەتی‌نەی تەواوی کۆمەڵە بە ژنو پیاوەوە .

لە وڵاتە پێشکەوتوەکان هونەر بە تەنیا میراتی پیاوان نیە . بەڵکو میراتی ژنو پیاوە وەکو یەك‌و بە تەواوی نەرکی کەشە کردنی ئەکێشن . تا ئەو شوینەی یاسای کۆمەڵایەتی دیاری ئەکات ئافرەت دەوری ئازایەتی خۆی تیا ئەگێرێ ..

لێرەدا هونەری شانۆگەری بەگشتی ئەگرینە بەرچاو . لەو کاتەوە کە هونەری شانۆگەری یێ شەرەو ئازایانەی خۆی لەسەر شانۆ نیشان داوە لە ولاتەکان کە زیاتر لە نیو سەدە ئەبێت، ئافرەتی کورد بە حوکمی پا یەستەی مالە باوان‌و ئەو یارە کۆمەڵایەتیە دواکەوتوەی کە تیا ژیاوە نەیتوانیوە وەکو پیویست لەم بوارەدا دەوری خۆی بنوێنێ‌و خزمەتی خۆی بکات . بەڵکەی راستی قسەکەشمان ئەوەیە کە تا ئیستا لە چەندان چیرۆکی شانوییدا پیاو دەوری ئافرەتیان بینیوە وەجلوبەرگی ئافرەتیان لەبەر کردوە ئەوەش وەنەبێ هۆی سەرەکی ئەم کەموکورتی‌یە کۆمەڵایەتیە نزمی ئاستی بیرکردنەوەی ئافرەت بێ وەئافرەت لەم بوارەدا هەست بە لێپرسینەوەی مێژووی خۆی نەکات .. بەڵام هەڵو مەرجی لە باری لەبەردەمانە بوە .

وەکو وتمان تا سەرەتای حەفتاکان ئافرەت دەوری خۆی لە بواری خزمەتکردنی هونەردا نەگیراوە بەڵام لەو کاتە بە دواوە بەرە بەرە ئافرەتی هونەر دۆست لە ناو بنەماڵە پێشکەوتوەکان دەرکەوتن‌و شان بە شانی پیاوان ئەرکی لێپرسینەوەی خزمەتی هونەریان گرتە ئەستۆی خۆیان ...

ئێستا تا ڕادەیەکی پیویست ئافرەتی هونەر دۆست لەم بوارەدا خزمەتی هونەری کوردی ئەکەن‌و لە ناو ئەو بارە دواکەوتووەدا هاتونەتە دەرەوە کەسیستەمی کۆمەڵایەتی ماڵە باوان بۆی کێشا بون .

ئەم وتارەمان بەو هیوایە نوسی کە ببێتە هاندەرێکی کاربکەر بۆ ئەو خوشکانەی توانای خزمەتی هونەریان هەبەو ئەبانەوێ لەم بوارەدا توانای خۆیان تاقی بکەنەوە.. هەروەها داوامان لە پیاوك‌و برایان ئەوەبە کە ڕێگای ئەم خزمەتە پیرۆزە لە خوشك‌و جگەر گۆشەکانیان نەگرن وەهەمیشە هاندەری خوشك‌و کچەکانیان پن بۆ زیاتر چونە پێشەوە لەم بوارەدا .

پەخشان حەمەامین عبدالله

هونەرمەندێ جوان پەرست

پول روبنسن

وصفی حسن ردێنی

ـ ل بیست‌و هەشتێ‌هەیڤا حزیرانا ساڵا ١٥٧٧ ز بیتر پول روبنس هاتیە دونیایێ ل باژێرەکێ بەویك ل دەڤەرا وستفالیا ل دەولەتانەمسا .

ـ بابێ وی دەولەمەندەکێ دەڤەرێ بو دیسا حاکمێ دەڤەرێ‌بو نافێرا بابێ وی‌و دوڤێ باژێرێ الفا تێك چو سەرا حەژێکرنەکێ ، ئەڤ چەندە بو ئەگەرا هندێ کو مالا وان بچیتە باژێری کولونیاو ل ساڵا ١٥٨٩ بابێ وی مر .. دەمێ بابێ وی مری ژێ (١٢) ساڵ بو .

ـ پشتی مرنا بابێ خو ، خو فێرکرە هونەری‌و وێنەی لنك وێنەگرەکی وی وەختی یێ شارەزا تاڤێ وی (طوبیا فیرهینث) دوو ساڵا ما لنك ئی هونەرمەندی ، پشتی هنکی چو ئك هندەك هونەرمەندێت دی وەك (آدم فان نورت)و (اتوفان فیس) پشتی هنگی (کومەلا قەدیس لوقا یاهونەری) روبنسی وەك ئەندامەکێ سەیدا وەرگرت .

بڤی چەندێ قوناغەکا دی روبنسی بوراند د جیهانا هونەری‌داو ناڤ‌و دەنگێت وی چون لناڤ خەلکێ دەڤەری .

ـ ل ساڵا (١٦٠٠) چو ئیتالیاو بخو شێوازەکی نوی بکارئینا پێك هاتی‌بو ژ شێوازی دەڤەرا باکووری (نەمسا)و باشووری (ئیتالیا). .. ئەڤچا ل ئیتالیا لنك دوڤێ مانتوا کارکر ئەڤ دوڤە کەلەکێ مژبول بو ب کومکرنا وێنێت سروشتی‌و شوبنەوارێت ، لێ ئەڤی جەندێ کەلا دلێ وی نەشکاند و قەستا روما کر پایتەختێ هونەری‌و شوینەوارا ل جیهانێ‌و ل روما روبنسی بابەخدا رامیاریێ‌و دوڤێ مانتوا ل ساڵا ١٦٠٣ هنارتە تك باشایێ ئیسپانیا دا پێك هاتنەکێ مور کەتو ئەو ئەڤ جەندە مەعنا وێ ئەوە کو روبنسی دەورەکێ دبلوماسی هەبو لنك پاشاو مەزنێت وی وەختێ‌و زانینا وی بو بێنج ئەزمانا هاربکاریا وی بڤێ چەندێ کر .

ـ پشتی زڤریەڤە ژ ئیسپانیا ئەچو نك دوڤێ مانتواو ئێك سەر چو وەلاتێ خو ئەسا ب هەجەتا ئەساخیا دابکاوی .

ـ روبنسی دەمێ مانا وی ل ئیتالیا هندەك کەڤالیت هەژی چێکرن‌و بجە هێلان .

ـ پشتی چووبە ئەمسا پێشوازبا وی هاتە کرن‌و خانیەکێ باش دایێ‌و گەلەك داخاز بز هاتن کو بچیتە تك وان‌و گەلەکا داخاز ژی کر کو کەڤالا بوچێکەن ... ئەڤچا کەفالەکێ بەرکەفتی بو شارەوانیا (انتورب) کەڤالێ «پەرستناپاشای» چێکرو ڤی کەڤالی گەلەك دەنگ ڤەدا ل هەمی دەڤەرێ ناڤ‌و دەنگێت روبنسی گەلەك بەلافبون لناڤ خەلکێ چنکو ئەوی ئەو کەڤال‌و نیگار چێدکرن ئەوێت نێزیکی بیرو هزرێت خەلکێ‌و دیسا نێزیکی ئاوات‌و فیانێت وان .

ـ روبنسی گەلەك هەڤالێ هونەرمەندێ مەزن (تیتان)بو .

ـ روبنسی خو د وەستاند بخاندنا بابەت‌و کتێبێت گشتی‌و ئەڤ چەندە دبار بو ژ نامێت وی کو هوزانێت هوزانڤانێت مەزن خواندبو هەروەسا شارەزایێ هەبو د تقیسین‌و فەلسەفا ئەفلاتونی‌دا .

ـ وەك خویا بو ژ کەڤال‌و نیگارێت روبنسی ئەوی گەلەك بابەخ د دا ژەنکاو کچکێت جوان‌و لەشێ ژنگێ بێ ریسی بێ بویە بابەتێ گەلەك کەڤالیت وی .. ئەڤ چەندە بومە دبار دکەت کو گەلەك پوبتە د دا جوانێ‌و سەروچاڤێت جوان .

ـ ژیێ روبنسی (٥٣) ساڵ دەمی بخو کچەکا شازدە ساڵی ئیتای ناڤێ وێ (هیلین فرمان)و بویە هەڤالێ ژیانا وی .

ـ روبنسی کەلەك روی هەبوولنك پاشاو مەزنێت دەڤەری ل وی وەختێ ئەڤە ژ لایەکی‌ڤە و ژ لایەکێ دیڤە روبنسی کارەکێ مەزن هەبو ل بزافا هونەری‌و ب شێوێ گشتی‌و ب تایبەتی کار کرە سەر هندەك هونەرمەندا وەك (فان‌دایك)و (فراکونارد) و (دیلاکرو)و

بروانە ل ٩

Institut Kurde de Paris

سیبەری هۆنراوەیەکی پۆل ئیلوار

کە هەڵدەستێتە سەرپێ

دکتور احسان فؤاد

کە لە جێی خۆت رادەبەرپت
شەپۆلەکان
هەموو پەرش وبڵاو دەبن ،
رادەچەنن
کە رادەکشێیت :
شەپۆلەکان سەمادەکەن
دەست لە ملی یەکتر دەکەن
لە ڕوومەتدا : پێدەکەنن !
تۆ ئەو ئاوەی لە سەرچاوە
رەسەنەکەی : هەڵگیراوە ،
تۆ ئەو خاکەی : لە کۆشەیا
هەموو بوونێ ڕەگی هەیە
بەروبوومی لە نێو دوو تۆیدا ڕوواوە !
بلقی بێدەنگی لە تەختی
بیابانی پڕ هەرادا دروستدەکەیت ،
بەستەی گزنگ ، سروودی شەو
لەگەڵ خۆتا دەئێیتەوە ،
لەگەڵ نمی پەلکەزێرینەی بەیانی ،
وەخت لە تەك کۆژمی دەربڕینی لاوان
بە ئاسانی ،
دەکەیتە قۆچی قوربانی !
ڕێبازەکان تێکەڵدەکەیت ،
رەنگ و ناویان تێکدەشکێنن ،
چرۆی تازە بە چرکەیەك
دەخەیتە دەریای مەلەوە ،
سەرلەنوێ دروستدەبنەوە !
ئەی شۆخوشەنگ
تۆ هەرایەك لە جیهاندا دەخەیتەوە
هەموو وەختێك لەیەکدەکا ،
بەهار لە لێوتا سوور دەبێ
شەونم بەڕووتا دێتەخوار ،
تۆ یەکبوونی
تۆ ئەو زامەی
دەمی ئەو برینە ڕووتەی
خوێنی دەڕژێ و خوێن دەڕژێنێ ،
لە کەناریکی ناسکدا
ماکی ئەو برینە ووردەی
هەموو ژانەکانی زەمین
دەخاتە سوێ ،
دەمی هەموو زامەکانیش سارێژدەکا .

بێ گومانە فولکلورێ کوردی دەریایەکا بێ بنەو چ جارا هشك و زوها نابیت و فولکلورێ کوردی باغچەکێ مەزنە ژ گول و گیا مروف چ جارا ژ دیتن و بیهنا وان تێر نابیت .

ئەڤجا مەژی سەیرانەك کرە لناف ڤی باغچەی و مە گولەك ژێ کرو کرە دیاری بوهەوە دبارا مەژی بوهەوە سترانەکا فولکلوری یە د ڤێ سترانێدا بسمام حەژ دوتماما خو دکەت لێ دوتماماوی حەژێ ناگەت و ئەڤ سترانە لبەر دەستاریدا تێتە گوتن ... هیڤی دارم جهێ رازیبونا هەوەبیت و من دڤیت بێژم کو ئەڤ سترانە من یا ژ زار دەڤێ پیرە ژنکەکێ ودرگرتی ژیێ وێ (٦٣) سالە خەلکا گوندێ (مارسیسێ)یە ، لدەڤەرا سندی یا لقەزا زاخو ، داخاز ژ من کریە ئەز ناڤێ وێ نە بێژم ... زور سوپاسیا وێ دکەم ... نهو دگەل ڤێ سترانێ :ـ

بسمام :ـ

بورجە کا ل سرێ چیایی
ئولیەکا ل سەرێ چیایی
شیندکت ژ گولاو گیایی
وال نیقا گولاو گیایی
× × ×

دوتمام :ـ

هەی پسمامو لازم لازم
سال وێرانو لازم لازم
ئەزێ دوو تشتا ژ تە خوازم
ئەزێ دوو تشتا ژ تە خوازم
× × ×

کلوو نەنیك جوتەك بازن
کلوو نەنیك جوتەك بازن
تە بو نەینا مانە مخابن
تە بو نەینا مانە مخابن
× × ×

بسمام :ـ

هەی دوتمامێ من نزانی
سال وێرانێ من نزانی
هەکەر جاردی چوم کاروانی
کلی د ئینم دگەل دەرمانی
× × ×

دوتمام :ـ

هەی پسمامۆ رەنگ حرمەتۆ
هەی کور مامۆ رەنگ حرمەتۆ
رێکاتە ب باجێری کەتو
کلۆ نەبنك لێ قیامەتو
× × ×

بسمام :ـ

هەی دوتمامێ هەی دوتمامێ
رەشکێ چێکە دا بچین شامێ
ژ کەربێ مامێو ئێ ژن مامێ
ژ کەربێ مامێو ئێ ژن مامێ
× × ×

بسمام :ـ

هەی دوتمامێ هوتی هوتی
سال ویرانێ هوتی هوتی
من وێ مایی گائێ جوتی
سەد پارەو گائێ جوتی
× × ×

هەما دوتمام بێت خو ب لوتی
هەما کچ مام بێت خو ب لوتی
دێ وێژی دم ب چارو فوتی
هەما دوتمام بێژت خوزی
هەما کچ بێژت خوزی
دێ وێژی دم ب چارو کازی
دێ وێژی دم ب چارو کازی
× × ×

دوتمام :ـ

هەی پسمامو تەچی و مە چی
هەی کور مامو تەچی و مە چی
رهێ ستویی لێ قور مچی
هندی ساخی نە زەوجی
× × ×

بسمام :ـ

هەی دوتمامێ هویروگرێ
هەی کچ مامێ هویرو کرێ
راوەستێ ل نیقا کەپرێ
هندی ساخێ بەر نە گرێ

ستراندکا فولکلوری

● اسماعیل عثمان خالد ●

خورزیا ل ئەردێ دوتمام دایی
خوزیا ئەردێ کچ مام دایی
مالا مامێ نە ئاڤایی
مالا مامێ نە ئاڤایی
× × ×

دوتمام :ـ

هەی پسمامو لازم لازم
سال وێرانو لازم لازم
ئەزێ دوو تشتا ژ تە خوازم
ئەزێ دوو تشتا ژ تە خوازم
× × ×

کلوو نەنیك جوتەك بازن
کلوو نەنیك جوتەك بازن
تە بو نەینا مانە مخابن
تە بو نەینا مانە مخابن
× × ×

بسمام :ـ

هەی دوتمامێ من نزانی
سال وێرانێ من نزانی
هەکەر جاردی چوم کاروانی
کلی د ئینم دگەل دەرمانی
× × ×

دوتمام :ـ

هەی پسمامۆ رەنگ حرمەتۆ
هەی کور مامۆ رەنگ حرمەتۆ
رێکاتە ب باجێری کەتو
کلۆ نەبنك لێ قیامەتو
× × ×

بسمام :ـ

هەی دوتمامێ هەی دوتمامێ
رەشکێ چێکە دا بچین شامێ
ژ کەربێ مامێو ئێ ژن مامێ
ژ کەربێ مامێو ئێ ژن مامێ
× × ×

چەند و چونێکی زمانەوانی

رەئووفی ئەحمەد ئالانی

بەپەرۆشەوە سەرنجی گوتارێکی بەرێز د. ئیبراهیم عەزیز ـ مدا ، کە بەسەرناوی «وردبوونەوە لەچەند ئامرازێکی زمانی کوردی» لە گۆڤاری [الحکم الذاتی]ی ژمارە پێنجەمدا بەلاو کراوەتەوە .

تارادەیەك لەبەرهەمو نووسینەکانی ئەو براناز یزدم بەئاگام ... تەنانەت دەربارەی زمانی یەکگرتومان، هاوبیرمەو هەڵوێستەکەی کاری کردەیە . کە لەم گوتارەشی دەکۆڵمەوە ، ئەلیەتە لەبەر شکۆمەندی‌ی هەمان نیشانکردە . باوەڕی هەردوکمانو گشت زماندۆستێك لەسەر ئەوە یەکانگیرە ، کە بێویستە داڕشتنی زمانەوان ـ بەر لە هەمووکەس ـ سەرمەشقی زمانی ستاندادبێ ، کاریش بەئەوەندە مەیسەرنابێ کە هەمەجۆرەی سەرتاپای ئاخاوتنی کوردی ـ بەبێ لێکۆڵینەوەو بنکە دۆزینەوەو سەرەنجامی سەرومڕ ـ بەیەکدابدەین . دیسان ئەگەر لەجیاکاری‌ی کەرەسەو زاراوەکاندا ، ناتەبابین ئەوا لەگەڵ کاروانی زمانەوانیدا . لاوێ دەبین .

وەك هاوکارێك و لە دەربازکەی ئەو چەند خاڵەوە، لەچەند بۆچوونێکی نووسینەکەی لەمەڕ ئێرەی دەکۆڵمەوە : دکتۆر ئیبراهیم نووسیویەتی :

١ ـ ل ٨٠ س ١ «بەبۆ ـ تە ...» .

٢ ـ د / ٢ «وە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی لە کتیبخانەی کوردیدا دەربارەی نابینرێ» .

٣ ـ د / ٥ «بەڵکە» .

٤ ـ د / ١٧ «بەخۆبەوەبگرێتەبەر» .

٥ ـ د / ٢١ «ئامرازی‌نەناسراو» .

٦ ـ د / ٢٣ «ماسوولکەپۆلانی» .

٧ ـ س ٢ / د ١٠«ئامرازی ـ هۆ ـ بەس بۆ ئێر بەکاردێت ، بۆ نموونە:ـهۆ براینە ، هۆ خزمینە ، هۆ کچینە ! . ناوی گشتی‌وپیتی / ئا ـ لە ئامرازی [ان] دا بۆتە / ئێ ـ وە [یـن]دروستبووە» .

٨ ـ د / ٢٥ «زۆرجارئامرازی بانگکردنی مێ پیتی /ێ ـ وەردەگرێ ... هۆژخەجێ .» .

٩ ـ د / ٢١ «تیپی ـ آ ـ و پیتی ـا ـ ».

١٠ـ . ل ٨٢ س ١ د/٢٠«ئامرازی بۆ ـ دەکەوێتە پێش ئەو وشەیەی لەرستەدامەبەستمانە : بۆ کتیبەکەت نەخوێندۆتەوە ؟» .

١١ـ د / ٢ «وەدەستدەنێ» .

١٢ـ ل ٨٣ س ١ د / ١٠«ئامرازی ـ کەی ـ واتای کات دەگەیەنێ ، وەك : کەی‌سەدانێکمان‌دەکەی ؟ .

١٣ـ ٢ / ١٣ «چەند ـدەتوانێ نیشانەی رستەی پرسیاری دروستبکات» .

١٤ـ س ٢ د / ٢ «ئەم‌ئامرازانە سەرەوە ... بەکاردێت» .

١٥ـ د / ١ ، ٢ ، ٣ ، ٥٤ = رستەی پرسیاری‌و سەرسوڕمانی» .

١٦ ـ د / ١٥ « تەحا ،پەحا وەك ـ تەح لەو قسەیە خۆشەیە ! »

١٧ ـ ل ٨٤ س ١ د / ٦« ئامرازەکانی ئێرە بریتیە .. » .

١٨ ـ د / ٨ « ئامرازی‌ـکەـ ئامرازێکی ناسراوە».

١٩ ـ د / ١٦ «ئەگەرناوەکە کوتایی بەپیتی بزوێنی « و » وەك [پیاو] هاتبوو یان کۆتایی بە پیتی بزوێنی « وو » وەك [خانوو] هاتبوو ، ئامرازی ـ ەکە ـ وەردەگرێ وەك : پیاوەکە ، خانووەکە » .

٢٠ ـ س ٢ د / ١ « ئەگەر ناوەکە کۆتایی بەپیتی بزوێنی / و ، وو ـ هات ئامرازی [ێك] وەردەگرێ وەك « خانوێك ـ نەك ـ خانوویەك » .

٢١ ـ د / ١٢ « ئامرازی ـ ەك ـ ئامرازێکی نەناسراوە ، دەڵکێ بەو ناوانەوە کە کۆتاییان بەپیتی نەبزوێنە ، وەك ـ ژنەك ، کوڕەك ـ » . تائێرە بەشە گرنگەکەی دی هەمان نووسین بەجێدەهێڵم بۆ دەرفەتێك .

لێکۆڵینەوەو راستکردنەوە :

١ ـ راستتر ـ نەبووەتە یان نەبوەتە ـ بە ، بەم هاوکێشەیە : نەبووە + ت ی‌نێوبڕ + ٥ ـ ی پرپۆزیشن . هەرچەندە لە ئاخاوتنی موکری و سۆرانیدا ، ئەو قالبە سواوە [نەبۆتە ، بۆتە] باوە ، بەڵام زمانی نووسین قالبە تەواوەکەی وەك گوتەنی بڕێ ناوچەی دی هەڵبژاردوە، کەواتە ئەو قالبە شێواوە لە دەستوری زماندا تووشی فەلاکەتمان‌دەکا .

٢ ـ دکتۆر وەك هەندێ لاسایی‌کەرەوەی زمانی دراوسێ [وە] ی عەتفی کراوەی سەربەند = ابتدائی بەکاردەهێنێ ئەگەر زمانەوان نەبوایە رەخنەم لێ‌نەدەگرت. بەڵام لە جۆشدانی رستەسازی‌ی کوردیدا نەك لە سەربەندەوە زمانی پاراوی کوردی تەنیا ـ و ـ بزوێن تێکەڵکێش‌دەکا .

لەمێژە دوای وردبوونەوەم، تۆبەم لەو تاوانە کردوە . ئێستاش هەندێ کەسمان دەستبەرداری ئەم واوە سەربەندە نابن . لەلایەن خۆمەوە لێکۆڵینەوەیەکم بۆ دامەزراندوە ناویشم ناوە ، سەربەند یان دەرمانی تەنگەنەفەسی ! دەگەڕێمەوە بۆ سەرەتای قسەکەی کە گوتی : دەربارەی ئامرازی زمانی‌کوردی لە کتیبخانەی کوردیدا لێکۆڵینەوەی تایبەتی نابینرێ . بەسەڵتی ئەو گوتەیەی لێ‌ناسەلمێنم بە سەرنجدانی کۆکردنەوەکانی مامۆستا نوری عەلی ئەمین‌و بەتایبەتی لێکۆڵینەوەی ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی لەـ لایەن کۆڕی زانیاریەوە باشتر لەم باسەی ئیرە ـ بەسەر ـ کراونەتەوە ،ئیشەکەی کاك ئیبراهیم لەرووی لێکۆڵینەوەو بەراوردەوە ، دەربارەی ئامرازەکان زۆر ساکارە .

٣ ـ لە زمانی ئەدەبیماندا، بێژەی (بەڵکوو) باوترە .

٤ـ بەخۆیانەوە بگرێتەبەر ، راناوی تاك ناگەڕێتەوە بۆ کۆ . لەوانەبشە هەڵەی چاپ بێ ؟

٥ـ دەقاودەق = ئەداتی مەعروف‌و غیرە مەعروف دەگرنەوە . چونکە ـ ناسراو، نەناسراو ـ ئاوەڵناوی بەرکارن. هێشتا بی‌گوتابە.. ناسیاری‌و نەناسیاری نزیکی ـ تعریف‌و تنکیری دەکردەوە.

٦ـ راست : ماسوولکە پۆلاین . نەك ـ پۆلانی .

ماویەتی

دوو شاعیرو کورتە شی کردنەوەیەك

کەمال غەمبار

هەرچەندە شی کردنەوەی شیعری شاعیرێك یا چەند کۆپلە شیعرێك ئەوە ناگەیەنێ کە پێناسەی ڕاستەقینەی شاعیرەو دەستنیشان‌کردنی جەوهەری مەسەلە سەرەکی‌یەکە ، بەڵام ڕەنگە تا رادەیەك هەندێ هێڵی بەیانی دیار بکات . لەم ڕوانگەیەوە شی کردنەوەکەمان خۆی لە ڤۆرم‌و هونەرکاری ئادات، وەك بایەخ بە ئەندێشەو خەیال دەدات ، تەنیا کەمێك ڕووناکی دەخاتە سەر دیوی ناوەوەو دەرەوەی شیعرەکە . عبدالله عباسی شاعیر لە هۆنراوەی « وێردی عەشق‌و خەمێکی پەمەیی ڕەنگ »دا دەڵێ :

گیانە ، عەشقی تۆ لە لای من ، لە خەمی خۆمگەورە ترە خەم ، لە لای من ، لە خەمی تۆ ، گەورە ترە .. !

لە نێوانی ، عەشق‌و خەما ..
خەم دەریایەو لە تاڤگەوە بێی هاتووم .
دوام مەکەوە .. خەمی تۆ ، زۆر گەورە ترە بە عەشق ناگاتە لای من ..!

عەشق لای شاعیر خەمە ، جارێك عەشقی یارەکەی لە خەمەکەی گەورەترەو ، جارێکی دی خەم لای شاعیر لە خەمی یارەکەی گەورە ترە . نێوان خەم‌و عەشقیشی دەریایە ، بەڵام شاعیر هەموو سەرەنجامەکە بەدەستەوە بدەین . دەپرسین بۆ خەمەکەی ئازیز گەورە ترەو بەعەشقی نایکاتێ ؟! دەڵێین : عەشق خەمەو بەینی عەشق‌و خەمیشدا دەریایەو شاعیر لە سەرچاوەکەوە بۆ دەرباکە هاتووەو بەخوڕەو تیژ ڕەوەو ڕێگەی عەشق دەبڕی تا تێکەڵی دەریا دەبێ . ئازیزەکەشی ئەویش وەك عەشقێکی بوو بە خەم ، دەتوانێ دوای بکەوێ بەڵام ئایا دەتوانێ پێی را بگات‌و هەنگاوی وەك ئەو گورج‌و درێژبێ ، هەڵبەتە تا ، چونکە شاعیر لە لووتکەوە ، لە تاڤگەوە بەرەو دەرباکە هاتووە ، بۆیەش ئازیزەکەی ڕەنجێکی فەرهادی دەدات‌و ناگاتە شاعیرو تێکەڵی یەکتر نابن .

دەریاکە ڕەمزێکە ، شاعیر بۆ مەبەستە تایبەتی‌یەکەی خۆی بەکاری هێناوە ، کە تێکەڵاو بوونی عەشق‌و خەم دەگرێتەوە ، یاخود بەواتابەکی تر تێکەڵاوبوونی دلدارو دلبەر وەك شتێکی سروشتی‌و ئەزەلی ، بەڵام شاعیر ڕۆمانسیانە بیر ناکاتەوەو تێکەڵاو بوونەکە وەك مەسەلەیەکی سروشتی دەرنابڕێ هەروەك شاعیری ڕۆمانسی شیللی لە هۆنراوەی «فەلسەفەی دلداری »دا دەڵێ :

بروانە ل ١١

گرنا حالگیرێ

نزار بەزاز

ئەڤرۆ ..
دەرگەهێ تاخێوێ ..
لمن بی ماڵو زیندان
لناف دلی ..
خەم فەجەمیان
بێ هژمارو بێ پێڤان
لپشت کیش دەرگەهێ بەخت
ئەڤرۆ ..
هەیڤ بەرزەبو .. ؟!
نێ تاریێ ..
کوین‌و خەفکێت خو تەف ..
قەدان
شەڤ درێژبون
ستێرێت بلند .. هاتنە خارێ
لناف جافێت من
کرن دبلان
ژ بهن تەنگیێ ..
پەڕاسبێت من ..
دل‌و مێلاك لمن گفاشتن‌و
هەر کێلان
ئەڤرو بوری
بەرمن بوری
ئۆ .. گرنژی
لناف دلگیریا ئاوەرێت وێ ..
چاف گەڤزین
دلی ئاخینك بخۆ ..
ڤێدان
بەرمن بوری
وێ مژیلانك ..
لسەر چاڤێت خو بێت ڕەش
بەردان
بوری‌و دیربو
هەچکو وێ چ لمن نەکری
نەزانی ئەز ..
مام برینەکا
بێ دەرمان .. !

Institut Kurde de Paris

نووسەر و رەخنەگر

● بەشی دووەم ●

● عبدالله حمه سوور ●

بمانەوێ و نەمانەوێت رەخنەگرتن ـ هەروەکو ووتم ـ خۆی لە خۆیدا هەموو لایەنێکی ئەدەبی نووسەر شیتال دەکاتەوە ، لەباربێت یا نالەبار رێ نومایی پیارەوی ئەو رێبازە دەکات کە لێوەی بتوانێ بەسەر بەرزی سەر دەربێنێت و چاوێکی بەختەوەری بگێڕێت بە ئاکامی رەنجی ماندوویەتی خۆیدا ، ئا بەو پێیە نووسەر بەئاگا دێتەوە کە بەرهەمی زادەی بیروراو مێشکی بەشایەن رەخنەگران هەڵبان سەنگاندوەو کێشی نووسینەکەی چ نرخێکی بەهاداری هونەری دەدرێتە پاڵ ، شایستەی رێز لێنانەو هەموو کەس دەست بەسنگەوەیە بۆ ئەو ئەدەبە ، یا هونەرێکی رەسەن نیەو بۆ واقعی ئەم بارو سەردەمەی ئێستاو داهاتوومان ناگونجێ و واتای نووسینی ئەدەبەکەی دەستەووسان مل کەچ دائەمێنێ و ناتوانێ بەخوتو خۆڕایی خۆی لەناو هونەری ئەدەبی راستەقینەو رۆشن دا بسەپێنێ .

بەراستی ئەگەر بەو چاوەوە سەیری رەخنەکاری بکەین و بەراوردی باری لایەنە بەهێزو لەبارو باشەکان بکەین لەتەك لاوازو نالەبارو خراپەکانیدا ئەوسا وادەگەیەنێ دەبێت نووسەر خۆی ئەوەی لاخۆش و پەسەندبێت و بڵێت ها ئەوە بەرمالم راخستووە کێ لەبواری رەخنەسازی دا مەلەوانێکی شارەزاو بەتینە ، تەنیا تکاو خواستم ئەوەیە بەخاوێنی جێ پێیەك گیرکات و پەنجەیەك بڵند کاتەوە بۆ لایەنە کزەڵەکان و دەست نیشانی لایەنە جوان و پێشکەوتوەکانی بکات ، وە لەسایەی رەخنەکاریدا نووسەر زۆربە ئاسایی و ئاسانی دەتوانێ بە تیلە چاوێك چاوی مەست بێت لەرشانەوەی دایکە باڵندەیەك بەدەم دەنوکی بێچوە ساواکانیەوەو باڵە فڕێی زەرنەقوتەکان بەزەیی دەروونی جۆش بسێنێ تا لەپەردەی گوێی کەران دەنگ بداتەوە . وە هەر لەسایەی راوێژو لێکۆڵینەوەی رەخنەگرەوە نووسەر دەتوانێ هەزاران لاپەڕە لەسەر هەڵوێستی گوێ قوڵاغ بوونی مەڕە کێوی یەك لەتارمایی درەختێك یا خشپەی مێرووویەك بنوسێت و خەڵاتی خوێنەرانی بکات هەروەك چۆن (هەمەنگوای) توانی لەسەر راوی ماسی یەك ـ بەڵێ یەك ماسی ـ نزیکەی هەزار لاپەڕە رەش کاتەوەو تا هەتایە بە شاکارێکی ئەدەب لە قەڵەم بدرێت .

لێکدانەوەی مەوزوعی و زانیاریانەی رەخنەگر کەرەستەیەکی کاریگەرە بۆ سەر ئەدەبی نووسەر ، وە بەجۆرێك هانی دەدات بەرەو پێشکەوتن کە ئەو نووسەرە تەنیا بە یاد کردنەوەیەك لەو داستانانەی لەسەدان ساڵ لەمەو بەرەوە دەماو دەم گێڕدراوەتەوە تا گەیشتۆتە چەرخی ئێمە ، نووسەرەکە وا لێ دەکات بەبێ ئەرك و تێڕامان چۆن دەتوانێ بەکامێرای چاوو مێشکی وێنەی هەڵ سمینەوەو سرکی کەرویشکێك لەسەر بەفری کەژو کێوان بگرێت ، ئاوەهاش شێوەو سیمای ئەو داستانە وەك نیگایەکی بێ گەرد بخەملێنێتە کۆگەی ئەدەبەکەیەوە .

بۆ ئەوەی مەسەلەکە قووڵتر نەکەین و زۆر دووری نەخەینەوە هەر بەسەر پێوە با ئەوە بێنینەوە یاد کە چەند شاعیرو نووسەرانی وەك هەمەنگوای ، چیخۆف ، شکسپیر ، تۆلستۆی ، بریشت ، گۆرگی ، سیاب ، مۆلێر ، گۆران ، ئەبسن ، هەزارانی دیکەش لە نووسەرانی ئەوروپایی و وڵاتانی کەی سەرزەمین لەمەوبەرو ئێستاش هەبوون و هەن ، رەنج و تەقەلایان بۆتە بەرهەمی شاکارانەی ئەدەبی هەموو دنیا ، کەچی جاری واش هەبووە لەتاو پلاری رەخنەگران ماوەیەکی کەم یا زۆر هەڵاتوون و دەستیان لەجێ و رێ و شوێنی خۆیان شتوەو بەدوای راستی ئەدەبەکەی خۆیاندا گەڕاون و لێیان وون نەبووە ، هەر ئەو راستیەش خۆی سەلماندوەو لەربزی ناودارانی جیهان دەستنیشان کراون ـ تەنانەت نووسەری شانۆگەری واش هەبووە کە سەدەیەك لەمەوبەر گاڵتەیان بە نوسینکەی کردووە کەچی ئەمرۆ وا خەریکە پێ دەنێنە دووا گرێ و سەدەی بیستەمەوەو منداڵەکانمان لە سەدەی بیست و یەکدا دەبنە لاوو کارامە ، ئا لەم رۆژەدا بەگوێرەی بەراوردکردنی لەگەڵ رابوردودا بەم هەموو پێشکەوتنی زانیاری و تکنۆلۆژیاوە ـ لە چاو جاراندا ـ وە بە هەڵکەوتنی هەزاران هونەرمەندی بلیمەت و لێهاتووی بە تواناوە کە چی هێشتا پەی بە هەموو لایەنێکی هونەری ئەو شانۆگەریانە نابەن کە نووسەرانی سەردەمی رابوردوو نوسیویانەو لەتاو تانوت و پلاری رەخنەگرانی ئەوسا لەوانەبوون سەری خۆیان هەڵگرن و تا ئێستاش لەم رۆژەی ئێمەدا لەسەر شانۆی مەزن و جەنجاڵی شارە گەورەکانی دنیادا پێشکەش بەنەوەی ئەم چەرخەی دەکەن . ئەمە سەیر نییە .. ؟ دڵگیر مەبە لێم کە دەڵێم .. ! هیچ لات سەبر نەبێ گەر نووسەران کۆڵیان بدایە لە تاو رەخنەگرتن ، ئێمە ئێستا نە هیچمان دەبیست و وە نە هیچمان دەبینی لە ئاکامی رەنج و بەرهەمیان لەناو رۆژنامەو گۆڤارو کتێبو تەلەفیزیۆن و سینەماو ، پیشانگەو ، هەموو جۆرە هۆیەکی رۆشنبیری و راگەیاندنی ئەم سەردەمە .

دیسان لێم ببورە کە رووی دەمت تێ دەکەمەوەو دەڵێم گەر رەخنەکاریش یا رەخنەگرتن نەبوایە هەرگیزاو هەرگیز ئەو نوسەرانەو نووسەرانی ئێستاو دووا رۆژبش ناگەنە ئەوەی بەشاکاری بەرهەمی ئەدەبی و هونەری خۆیان شادبن و ، کاری مرۆش هەمیشە بەهۆی هاندان و رێ نیشان دانەوە بەرەو پێشکەوتن دەچێت و خاوەنی نووسینی بابەتێکی ئەدەبیش لەئاکامی هەڵسەنگاندنی رەخنەگرانەوە تەقەلای خۆی بەرەو کۆپی بڵند تاو ئەدات .

جوانی و لەزەت لە بەرهەمی هەر لکێکی هونەر هەست بەو جوانی و تامەی دەکات ، چونکە هەر رەخنەیە ئەو ئەدەبە ئەداتە بەر روانگەی تێبینی و لێکۆڵینەوەو بە هەموو بارو لایەکدا هەڵس و کەوتی لەگەڵ دەکات و دەی لاوێنێ و تاڵ تاڵ شی دەکاتەوەو خاوەن تەون و پێچالیش جار لەدوای جار لەدوای جار تان و پۆی تەونەکەی باشتر دەهۆنێتەوەو دەی کاتە بەرگێکی رازاوەی ئاوریشمین و هەموو دڵ و دەروون و چاوو هەستێکی پێ تێرو مەست دەکات .

ئا بەوجۆرە رەخنەکاری لێکدانەوەیەکی بەتامو بۆی مەوزوعی زانیاریانە لەسەر بناغەیەکی داڕێژراوی راستەقینە وەك نووسینی کارتێکی جەژنە پیرۆزە دەخەملێنێ و پێشکەشی نووسەری دەکات و دەڵێ فەرموو . رەخنەگر یەکەم دۆستی خاوەن نوسینەو بۆ هەموو دۆست خواهان هەیەو مافێکی دۆستایەتی رەوای خۆیەتی کە بە هەستێکی ناسك و پیرۆزەوە نامەی خۆشەویستی پێشکەش خاوەن نووسین بکات و تکای ئەوەشی لێدەکات کە دۆست دەی گریەنێ و دوژمن پێی دەیکەنێنێ تۆش ئەی نووسەر مادامەکی دەنووسیت بۆ خوێنەران کەواتە نابێ دڵ زویر بیت لەو بەشە خوێنەرە هوشیارە بەتایبەتی رەخنەگر کە وەك بەرکۆل بەر لە هەموو کەسێك هەست بەتامو چێژی بەرهەمەکەت دەکەن .

کاتێ بەو بڕوایەوە سەیری رەخنەو رەخنەگرتن بکرێ ئەوا زۆر بەئاسانی نووسەر یەکە یەکە بەسەر هەموو کەندو کۆسپو گرفتێکدا هەنگاو دەنێتو زاڵ دەبێت ، لەوانەیە هەر خۆی بە چاوێکی تر سەیری سەرەتایەکانی بکاتو کەمو کوڕی یەکانی دەستنیشان بکات و بەردەوام هەوڵ بدات ببێتە نووسەرێکی کارامەی داهێنەر ، ئەگەر ئاوەژوی ئەم واتایە هەڵوێستەی بۆ بکات بە نیازی پشوودان یا راوەستان لە جەمسەری هۆکردنەوەی جووتی کێڵگەی ئەدەبەکەیدا ئەوا سوڕاندنەوەی هەموو ئەستێرەو زەمینەی گەردوون گەر سەدیەکی چرکەیەکیش لەگەڕی خۆیان بکەون ، دیارە هەمووشت دەشێوێتو دەستورو رێسای ژیانیش لە گۆرین دەکەوێتو گریمان نەش مرێت پاشەو پاش بەرەو دوواوە بۆی دەچێت ، کەواتە نووسەر لەبەردەوام بوونی کارەکەیدا لەتەك تێبینی لێکۆڵینەوەی رەخنەگردا داهێنان دورست دەکات وەدەبێتە ئەندامێکی داهێنەر .

هەر بەو تێروانینەی لە پێوانەی کێڵگەی ئەدەب وورد بوومەوە باری سەرنجەکەم ئەوەش دەگەیەنێت کە لە هەمان کاتدا رەخنەگریش دەبێت بەرپرسیارێکی دڵسۆز بێتو بەردەوام هەوڵی پڕکردنەوەی هەموو کەلێنێکی لارو نالەباری نووسینەکان بداتو رەخنەکەی بەشێوەو جۆرێکی بنیات نەر ئاراستە بکات تا ببێتە هەوێنی گۆڕینو پێشکەوتنی بەرهەمی نووسەران ، لە ئەنجامدا نووسەرو خوێنەرانیش وا دەڕوانن رەخنەو رەخنەگر کە بە ئەندامێکی خاوەن هەستو سەرپەرشتیارێکی رۆشنبیری خاوەن رێزی دادەنێنو دۆستایەتی نێوانیان تابێت تەشەنەو گەشەدارتر دەبێتو دۆستایەتی بێ مەرامیش گەردن ئازادی ناوێتو هەموویان لە وێژدانی دەروونو نیەتێکی خاوێنەوە بۆ پێشکەوتنی بەرهەمە ئەدەبیەکە یەکانگیر دەبنەوە .

.. ئەگەر هەژارێك گریا ، گوناه گوناهی عومەرە ..» .

ئەی برادەرانی خۆشەویستو ئازیز . لەم جیهانەی تیابدا دەژین ، ماوەیێکی یەکجار زۆرە ، خەلیفەی لێ پرسراو نەماوە گوناه هەڵبگرێ . بەڵام ئێمەی نووسەر ، ئێمەین کە ئێستا دەژین ، ئێمەی نووسەر ، لێ پرسراوین بارامبەر هەموو شتێك لەم جیهانە ڕووبدات . ئێمە پارێزەری هەژارو دەستکورتو زۆر لێکراوو بێ بەشەکانین لە هەموو جیهاندا ، ئێمە پارێزەریانین و بەرگریان لێ دەکەین .

ئێمەی نووسەران وەك ئەندازیارە میعماریەکان ، ئەرکی دامەزراندنی ڕای گشتی جیهانی جێبەجێ دەکەین . کەس ئەم ئەرکەی نەخستۆتە سەرشانمان . ئێمە خۆمان خستومانەتە سەرشانمان و ئەگەر چەند خەڵکێکی نەناسراو لە شوێنێکی نەناسراوی ئەم جیهانەدا بەکوشتن لەناو بچن ئێمە لێ پرسراوین . ئێمەی نووسەران .. ئەگەر هاتوو بەهۆی برسیەتی و ناخۆشی و پێویستی . منداڵان لە شوێنێکدا ، لەم جیهانەدا ، کە ناوبشی نەزانین ، مردن ، کێ بەرپرسیارە بەراتان ؟ ئێمەین هەمیشە ، ئێمەی نووسەر .

ئەوانەی لە جەنگی جیهانی یەکەمدا کوژران لە هەشت ملیۆن کەس پتر بوونو لە جەنگی جیهانی دووەم پەنجا ملیۆن و لە جەنگی جیهانی سێیەم کە تا ئێستا بەرپا نەبووە کەس نامینێ .

لە جەنگی جیهانی دووەمەوە تا ئەمرۆ ، چل ملیۆن مرۆڤ لە جەنگەکانی ناوچە جیاجیاکانی جیهان کوژراون . وەك بڵێی جەنگێکی جیهانی نوێ رووی دابێ بەڵام ئەگەر ئەرکی نووسەری پێش جەنگی جیهانی بەکەم لای چەند کەسێك ئاشکرا بێت ژمارەیان لە یەکێك یا لە پێنج یا لەسەد زیاتر نەبێت ، کە چی هەموو نووسەرانی جیهان لەو کاتەدا دەنگی خۆیان دژی جەنگ بەرزکردەوە ، کاتێ هەشت ملیۆن مرۆڤ لەناو چوو ، ئەگەر هەموو

بڕوانە ل ١١

نووسەران لێ پرسراون بەرامبەر هەموو جیهان

نووسینی : عزیز نسین

وەرگێڕانی : عبدالغنی علی یحیی

« دەقی ووتارێکی (عزیز نسین)ە لە دیداری جیهانیی دووەمی نووسەران ، لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٩دا لە سۆفیا خوێندیەوە » .

میری موسوڵمانان ، خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب ، شەوان لە شەقامەکانی «مەدینەی مونەوەرە »دا دەگەڕاو دەچووە ماڵان لە باروزروفی خەڵکەکەدا بگات .

شەوێك ، ڕووی کردە گەڕەکێکی هەژارەکانی شارەکە لەپڕ گوێی لە دەنگی چەند منداڵێك بوو دەگریان ، خەلیفە لە دەرگای ماڵەکەیدا ، ژنێك دەرگاکەی کردەوە ، ژنەکە نەیناسی ، عومەریش پێنج منداڵی دی باوەشیان لە یەکتری ناوە دەگریێنو دەڵێنەوە :

ـ « دایە ، برسیمانە » .

دایکە ، ئەسکویەکی بەدەستەوەگرتبوو لە ناو مەنجەڵێکی دانا کە لەسەر ئاگرا دانرابوو دەی سوڕاندو بەمنداڵەکانی دەگوت : « منداڵینە ، نەختێك چاوەڕوانبن تا خواردنەکە پێ دەگات ، ئەوسا تێردەبن » .

منداڵەکان ، لەسەر گریانەکەیان بەردەوام دەبنو ژنەکەش ، ئەسکۆ لە ناو مەنجەڵ دەسوڕێنێ ، خواردنیش ناگات . عومەر لە ژنەی پرسی ، چ شیوێك لێدەنێت . ژنە قەپاغی مەنجەڵەکەی بڵندکرد ، عومەر هێندێك ئاوو بەردی لە ناو مەنجەڵەکەدا بینی ، پاشان ژنەکە بە ئەنقەست بەردەکانی ناو مەنجەڵەکەی جووڵاندەوەو گوتی : نەدار هەبە بۆ ئاگردانو نەخواردن هەبە لە مەنجەڵەکەمان ، تەنیا چەند بەردێکمان هەبە ، منداڵیش هەر چاوەڕوانی خواردنن ئابەم شێوەیە هەموو ئێوارەیێك بێدەنگیان دەکەموە تا دەخەوون » .

پاشان ژنەکە ، بێ ئەوەی بزانی کێ قسەی لەگەڵ دەکات ، نەفرەتی لە خەلیفە عومەر کردو ووتی :

« دەبا خودا سزای عومەر بدات چونکە بوو بەخەلیفە ! دەبا چاوی کوێر بێ .. بتەقێ .. »

عومەریش ئارامی نەماو لە ژنەکەی پرس :

ـ گوناهی عومەر لەمەدا چی یە ؟.

ژنەکە وەڵامی دایەوە :

ـ هەموو شتێك لە خەلیفەوە دێتو لەکۆتایی دا هەموو گوناهێك بۆی دەگەڕێتەوە .

دوای ئەوە فرمێسك لەچاوی عومەر ڕژا . خانووە هەژارەکەی جێ هێشتو لەگەڵ خۆی دا دەی گوت :

« عومەر تاوانبارە ، چونکە ژنێکی هەژار لە خانوویێکی کۆن ئاوو بەرد دەجوڵێنێ . تامنداڵەکانی بێ دەنگ بکات .. ئەگەر هاتو منداڵێك لەبرسان مرد ، عومەر لێ پرسراوە بەرامبەر مردنەکەی ئەگەر نەخۆشێك چارەی نەدۆزرێتەوە عومەر لێ پرسراوە

Institut Kurde de Paris

بینایەکەم

محمد امین پێنجوینی

بینایەکەم ، کە ئەتبیم بە رووگرژی
چەشنی «زەروو» قولپی خوێنی دڵم ئەمژی !
لە کسپەی تاڵی دڵ ئەچەژی
بەپوولەی هەست و زەوت ئە کوژی ..!
خوێنم حەڵاڵ ئەکەی ، ئەڕژی
تەزوولەی گیان ، بە بزەی لێوی تۆ ، ئەژی ..!
زەردەخەنەی نیگای چاوێ ، بڵێ بژی .. !
کە ئەتبیم وا رووت خۆشە
دەردو خەمم .. فەرامۆشە !!.

پێشکەی دڵ ..

کە پێشکەی دڵ رانەژەنی
کۆربەی تیا مردوو ساتارە ..!
وەکو دانێ هەڵی ئەکەنی ..!
جێگەکەی پڕ ئێش وزامارە . .
کە کۆچت کرد لە دڵما ، تۆ !
ئاوا ئازار ، لێم هاتە سۆ ..

● ● ●

وەکو خۆر بووی ، کە ئاوابووی
بینایم کوێرو تاریکە ...!
بەباهەق ، لێم تەوەلا بووی
دبارەدەی مەرگت نزیکە .!

حەیرانۆك

صلاح علي شريف بابيري

کەلا کەلانێ یا کەلینە .
سەردا باژیدو دبندا خانی نە .
کورکو دبنو . تو دەستێ خوە ژسەر سنگێ من راکە
ستێرکا سپێدێ ل مە هەلینە .
کچکێ دینێ :ـ
کەلا کەلانێ یا کەلاتە .
سەردا باژێرو دبندا ووەلاتە .
ئەزێ دەستێ خوە ژسەر سنگێ تە راناکەم
ستێرکا سپێدێ نینە . گلاڤێژە ژنویکا هاتە .
کورکو دینو :ـ
هنارکێت گوندێ مە شوینن .
چومە مبسل بەغدا دبینم .
وەلا ئەزێ هنگێ تەرکا بەژنا بلند بکەم
قەیدکا سەرێ من پشدینن
کورکو دینو :ـ
بەر دەریکێ مالا بابێ من بهاتن و چونە
تە شەل شینو شەبکی جونە
من دەورێ حەفت زەمانا نەدزانی خەربی دهونە .
کورکو دینو :ـ
بەژنا تەوو رحانا حەولا .
من ئاف کێشا بهەردوو ملا جوتێ دەولا .
پابز دوبرە دەمێ قەولا .
کورکو دینو :ـ
گولالی تێلی کولالی تێلی .
خەوکا من دهێت تو ناهێلی .
ئەزا پیرو توی جحێلی .
کورکو دینو :ـ
ئافکا شەتی مە یا شینە .
بێلا دهاڤێت پێلە خوینە .
عەشقا منو لاوکێ دەلال وەکی سماقا پشتا کوچکا تام
تێ نینە .
کورکو دینو :ـ
دارا ل تەنینێ . دارا ل تەنینێ .
ب داسکێ بری ، کێشا بماهینێ
وەلا ئەزێ بو کورە لاوکێ خوە بکەم .
شالە شینا فێ هاڤینێ .
کورکو دینو :ـ
فێ پاسیکێ بەری بدنێ
سیك و دکان وێ دکەتنێ .
پاسێ حەجە من ببەنێ
کورکو دینو :ـ
چوم نزاری نزارێ تاری .
من زێرکەکێ دبتو ژەنگارێ خاری .
چما سالا بەرەنێ سالێ
ناف بەرا من و کور خالێمندا بۆ خوبنداری .
کورکو دینو :ـ
دلکێ منو هێلینا قازێ
باران باری سەر سوربازێ .
سەد حەبفو مخابن کچ ژ حەفت سالێ پێقە
بتنێ رابت ، بتنێ رازێ .
کورکو دینو :ـ
ئەرێ رەشو ژمن رەشترو .
ژ تەنیا دبزو سێلا خراپترو .
ژ بابو کەکا شربنترو .
کورکو دینو :ـ
دلکێ منو شیشا چایێ .
باران باری ، وەکی کایێ .
ئەنیا دەلالێ دلێ من با رەشە دەق ژێ نابێ .

ئاوریك لە زانستی تەکنۆکرافی

د. مجید حمید عارف

● جیهان دابەش دەکرێت بۆ چەند کۆمەڵەیەکی مرۆڤایەتیو شارستانیێتی ،وەهەر بەکەیان خاسیەتی گشتی خۆی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە کۆمەڵەکانی تردا لەوانەیە هۆی ئەم جیاوازیەلە نێوان کۆمەڵە شارستانیتیەکان بگەڕێتەوەدیاردەی سروشتیو مرۆڤایەتی یان هەردووکیانبەیەکەوە .

بەڵام ئەمە ناپێت بەرەو ئەم بڕوایەمان بات کە ئەو کۆمەڵانە هەریەکەیان بە جیا لەوی تریان کاری خۆیان بکەن ، یاخود بەرەو جیاوازی یەکی تەواومان بات . ئێستا کە جیهان بە هەموو میللەتو کۆمەڵە مرۆڤایەتی یەکەی یەکە یەکی ڕێکو ـ پێکە لە بەرژەوەندی بە گشتی یەکانیاندا ، هەروەها لە گۆڕینەوەی شارەزایی لە نێوان پارچە لە یەك دوورەکانیاندا . لە هەمان کاتدا ئێمە هەست بەو جیاوازیەیە گەورەیەی نێوان ئەو میللەتو کۆمەڵانە دەکەین ، جا ئەمە لە جۆری ژیانیاندا بێت یاخود لە داب‌و نەریتیان یان لە باوەڕی رامیاری یان یاخود لە سەرچاوەو شارەزایی‌و ڕادەی شارستانیتی‌یاندا بێت .

جیهان پڕیەتی لە دیاردەی سروشتیو مێژوویی‌و مرۆڤی کەوا لە مرۆڤ دەکات نەتوانێت لادانی پێ بکات بە جۆرێك لەسەر ڕووی زەوی بە یەکانگیری بکات . لەبەر ئەوە دەبێت جیهان دابەش کەین بۆ چەند کۆمەڵی مرۆڤایەتی کە هەر یەکەیان خاسیەتی تایبەتی خۆی هەبێت کە جیای بگاتەوە بە شێوەیەکی گشتی یان پارچەیی لە کۆمەڵەکانی تر .

لێکۆڵینەوە ئەنثۆلۆجی یەکان تەنیا توێژینەوەی لەسەر کۆمەڵە سەرەکی‌یەکاندا کرد، کەچی کۆمەڵەلفی‌یەکان یان بچووکەکان یان بچووکەکانی وازی لێ هێنابوو، کە لێرەدا ماوەی دەست نیشان کردن‌و لێکۆڵینەوەی نی‌یە .

ئەو کۆمەڵە مرۆڤایەتیانەش لە ڕووی باری سروشتی‌و نایەکانگیریان لە یەك ناچن. وەهەر کۆمەڵەیەك چەند خاسیەتێکی گشتی هەیە کە جیایان دەکاتەوە لە کۆمەڵەکانی تر . دەتوانین هۆی ئەم لێك‌نەچوونە بگەڕێنینەوە بۆ چەند هۆیەك کە کەلەپووری شارستانیتی ڕۆلی خۆی تیادا بینیووە .

هەندێك لەم کۆمەڵانەش دیار دەکرێت بە مێژووی شارستانیتی وەکوو عەرەب‌و دانیشتوانی ناوەڕاستی ئاسیاو ئەوروپی یەکان . لەهەمان کاتدا هەندێك لەم کۆمەڵانە بەپێچەوانەی ئەوانەوە ئەم خاسیەتیانەیان نی‌یە وەکوو دانیشتوانی ئەمریکاو ئوستراليا‌و نیوزلەندەمێژووکاری ڕاستەو خۆی هەیە لە بوونی هەندێك داب‌و نەریت‌و سیستەمی کۆمەڵایەتی، هەروە ڕامیاری‌و ئابووری‌و باوی ئەم کاتە ، ئەگەر بە مێژووی عەرەبدا دابچینەوە هەر لە سەردەمی نەزانینیان‌و تاوەکوو ئێستاش کاری خۆی هەیە بووە بە پارچەیەك لە ژیانیانداو خاسیەتێکی جیاواز بەکۆمەڵە شارستانی‌تیەکاندا. دیسان گەلێك داب‌و نەریتی هیندی‌و چینی هەیە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کارێکی زۆر دوور ، کەچی ئێستا کاری خۆی دەبینێ لە نێو کۆمەڵدا . کە لەگەڵ ڕەوتیاندا بگونجێ ، بەم شێوە کەلەوپووری شارستانیتی دەچێتە نێو کۆمەڵێك سیستەم‌و یاسای تایبەتی کە ئاڕاستەی کۆمەڵ دەکات جا ئەمە لە پنچینەیەکی دینی‌یان دنیایی هەڵقولا بێت. مادام ئەم بنچینانە لە کۆمەڵێك کۆمەڵێکی تر لە یەك ناچن کەواتە ئەنجامەکانیشیان لە یەك ناچن‌و جیاوازی یان هەیە . ئەمە لە لایەك وە لەلا یەکی ترەوە ئەو دیاردە مرۆڤایەتیانەی کە پەیوەستی بە ژمارەی دانیشتوان یان بە چڕیان یان بە پیشەو ڕادەی ژیانیان وەهەروەها دەبەستێرێنەوە بە ئایینی‌یەکان‌و زمانەکان‌و داب‌و نەریتیان کە پێی ناسراون . هەروەها ئەمەدەتوانێت جیاوازی دروست بکات لە نێوان کۆمەڵە مرۆڤایەتی یە جیاوازەکان وەکوو عەرەب‌و دانیشتیوانی ناوەڕاستی ئاسیا کە باوەڕیان بە دینی ئیسلامی‌یەو وایان لێ دەکات پەبڕەوی بناغەیەکی دیار کراویکەن کە بتوانێت ئاڕاستەی تاکە کەسیان بکات جیاواز بێت لە ئاڕاستە کردنی ئایینی مەسیحی‌و بوذی‌و ئایینی‌یەکان ئاسمانی تر . هەروەها چالاکی ئابووری دانیشتوانی کاری خۆی هەیە .

هەندێك کۆمەڵەی تر هەیە وەکوو کۆمەڵەی پیشەسازی‌و لە وەڕی‌و کشتوکالی کە هەریەکەیان دانیشتوان بە جۆرێکی شارستانیتی دیار کراو دەبان . ئەمەو ژمارەیەکی گەورەو چڕیەکی بەرز وا دەکات ـ سیستەمی ئابووری دیاری کراو بەرەو سەرخستن بات بەم شێوەیە کۆمەڵ بەرەو کشتوکالی چڕو سووك یان پیشەساری گران‌و بەکارهێنانی‌و هیئی تریش . بەپێی بوونی سەرچاوەی سروشتی‌و شارەزایی بە مرۆڤایەتی‌و پێویستی بە شمەك بوون دەبات .

هەموو ئەمانە کۆمەڵی لە یەك نەچوو دروست دەکات .

بێجگە لە سیستەمە سیاسی‌یەکان کە کاری تایبەتی خۆی لە بواری ژیاندا هەیە . بەڵام دیاردە سروشتی‌یەکانی سەر ڕووی زەوی‌و لێك نەچوونیان لە دەشتی پان‌و بەرین بۆ زنجیرە چیای بەرزو بانی گەورەو ڕوو بارو دەریا ، هەر وەئەو زەویانەی کە هەندێکیان بە تەواوی‌و شکن‌و بە شێوەیەکی ڕوون ئاوی نی‌یەو لە هەمان کاتدا هەندێ زەوی تر لافاوی گەورەی تیا ڕوودەداو بارانێکی زۆری لێ دەبارێ بەڵام هەندێ شوێنی تر هەیە کە دەکەوێتە بەر بارێکی بەر دەوامی هاوین یان زستان لە هەمان‌کاتدا لە ئاسیا وەرزی بارانێکی هاوینی زۆر دەبارێت .

لە لایەکی ترەوە هیچ بارانێك نابارێت تەنیا بە شێوەیەکی دەگمەن لە ناوچە بیابانە فراوانەکاندا نەبێت. وەکوو بیابانی نیمچە دوورگەری عەرەب‌و بیابانی گەورە لە باکووری ئەفریقیا. ئەم لە یەك نەچوونە سروشتی‌یە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر کارێکی ڕوونی لە ژیانی دانیشتوان‌دا هەیە.

ژیانی دانیشتوانی ئاسیای جولەیی‌و وەرزی جیاواز ، لەژیانی عەرەبی نیمچە دورگە کەم ئاوی‌یەکە ـ یان هەروەلە ئەفریقیای خولگە پیش .

کەلەپووری شارستانیتی‌و دیاردە سروشتی‌و مرۆڤایەتی‌یەکان هەموویان لەگەڵ یەك شێوەیەکی تەواو ئەم جیاوازیانەودا بەش‌کردنە هەرێمایەتی بە لە دانیشتوانی سەر ڕووی زەوی دروست دەکەن .

دیارکردنی توێژینەوە ئەتنولوجی‌و ئەتنوگرافیەکان: کەلەپووری مبللی بە تۆمارێکی ڕاسنگو دادەنرێت بۆ ئەو دەورە بەرەی دروستی کردووە هەروەها وێنەیەکی ڕەسەنی خاسیەتیەکانی لەسەر دروست دەبێت .

ئەتنولوجیا بریتی‌یە لە لێکولینەوە لە میللەت‌و نەتەوەکان ، بەڵام ئەتنوگرافیا بریتی‌یە لە زانستی وەسف‌کردنی میللەت‌و نەتەوەکان هەروەها تۆمارکردنی ماددە ڕۆشنبیری‌یەکان لە کاری مەیدانی دیار دەکات هەروەها وەسفی ڕووەکانی چالاکی ژیاری (المعاش) دەکات ، بەڵام هەندێك قوتابخانە ئەنثرۆپولۆجیەکان بەتایبەتی لە ولاتە سۆشیالیستەکان‌و فللەندەدازاراوەی (ئەتنوکرافیا) بەکار دەهێنن وەکوو لە جیانی یەك بۆ ئەتنولۆجیا . کە دلنیایی (واتە ئەتنولۆجیا) لەسەر لێکۆڵینەوەی شی‌کردنەوەی بە راووردکاری بۆ ڕۆشنبیری مرۆڤایەتی‌یە جیاوازی‌یەکان دەکات .

بەیەکدا چوونی زاراوە زانستی‌یەکان ، واتە ئەو زاراوانەی کە پەیوەستەیە لێکۆڵینەوەی ڕۆشنبیری میللی یان کە لە پووری میللی لەلایەن ئەکادیمیەکان . بە شێوەیێکی ڕوون لە زۆر ولاتاندا بە زۆر زاراوەو ناو خۆی پیشان دەدات لە ئەلمانیاو هۆلەندە زاراوەی (فۆلکسکندە)

(Volkskunda)

کەمانای زانستی کە لەپووری میللی دێت بەکار دەهێنن ، بە شێوێکی گشتی ئەتنولوجیا لایەن ڕۆشنبیری میللی بە هەردوو ڕووی ماددی‌و ڕوحی دەگرێتە خۆوە لە هەمان کاتدا فۆلکلۆر گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوەی کەلەپووری میللی سەرزمان یان ئەدەبی سەر زمانی میللەتەکە .

ئەوەی ناسراوەو شەی (Ethnog) کە ڕەگێکی گریکی هەیەو بە مانای میللەت یاخود نەتەوە دێت لە هەموو زمانی میللەتەکان سەر ڕووی زەوی گەلێك چەمکی (مفهوم) جۆرە بە جۆر هەیە بووشەی نەتەوە کە بە مانای هاونیشتمانێتی، یان جێ نشینی دێت، وەکوو گەلی عراق یان میسری یان ئینگلیزی یان نەتەوە وەکوو گەلی عەرەب ، ئەڕەنجی ، ژەرمانی . بەڵام وشەی

(Folk)

ڕەگێکی ژەرمانی هەیە مانای گەل دێت . بەڵام (Love) بەمانای حکمە دێت . بەڵام وەرگێڕانی ،ووشەیی بۆ ووشەی فۆلکلۆر بە مانای (حکمەی گەل) یان (پێزانینی میللی) دێت .

ئەتنولۆجیاو ئەنثوگرافیاو فۆلکلۆر بەشداری دەکەن هەر وەکوو دیاردە لە زانستی ئەنثرۆپولۆجیای کۆمەڵایەتی لە شی‌کردنەوەی پەیوەندی‌یە کار لێکەرەکان‌و کارلێکردنی گۆڕاوە لە نێوان ڕۆشنبیری جیاوازە وە جا ئەمە ئەگەر ڕۆشنبیرێکی پێشکەوتوویان سەرەتایی بێت، کە ئەمەش دەناسرێ بە بەیەك گەیاندنی شارستانیتی یان ڕۆشنبیری هەروە ئەنجامەکان کارلێکردنی گۆڕاوە لە نێوان ڕۆشنبیری جیاوازەکان . هەروە توانینی سوودوەرگرتن لێی بۆ چارە سەرکردنی گیروگرفتە مرۆڤایەتی‌یەکان .

ئەمڕۆ ئەم زانستانە بەشداری لە کێشانی پڕۆگرامێکی ڕون لە خالە سەرەکی‌یەکان‌و پەیامە زانستی‌و نەتەوایەکەی بۆ پێش خستنی بەرهەم هێنراوەکان کە سوودبە بەکار هێنەرەکان ، لە کێشانی سیاسەتی ڕۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی بۆ هەموو مرۆڤایەتی دەگەیێنێت . پێ ناسینی کۆمەڵە جیاوازەکان (لەنیویەك نیشتماندا) لە یەکتری خزمەتێکی بنەڕەتی یە بۆ جێبەجێکردنی یەك گەیشتن لە نێوانیاندا ، هەروەش کردنەوەی باری تایبەتی هەر یەکەیان‌و ئوێکاری کردنی گیروگرفتە ناوخۆیی‌یە تایبەتی‌یەیەکان کە ڕوو بە ڕووی دەبن ، تیشك خستنە سەر ئەو بەربەستە کەورانەی کە لە بەردەمی ئەو پێگەبشتنە دەوەستن هەموو ئەمە ئامانجێکە دەتوانرێت لێکۆڵینەوەی زانستی مرۆڤ خزمەتی بکات .

زانستی کشتوکاڵ

جەمال خدر احمد

بێ گومان بە ڕوبومی ئاژەڵی ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێ لە ژیانی ڕۆژانەی ئادەمیزاد ،چونکە لەم ساڵانەی دوایی‌دا بایەخێکی گەورە دراوەتە ئەمساماە بە نرخەو هەر ئەم بەرهەمەیەشە وەك هێلکە ،گۆشت کە بریتین لە چەندەها کەرەستەی بە نرخ وەك فیتامینات‌و کالسیوم ... وپروتین ... هتد کە لەشی‌مرۆڤ ووزەیەکی باشی لێ وەردەگری .

گەلێ بەرپەچ هەیە کە ریگا لەبەر دەم ڕەوڕەوەی پەرەپێدانی ئەم سامانە ئەگرێ کە کارێکی ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر چەندی بەرهەم ، لەوانە نەخۆشی نیوکاسل کە بریتی‌یە لە نەخۆشی‌یەکی فایرەسی کە تووشی پەڕەوڵ ئەبێت‌و ژمارەیەکی زۆری لە ناو ئەباتن کە زۆر جار وایە ڕیژەی لە ناوبردنی ئەگاتە ١٠٠٪ی پەڕەوڵ بەتایبەت لە کێڵگەو لادێ یەکان .

ریقنە سپلکەو دەرکەوتنی لیکاوو شلەمەنی لەدەمی پەڕەوڵ نیشانەی تووش بوونە هەروەها پەرەوڵەکە ملی خوار ئەبێت وگێڕو وێڕ ئەبێت‌و لە خواردن دوور ئەبێت ، دەرمانی ئەم نەخۆشیەش بەخۆیەوەتی کە پێی ئەڵێن New-Casel واتە کاسلی نوێ کە لە ـ لاسۆتا ـ دروست دەکرێت .

لەسەر ژمێریکی تایبەتی کە لەساڵی ١٩٨٢ کرا دەرکەوت کە ٢٫٠٧٦٣٠٫٠٠٠ ملیون جەرعە دروست کرا لەم دەرمانە .

ڕابەری‌ی بەکارهێنان :ـ

١ـ پێویستە ئەم لوقاحە لە بەستێنەر بپارێزێت‌و بەهۆی ترمس لە شوێنێکی تر بگۆزرێتەوە. چونکە پلەی گەرمی کار دەکاتە سەر کارکردنی وەك:ـأـ ٢٠ سەدی ئەبێتە هۆی پیس‌کردنی پاش ١٥ـ٢٤ کاتژمێر .

ب ـ ٣٧ سەدی دەبێتە هۆی پیس‌کردنی پاش ١ـ٨کاتژمێر

ج ـ ٥٦ سەدی توشی پیس‌کردنی ئەکا پاش ٥چرکە.

د ـ ١٠٠سەدی کت‌وپر پیس ئەکاتن .

٢ ـ ئەگەر لقاحەکە بەستی بوو ئەبێ هەمووی بەکار بهێنیت‌و نابێ بیگەڕێنیتەوە بەستێنەر جارێکی تر بۆ بەستنی .

٣ ـ دەتوانرێ لووقاحی ووشك لە ژێر پلەی گەرمی تەمەنی ١٩ ـ ٢١ ڕۆژ بە ریگای ئاوی خواردنەوە چاك ئەکرێ .

٣ـ چاککردنی سێهەم :لە تەمەنی ٣٣ ـ ٣٥ ڕۆژ بە ریگای ئاوی خواردنەوە چاك ئەکرێ .

هەروەها پەرەوڵەکان مەترسیەك کرد .

٢٠ سەدی بۆ (١٨) بپارێزرێت .

٤ ـ شێوەکانی چاك‌کردن :

١ ـ چاککردنی بەکەم: لە تەمەنی ٥ـ٧ ڕۆژ بە ریگای ئاوی خواردنەوە چاك‌ئەکرێ.

٢ ـ چاککردنی دووەم : لە تەمەنی ٣٣ ـ ٣٥ ڕۆژ بە ریگای ئاوی خواردنەوە چاك ئەکرێ .

بە هۆی تێنوکردن لە چاك کردنی یەکەم بە ٢ کاتژمێر لە هاوین‌و ٣ کاتژمێر لەزستان چاك دەکرێ ونابێ ئەو ئاوەی دەرمانی تیا ئەکرێ ماددەی کلۆری تیا بێت . ئیتر ئەمانەو کەلێ نەخۆشی تر کە کار دەکەنە سەر ئەم سامانە گرنگەو مەحالە کاریش دە کاتە سەر ئابووری وولات‌و ئەبێ برای جوتباریش بەشداری ئەم مەسەلە گرنگە بکات‌و خێرا فریای پەڕەوڵەکانی بێت یان ئاگاداری بەتالخانەکان بکات کاتێ هەستی بە مەترسیەك کرد .

فلاشی ئەلەکترۆنی

تیشکی فلاشی ئەلەکترۆنی‌هەرزانترین تیشکی دەستکردە (١) کە بەدەست وێنەگر دەکەوێت سەرمرای ئەوەی لەجۆرەکانی تریش (عملی)ترەوە ئەنجامی باشتریشی دێنێتە کایەوە .

پێش حەفتاکان جۆرە فلاشی ئەلەکترۆنی ڕاستەو خۆ هەبوو ، وێنەگر هانای بۆ دەبرد لە وێنەگرتنی نێو ژوورو هۆلدا،بەڵام دووچاری گرفتی ئەوە دەبوو ، سێبەرێکی تۆخ وەیا تاریك لەگەڵ کەسەکانی وێنەکە دەردەچوون زۆر جار جوانی وێنەکەی بە تەواوەتی دەهێنایە سەر سفر . بەڵام دوای ساڵانی هەشتاو بەسەرەوە جۆرە فلاشێکی ئەلەکترۆنی تایبەتی کەوتە نێو بازاڕەوە، کە بریتی‌یە لە دوو بەشی تیشك فڕێدەر لە یەك بەدەندا ، بەشی سەرەوەی گۆڕەرە کەوێنەگر دەتوانێ بیسوڕێنێ لەخوارەوە بۆ سەرەوە بە گۆشەی لە (٠ـ٩٠) بەڵام بەشەکەی تری لە خوارەوەیە کە نەگۆڕەرە ، تیشك ڕاستەو خۆ بۆ پێشەوە فڕێ دەدا .

لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە، دەتوانی هەر بەشێك بەجیا جیا بەکار بێنی وەیا هەردوو بەشەکە لەهەمان کاتدا بەیەکەوە بەکار بێنی بەگوێرەی پێویستیت . ئەمەو زیاتریش ، هەندێك (فلتەر)یشیان لەگەڵدایە ، کەئەفرێتە بەردەم جامی پێشەوەی فلاشەکە ، بەمەتیشکی ڕەنگاو ڕەنگت دەست دەکەوێ .

بەبەشی سەرەوەی فلاشەکە دەتوانی ڕووەو بنمیچی ژوورەکەتی بکەی لەکاتی وێنە گرتندا بە گۆشەیەتی (٩٠) ، وە بەشەکەی خوارەوەش بەکار بێنی ، لەم حالەتەدا ئەو وێنەیەی دەستت دەکەوێ تۆخی تیا نابینی ، بەڵکو وێنەیەکی قەشەنگت دەست دەکەوێت .

لەمەش زیاتر جاران فلاش دروست دەکرا لەسەر بناغەی ئەوەی کە بەکار بهێنرێت لەگەڵ کامیرای هاوێنە(٢) نورمال (وانە ٥٠ ملم) بەڵام ئەمڕۆ بەم جۆرە فلاشەی سەرەوە کەباسمان کرد دەتوانی وێنە بەکامیرای هاوێنە کراوەش بگری بەمەرجێك ئەدێپتەر(٣) ( )ی‌تیشك بڵاوکەرەوە لەگەڵ فلاشە ئەلەکترونیەکەت بەکار بێنی.

١ ـ بۆنموونە : بە چوار پێلی قەلەم نزیکەی (١٠٠) وێنەی پێ دەگیرێت .

٢ ـ هاوێنە : عدسە .

٣ ـ ئەدێپتەر : پاشکۆی هەر ئامێرێك .

فارس سەعدی

چەوا دێ باهیڤو حاجی باهیڤکێت تەحـل شرین‌کەی ؟

یا ئەشکەرایە د ناڤ‌مللەتێ مەیێ کورد دا کۆ گەلەك کارا پێ ڕادبن بۆ تشتێ هاڤێتنێ تشتەکێ دی ژێدرست کەن ، یانوی تشتێ بکار نەهێت وە لێ‌بکەن کۆب کار بێت .

مللەتێ مە گەلەك کارێت هۆسا بێ دناڤ هەین ، ئو ب ئانەهیا خودێ دێ گەلەك کارێت دی نقیسین دانەهێنە بەرزەکرن چنکی ئەڤ کارە بەشەکە یان ڕێکەکە ژ پێش کەفتنا مللەتێ مە ژ لابێ پیشەسازی‌و شارستانی یێ ڤە. باهیڤو حاجی باهیڤکێت تەحل دبەرێ دا دکرنە (سابوین) یان دابڕن ژبنێ وێ ئەدهێلان شوین‌بن یان داهێلنە ل بنێ وان نە دڤێدان ، دگۆ تارەکا دی دا ڕێکا درست‌کرنا سابوینی دێ نڤیسین ، بڤی ڕەنگی دێهێنە شرین کرن ئەو ژی دێ کەینە چەند نیشانەك :ـ

١ ـ دەمێ تەڤێدان‌و ئینان کرنە کاکل (هەمی شکاندن) .

٢ ـ پاش چوار .. پێنج ڕۆژەکا دێ کەیە دناڤ ئاڤێ دا ب نمیێن ، هەرو دێ ئاڤا وان گوهوڕی .

٣ ـ باهیڤ و حاجی باهێکێت خو دێ‌کەلینی وان ب هەتا هەمیا تیڤلێ وان ب سەر دابێت .

٤ ـ دەمێ تیڤلێ وان ب سەردا هات دێ کەیە ناڤ ئاڤە خوێ ڕۆژەکێ دووا .

٥ ـ پاش دێ دانیە بەر هەتاڤێ هەتا هشك بن .

٦ ـ شتی هینگێ دێ شرین بن !!

٧ ـ پشتی شرین بوونێ دێ قەلینی .

٨ ـ بەلێ یا ژ هەمیا پێدڤی تر ئەوە تو بکەیە دناڤ دەغەلێت دی تر دا ئو بخۆی ب دلەکێ خۆش .

ئەڤ کارە گەلەك یێ پێدڤی‌یە چنکی دناڤ ئاخا کوردستانێ دا گەلەك باهیڤو حاجی باهیکێت تەحل ڕێت هەبن ئو دمینە پێڤەو دکەڤنە بنێ وان و پویچ دبن ژبێ خودان و نەزانینێ !! .

پۆستەی لاپەڕە

● کاك محمد صالح لەقەلادزێ ..ئەو نەخۆشی‌یە کوردەواری‌یانەی ناردبوونت کاتی خۆی بڵاوکراونەتەوە ، هیوادارین بەرهەمی باشترمان بۆ بنێریت .

● بۆ خاوەنی .. (ژەهراوی بوون بە هۆی دەرمانەوە) شێوەی داڕشتنەکەت لاوازەو ناوی سەرچاوەی باسەکەشت نەنووسیوە، داوای بەرهەمی بە پێزترت لێ دەکەین .

● بۆخوشکە ش . ق لە سلێمانی ببوورە لە بڵاوکردنەوەی باسەکەت چونکە ناوی خۆت بەتەواوەتی نەنووسیوەو ناونیشانت دیاری نەکردوە .

● کاك جەزا دلپاك لە هەولێر چاوەڕوانی بەرهەمی باشترو بەپێزترت لێدەکەین‌و لەمەودوا سەرچاوەی باسەکەت دیاری بکە .

Institut kurde de Paris

بۆ بەرچاوی شارەوانی هەولێر

گەڕەکی سێطاقان یەکێکە لە گەڕەکە دێرینەکانی هەولێرو مەبەستمان ئەوە بەشەیە کە کەوتۆتە پشت شەقامی ٦٠ مەترەوە بە لای ڕۆژهەڵاتو دەکەوێتە نێوان مزگەوتی حاجی موڕادو شێخ نصرالدین ئەو بەشەش لە شەقامێکی سەرەکیو ١١ کۆڵانی لقی پێکهاتووە . تاکوو ئێستا لە سێ کۆڵان زیاتری چاك نەکراوەو بە جارێك خراوەتە پشت گوێ . بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیان بە چاك کردنی کۆڵانەکانو لابردنی ئەو جۆگە ئاوانە هەیە کە بە کۆڵانەکاندا دەڕوات ، چونکە لە زستانا ناتوانیت بپەڕیتەوە ئەگەر بە بەلەم نەبێت خۆ لە هاوبنیش لەبەر بۆنی قوڕەشین ناتوانیت بڕێ . ئایا هەتاکوو کەی ئەم گەڕەکە لەم چاوەنواڕیەدا بمێنێتەوە . خۆ ئەمڕۆکە هیچ کونجو کەلێنێکی وولات نەماوە لە ڕووناکایی بێبەش بێت . هیوادارین چارەسەرێکی بۆ ئەم گەڕەکە بدۆزنەوە .

زیاد کەریم خدر

ببورە

برای خوێنەر کاك شەیدا لە هەولێر :

لەسەر دیاردەیەکت نووسیوە کە پێویستە لەسەری بنووسرێو بەڵگەشت بەدەستەوەیە جا کەواتە ناوی تەواوی خۆت بۆ نانووسی تا گومان لە ڕاستی بۆچوونەکەت نەکرێو بەوەش خزمەتێ بە گشت بکەیەنی ... ببورەو سوپاسیش . .

لەم گوندەوە :

پێویستمان بە خزمەتی تەندروستی یە

نامەی هاوولاتی عبد الرحمن محمد مەمەند لە گوندی قەرەتەبە لە پارێزگای سلێمانی دەڵێ :

ئێمە لە گوندێکی گەورەداین کە دوو گوندی تری هاتۆتە سەر بەهۆی فراوان بوونیەوە : قەرەتەپە ، مەمەنداواو دێلێژە .. تا ئێستا خەستەخانەمان نیەو لە خزمەتی تەندروستی بەدوورین ..

هیوادارین ئاوڕێك لە خواستی ئەم گوندە بدرێتەوە .

جارێکی تر ...

کە لە نووسینکەی ـ هاوکاری هاتمەدەرو بیرم لە شتێکی تازە دەکردەوەو دوای پێداچوونەوەیەك ، بڕیارمدا لە گەشتەکەدا ، تەنیا چاوی کامیرا ببێتە قسەو بدوێ .. چاوی کامیرا کە ڕاستی وەك خۆی دەخاتە پێش چاو ..

شارەوانی هەولێر

بەر لە هەموو شتێکیش دیمەنی شارەکە کە دەشێ ببێتە مادەی ڕاستی سەرڕووی لاپەڕەی ڕۆژنامەکان.. بەمەش .. شارەوانی هەولێر بە پلەی یەکەم ، واتە لە ڕادەی لێپرسراوی یەکەم خۆی دەنوێنێ ... ئەوە ڕاستیەی کە ناکرێ بخرێتە لاوە .. شارەوانی لە ڕووی باکو خاوێنی شەقامە دیارەکانی ناوبازاڕ قۆڵی کۆڵانەکانی تر ئەوە هیچ نموونەیەك بەدی ناکەیت کە دەستی شارەوانی تێدا دیاربێ .. بەڵکو لە هەندێ کورتە شەقامو گەڕەك سوێندی ئەوە دەخۆی زەلامی شارەوانی هەر لە لێپرسراو تا دەکەبتە بچووکترین جاودێری باکو خاوێنی پێدا هەڵمالیوە .. بەڵام کە دەڵێم شەقامە گشتیەکان مەبەستم تەنیا ئەو شوێنانەیە کە لەبەرچاوی لێپرسراواندایە. ئیتر کە دەچیتە شەقامو چەند کۆڵانێکەو هەر یەکێکیان پڕە لە لۆری بۆگەن بوونو زەلکاوو چڵپاوو بۆنو بەرامی ڕۆژە ڕێیەك دەڕوات .. شەوانە کە خەڵکی گەڕەکەکان دەیانەوێ بخەون ، لەبەر پێشکەو جەشنەها شتی تر خەویان لێ حەرام دەبێ ... هەندێ گۆماو لە نێوان تەیراوە ـ شەستی کۆبۆتەوە ..منالانی ئەو گەڕەکەی نووشی چەندەها نەخۆشی کردووە ... کە لێشیان دەپرسی .. هاوولاتیان تێکڕا بێتاری خۆیان دەنوێنن و سکالاکەی خۆیان دوای چەند جارێ ئاراستەی شارەوانی کردووەو لە کۆڵ کراونەتەوە. خۆ ئۆتۆمۆبیلی شارەوانی بۆ خاوێن کردن بڕای بڕ ڕووی وەرنەگێڕاوەتە ئەو گەڕەکانە. سەبر لەوەدایە کە ئاوبشی تێدا قاتی یەو بێ ئاوی و ئەم ڕەت نەبووە .. ئەوەی کە ئێمە بینیمان بەشێکی بچووکی ئەو کەمتەرخەمی یە ..گەڕەکی نێوان مزگەوتی سپی ـ شەقامی شەستی وێنە تاڵانە بەکتریان کرتۆتەوەو حبرۆکێکی تاڵیان دروست کردووە کە ڕووداوەکانی بە بینین نەبێ ناگێڕدرێتەوە !

کە سەرنج دەدەبتە دەوروبەری هەندێ لە دامو دەزگاکان پڕە لە پاشماوەی کۆنینەی چەند ساڵێکو تا ئێستا بیر لە ڕامالینیان نەکراوەتەوە .. کە ڕووی ئەو دامو دەزگانەی شێواندووە .. لەوانەش دەوروبەری کتێبخانەی گشتی ی هەولێر. یان بشتەوەی نەخۆشخانەی هەولێر .. بان تەنیشت ئەمێندارێتی گشتی ڕۆشنبیریو لاوان ...

لە ئەنجامی ئەوە ، هەندێ لە گەڕەکەکان بوونەتە مۆڵگەی ئاژەڵو بە ئارەزووی خۆیان پیاسەو هاتوچۆی تێدا دەکەن ..

باخچەی هەولێر بەو هەموو گەورەیی یەی خۆیەوە باخچەی گلکەندرێکی تێدایەو بیر لەوە نەکراوەتەوە ..یەك دوو باخچەی نوێی پێویست ڕێك بخرێو .. خەڵکی هەولێر ئێوارەیەکی تێدا بەسەربەرن ..

دەگەڕێینەوە سەر گەڕەکە چڵپاوەکانو داخوازی ئەو گەڕەکانە دەخەینە بەردەم شارەوانی ... ئەگەرچی ئەمە یەکەم جار نیە لەسەر شارەوانی بنووسرێ ، بەڵام هیوادارین ، برایان کارگێڕانی ئەو دەزگایا خزمەتکوزاریی یە بەتەنگ خەڵکەوە بێن .. خۆ ئەوانیش بەشێکن لە خەڵك!!

شێرزاد عبدالرحمن
لقی هەولێر

ڕۆژی سەرکەوتنی گەورە

شەوی دوو شەممە لەسەر سێ شەممە پاڵەوانەکانی لیوای ٤٣٤ لە فەیلەقی دووی دلێر بەپێی نەخشەیەکی ستراتیژی ورد هەڵمەتێکی مەردانەیان بردە سەر سەنگەرو بنکەکانی دوژمنی ئێرانی داخ لەدڵ لەکەرتی ناوەراستو مەردانە ئەرکی خۆیان بەجێ هێناو دوژمنیان تەفرو تونا کرد . ئەم وێنانە بەڵگەی سەرکەوتنی ڕووناکی ئێمەو هەرەس هێنانی دوژمنی نارەسەنن .

شانۆو ـ پاشماوە

شوێنێکی کەدا دەڵێ : خۆزگە فلانە ئەکتەر وا ساردو سڕ نەبوایەو وئیلقاکەی وا وا بوایە.» «کەسێکی دیش لە گۆڤاری ئاسۆی زانکۆی دەڵی فلانە ئەکتەر بەم نواندنەی لە دەوری «...» گەبشتە لوتکەو ئیتر نابێ لەمەودوا لە بەرهەمی تردا هەڵبسەنگێنین» یا ڕەخنەگرێکی تر لە گۆڤارێکی تردا لە نوسینەکەیدا بۆی ساغ نەبۆتەوە کە قولە ڕەشەکان لە شانۆگەری دوڕەگدا ، قولە ڕەشی باشووری ئەمریکایە یا باشووری ئەفریقیا . یا یەکێکی دی دەڵی فلانە ئەکتەر لە فلانە شانۆگەریدا خۆی دوبارە کردەوە . چاکە بوبا بپرسینو بڵیین . ئایەتارادەیەك سەرکەوتوو بوو یانی چی ؟ ئەم «تارادەیە» لە فەرهەنگی ڕەخنەگرتنو هەڵسەنگاندنی هونەری شانۆیی‌دا بەتایبەتیش هونەری نواندن هیچ ناگەیەنێو هەڵسەنگاندنی داهێنانێکی هونەری بەم شێوە سەر پێیە نابێو لە نەرانین بەولاوە هیچی تر ناداتە دەستەوە . ئەمە ئەگەر سیلەی ڕەحمیان بجوڵیو باسی لایەنی هونەری شانۆگەریەکە بکەن ، چونکە وا باوەو هەر واش بووە لە کوردستانی ئێمە ، نووسینو ڕەخنەگرتن لە شانۆ وەك کارێکی هونەری تەنها لە ڕووی ناوەڕۆکەوە کراوەو ، باس لە بابەتەکە کراوە وەك ناوەرۆك . زۆر جاریش ئەم ڕەخنەگرە یا با بڵیین ئینتیباع دەربڕە بە هەڵەدا دەچێت لە دۆزینەوەی دەزولەی بیرۆکەکەو مەبەستی نوسەری شانۆگەریەکە بە پێی بۆ چونی خۆیو چۆنی بۆ بڕە خسێ لێی ئەدوێ .

ئا ئەمەیە هەموو شارەزاییو تێگەیشتنی بە ناوە ڕەخنە گرەکانی ئێمەی بە سزمانو بەم شێوەیە لە یەکێك لە هەرە هونەرە مەزنەکانی مرۆڤایەتی تێڵەگەن بۆ ئەوەی ئەم دیاردە نابەجێیە نەمێنیو ڕەخنەی شانۆیی شێوەو قالبی دروستی خۆی وەرگرێ .

فرە خوێنینەوەو سوود وەرگرتن لە ئەزموونو تاقی‌کردنەوە هونەرییەکان سەنگی مەحەکە .

سەرئجێك ـ پاشماوە

(سی) (دۆ) (ڕێ ـ ڕێ)
(ڕێ) (دو) (فا ـ سی)
(ڕێ) (دۆ) (سی)
(لا) ئەم شێوەی دەست پێ‌کردنی لاوکە .

ئەگەر چی ئەم شێوەیە هێندێ جار بە مەقامی (حیجاز) ئەوترێ ئەویش هەواو هەستانی جیاوازی هەیە لەگەڵ (حیجاز) وەسکێلی مەقامی (حیجاز)یش بەم شێوە دەست پێ ئەکات. ئەگەر هاتوو لەسەر پلەی (ڕێ) وەرمان گرت سکێلەی بەم شێوەیە ئەبێت .

ڕی می‌بیمول / فادیز / صول /لا سی‌بیمول/دۆ/ڕی جا لێرەدا مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ئەوانەی هەولێ بلاو کردنەوەی بابەتی گۆرانیو مۆسیقایی کوردی ئەدەن لەسەر ئەم شێوەیە پێدابڕۆنو هیچ لایەنێکی پێ شێل نەکەن لە هۆنراوەکە نە ئاوازەکەو بە پووختی بێتەبە ردەست خۆێندەواران وەکو ئەرشیف جێگای خۆیی ئەکاتەوە . بۆ داهاتوو ڕوی ڕاستی ئاوازەکانمان هەر وەکو خۆیی ئەمێنتەوە .

ئەمەوێ لە کۆتایی بڵێم ئەمڕۆ لەگەڵ هەنگاوەکانی پێشەکەوتنی شارستانیەت مۆسیقاو گۆرانی لەو قۆناغە دەرچووە کە بۆ پرکردنەوە یا قرتاندنی کات بەکار بهێنرێ بەڵکو یەکێکە لەو هۆیانەی پارێزگاری لە مانەوەی ژیانو ڕووی ڕاستی ژیان ئەکات .

پەروەردە ـ پاشماوە

چاترە وەك لە بوونیان هەروەك پەندێکی کوردی خۆشمان هەیە کە دەڵێ « هەموو شتێ بە خوێیو خوێش بە مانا » واتە هەموو شتێ سنورێکی بۆ کێشراوەو دەرچون لەم سنورە دەرچونە لەم سروشتە .

وێڕای ئەمانەش چەند خاڵێك هەیە کە زۆر پێویستە دایك و باوك لێی دوورکەونەوە و لە فەرهەنگی ژیانا بیسڕنەوە کە خاڵەکانیش ئەمانەی خوارەوەن :ـ

١ ـ دوور کەوتنەوە لە لێدانی منال و جنێو پێ دانی کە هەندێك بە داخەوە کردوبانەیە بناغەی پەروەردەکردن .

٢ ـ پیویستە دایك و باوك گەر قڕە و قاڵیشیان بوو ئەوا لای منالەکانیان نەبن چونکە کارێکی زۆر دەکاتە سەر دەرونی منالو تووشی کریێ دەکات.

٣ ـ جولانەوە بە نەرمی و مێشك بەکار هێنان و قسەی خۆش هەروەك پەندێکمان هەیە دەڵێت « بە قسەی خۆش مار لە کون دێتە دەر »

هونەرمەند ـ پاشماوە

(سیزان) و بڤێ چەندێ روبنسی گەلەك شیاناخۆ وەختی خوو هزرا خو تەرخان کر بو هونەرێ تەشکیلی .

ـ روبنسی د ژیانا خودا یاهونەری (٢٠٠٠) کەسال چێکربون .

ـ ل سالا (١٦٤٠) روبنسی چو بەر دلوڤانیا خودێ .

ژێدەر

١ـ کوڤارا [ئافاق عربیە] ژمارە (٣) ساڵا ١٩٧٧ بەغدا
٢ـ کوڤارا (فنون) ژمارە (٢) ساڵا ١٩٧٨ بەغدا .

Institut Kurde de Paris

«هاوکاری» لە ئامۆژگای

ئامادەکردنی مامۆستایانی هەولێر

بەرێوەبەر :ـ

- ئەمساڵ بەشێکی تایبەتیمان کردەوە بۆ وەرزش و لە قۆناغی یەکەمدا ٥٠ قوتابی وەرگیران
- ئامۆژگا شەهادەنامەی (دبلوم) دەداتە قوتابیان

داوا دەکەین کە ئاوڕێك لە بەشە ناوخۆیی یەکان بدەنەوە بە نیازی چاك کردنی ژیانمان ...

● لەقۆناغی ئەمڕۆدا مەسەلەی باری خوێندن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەنگاوی چاکتر دەهاوێژێ لەپێناوی بەخشینی زیاتر بۆ ئەوەی مەسەلەی ڕۆشنبیریەت و شارستانیەت لەگەڵیا پەرەبسێنێ ، زانکۆو ئامۆژگاکانی وولات دەورێکی کاریگەریان گێڕاوە لەم بوارەوە ، توانیویانە بەهەموو گێڕاوە کۆمەڵایەتی یەکاندا داپچنەوەو بن بڕی بکەن بەتایبەت ئەو نەرینانەی کە چوارچێوەیان لە بەردەم پێشکەوتن و شارستانیەت گرتبوو ..

ئامۆژگاری ئامادەکردنی مامۆستایانیش لە هەولێر ئەو ئەهجە پیرۆزەی گرتووەو تاکو ئێستاکە توانیویەتی ئەوەی لەتوانای داهەیە دەری بخات و بیبەخشێتەوە ...

زانکۆ ئەگەر بە تەواویش تەماشا نەکرێ ئەوە تۆزێك ئەو سیفەیەی پێوەیە، بەڵام بەداخەوە لەم ئامۆژگایە ئێمە تاکو ئێستاکە مامەلەی قوتابیەکی سەرەتایمان لەگەڵدا دەکەن بەلگەشمان بۆ ئەم قسانەمان لەنێوانی هەر دەرسێك‌دا (٥)دەقیقە (پشوو) هەیە ئەمە سەرەڕای ئەو (ڕەحلانەی) کە بۆمان لەژورەکاندا دانراوە ... شتێکی تر هەیە کە حەفی منو هەموو قوتابی‌یەکی ئەو ئامۆژگایەیە کە مەسەلەی(مەنهەج) لە ئاستی ئێمەدا نیە .. هەر خۆشت سەیری ئەم بینایەتە بکە .. جاروبار شتی زۆر سەیر ڕوودەدا ... ئەمە بێجگە لە موعاناتمان لە بەشە ناوخۆیەکان با ئەم برادەرانە دەری‌بڕن ، چونکە ئەوان لە بەشە ناوخۆیی‌یەکانا دەژین ...

باشە خوشکە میدیا سعید فادر قوتابی پۆلی یەك چی دەڵێ ..

بەشە ناوخۆیی‌یەکان گەلێك کەم‌و کورتی تێدا بەدی دەکرێ لەمانە لەژوورێکدا (٩) قوتابی لێ‌هاتەوە . بەڵام بەرای من وەرگرتنی مەرکەزی چاکترە . دەمەوێ شتێکی تر هەیە بیڵێم کە ئەوبش وەرگرتنی شەهادەنامەی « دبلوم »ە ئەمە لە ئەنجامی ئەو دەورانەی کە قوتابیان دەیکەن لە پشووی هاوین‌دا واتە ئەم دوو ساڵەی خوێندن‌و ئەم دەورانەیان بۆ دەبێت بە (٣) ساڵی خوێندن‌و ئەنجامەکەی شەهادەنامەی دبلومیان پێ‌دەدرێ ..

● **چالاکی ئامۆژگا ..**

بەرێز بەرێوەبەری ئامۆژگا دەربارەی چالاکی قوتابیان لەئامۆژگا وتی :ـ

ئاشکرایە کە هەر زانکۆیەك‌و ئامۆژگایەك کە سیفەی تێکەڵاوی پێوەبێ دەبێ خاوەنی چالاکی جۆرەری‌و وەرزشی‌و تەشکیلی‌و ئەدەبی‌بێ بۆ ئەم مەبەستە قوتابیان بە بەردەوامی مومارەسەی ئەم جورە چالاکی‌یانە دەکەن... بۆ نموونە کتێبخانەیەکمان هەیە ئێستاکە (٦) هەزار کتێبی جۆراوجۆری تیابە .. سەرەڕای وێنەگایەکی فراوان کە هەموو شتێکی بۆ دابین‌کراوە .. ئەمە سەرەڕای تیپێکی مۆسیقاو تیپی وەرزشی هەمەجۆر ...

ئەمە سەردەڕای بەشداری قوتابیانمان لە سوپای میللی‌و هەلمەتی کاری میللی‌و گەلێك چالاکی تر، بێگومان ئەمە دەبێتە کاری هاوکاری کردن لە نێوانی قوتابیان‌و مامۆستایان ...

● **لەگەڵ قوتابیان ...**

بە پێی دروستبوونی ئەو دیموکراتیەتە خاوێنە بە بەرێز بەرێوەبەری ئامۆژگامان وت کە دەمانەوێ لەگەڵ چەند قوتابیەك دانیشین‌و ئەو قسانەی کە دەیکەن دوای دووبارە تۆش قسەبەکمان بۆ بکەی. لەگەڵ ڕای ئێمەدا بوو بۆیەبەگەمین **جار کاکە ئازاد عبدالرحمن پۆلی یەکەم پێی وتین :ـ**

ئەوەی ڕاستی‌بێ پیشەی مامۆستایەتی پیشەیەکی شەرەفمەندانەیەو خزمەتێکی ئینسانی‌و نیشتمانی‌یە ، بەڵام ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ لەم ئامۆژگایە دەیبینین کە سیفەیەکی تێکەڵاوی پێوەیە یانی وەك دەخەوێ کەواتە لێرەدا ئێمە هیچ بەگمان نەمانتوانی ئەو خۆمان بەجێبهێنین کە (خوێندنە) ..

ئاشکرایە تەلەفۆنی گشتی لە هەموو بەشە ناوخۆیی‌یەکانی وولات هەیە ، بەڵام ئێمە لێی بێ‌بەشین .. شەوان تاقە یەك جەرەسمان هەیە... بەڵام بە کشتی ئامۆژگا دەورێکی گرنگ دەگێڕێ لەم بوارەوە دەبەوێ چارەسەری وەزعمان بکات ..

ئینجا کاکە عثمان عبدالسلام قوتابی پۆلی یەك هاتە دوان وتی :ـ

شتێك هەیە کە دەبێ لەم قۆناغەدا بیڵێین کە ئەوبش ئەوەیە کە قوتابی کەبشتە قۆناغی زانکۆ نابێ مامۆستا بەجاوی قوتابی سەرەتایی‌بەوە سەیری بکات .. دوابی لە هەموو ئامۆژگاو زانکۆیەکدا ڕۆژێك هەیە پێی دەڵێن of بەڵام لە ئامۆژگای هەولێر ئەمە بەرچاو ناکەوێ ... سەرەڕای لەنکی لە پرۆگرامی خوێندندا . پێویستە چاوێك بەم پرۆگرامەوە بخشێنرێتەوە ...

بڕوانە ل ١١

ناظم دلبەند — **محی‌الدین طاهر**

لقی هەولێر — **وێنەکانی گرتووە**

لە ڕۆژێکی کزەبادا چووینە ئەو ئامۆژگایە بۆ ئەوەی ڕۆژگاری ئەم ئامۆژگایە بەسەربکەینەوە ... بەرێز مامۆستا یوسف موسی محمد بەرێوەبەری ئامۆژگاکە قسەی بۆ کردین .

● **ئامۆژگا کەی دامەزرا**

بەرێزی لە سەرەتادا باسی چۆنیەتی دامەزراندنی ئامۆژگای بۆ کردین ووتی :ـ

ئامۆژگای ئامادەکردنی مامۆستایان لە هەولێر وەك دەزگایەکی خوێندن لە ساڵی ١٩٧١ دامەزراوەو یەکەم وەجبە کە وەرگیران هەموویان کوڕبوون‌و ژمارەیان گەیشتە ١٢٠٠ قوتابی‌و تاکو ئێستاکەش ١١ هەزار قوتابی شەهادە نامەی دەرچوونیان وەرگرتووە .. بەڵام لە ساڵی ١٩٧٤ ـ ١٩٧٥ بوو بە تێکەڵاو واتە کوڕوکچ لەم ئامۆژگایە وەرگیرا ... جاران ئامۆژگاکەمان تەنها قوتابی ناوچەی کوردستانی وەردەگرت ، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٤وە بڕو بە وەرگرتنی مەرکەزی ، بێگومان ئەمە دوولایەنی بۆ دروست کردین بەکەمیان لە هەندێك هەندێك گیروگرفتی سەرەکی رزگارمان بوو ، دووەمیشیان توووشی هەندێك تەنگ‌وچەلەمە هاتین یانی دبسان هەروەك جارانی لە مەبەستە قوتابیان بە بەردەوامی مومارەسەی ئەم جورە چالاکی‌یانە دەکەن... بۆ نموونە کتێبخانەیەکمان هەیە ئێستاکە (٦) هەزار کتێبی جۆراوجۆری تیابە .. سەرەڕای وێنەگایەکی فراوان کە هەموو شتێکی بۆ دابین‌کراوە .. ئەمە سەرەڕای تیپێکی مۆسیقاو تیپی وەرزشی هەمەجۆر ...

ئەمە سەردەڕای بەشداری قوتابیانمان لە سوپای میللی‌و هەلمەتی کاری میللی‌و گەلێك چالاکی تر، بێگومان ئەمە دەبێتە کاری هاوکاری کردن لە نێوانی قوتابیان‌و مامۆستایان ...

● **لەگەڵ قوتابیان ...**

بە پێی دروستبوونی ئەو دیموکراتیەتە خاوێنە بە بەرێز بەرێوەبەری ئامۆژگامان وت کە دەمانەوێ لەگەڵ چەند قوتابیەك دانیشین‌و ئەو قسانەی کە دەیکەن دوای دووبارە تۆش قسەبەکمان بۆ بکەی. لەگەڵ ڕای ئێمەدا بوو بۆیەبەگەمین **جار کاکە ئازاد عبدالرحمن پۆلی یەکەم پێی وتین :ـ**

ئەوەی ڕاستی‌بێ پیشەی مامۆستایەتی پیشەیەکی شەرەفمەندانەیەو خزمەتێکی ئینسانی‌و نیشتمانی‌یە ، بەڵام ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ لەم ئامۆژگایە دەیبینین کە سیفەیەکی تێکەڵاوی پێوەیە یانی وەك دەخەوێ کەواتە لێرەدا ئێمە هیچ بەگمان نەمانتوانی ئەو خۆمان بەجێبهێنین کە (خوێندنە) ..

ئاشکرایە تەلەفۆنی گشتی لە هەموو بەشە ناوخۆیی‌یەکانی وولات هەیە ، بەڵام ئێمە لێی بێ‌بەشین .. شەوان تاقە یەك جەرەسمان هەیە... بەڵام بە کشتی ئامۆژگا دەورێکی گرنگ دەگێڕێ لەم بوارەوە دەبەوێ چارەسەری وەزعمان بکات ..

ئینجا کاکە عثمان عبدالسلام قوتابی پۆلی یەك هاتە دوان وتی :ـ

شتێك هەیە کە دەبێ لەم قۆناغەدا بیڵێین کە ئەوبش ئەوەیە کە قوتابی کەبشتە قۆناغی زانکۆ نابێ مامۆستا بەجاوی قوتابی سەرەتایی‌بەوە سەیری بکات .. دوابی لە هەموو ئامۆژگاو زانکۆیەکدا ڕۆژێك هەیە پێی دەڵێن of بەڵام لە ئامۆژگای هەولێر ئەمە بەرچاو ناکەوێ ... سەرەڕای لەنکی لە پرۆگرامی خوێندندا . پێویستە چاوێك بەم پرۆگرامەوە بخشێنرێتەوە ...

بڕوانە ل ١١

ناظم دلبەند — **محی‌الدین طاهر**

لقی هەولێر — **وێنەکانی گرتووە**

Institut kurde de Paris

قسەی خۆمان بێ

ناهەقیان مەگرن ..

لە مانگی ڕابردووی ئەم ساڵدا ، لەگەڵ چەند زاتێکی لێپرسراو ڕێگەمان کەوتە شارو بەشداری کۆبوونەوەیەکی فراوانی هونەرمەندو ڕۆشنبیرانی «سلێمانی» بووین . دیاربوو هەوڵێکی تەواو بۆ بەستنی کۆبوونەوەکە درابوو .. چونکە ژمارەیەکی یەجگار زۆر ، هۆڵی کۆشکی ڕۆشنبیری جەماوەریان ڕازاندەوەو چ بۆ وتووێژو چ بۆ گوێگرتن هاتبوون .

خۆتان دەزانن ، ڕۆشنبیری‌و هونەر لە شارێکی وەکو «سلێمانی»دا تامو چێژێکی تایبەتی خۆی هەیەو لەگەڵ بەرهەمی شوێنەکانی دیکەی کوردستان جیاوازە . بەر لە هەموو شتێکەوە ، تا بڵێی ئیشوکار بەرێکوپێکی ئەنجام دەدەن . هەر لەم ڕاستی‌یەوە ، بادخەرەوەیەکی چوار لاپەڕەیان بەئیمزاو ناوی تیپە هونەری‌یەکان پڕ کردبۆوە .. هەندێ لە خاڵەکانی بریتی بوون لە داواکاری‌و ، هەندێکی دیکەیشی پێشنیارو بۆچوون ، کە ئەگەر جێبەجێ بکرێن ، ڕەنگە کاربکەنە سەر پێش‌خستن‌و پەرەپێدانی هونەری کوردی ، بەهەموو شێوەو جۆرەکانی‌یەوە .

بۆ مەبەستی ڕوو بە ڕوو کردن‌و لێدوان ، نوێنەری هەندێ لە دەزگاکانی ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن ،کە ڕاستەوخۆ پێوەندی‌یان بەهونەری کوردی‌یەوە هەیە ، بانگ کرابوون .. لە پێش هەموویانەوە ، بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی «تەئمیم» ، کە ئەمڕۆ «بەداخەوە دەڵێم» بۆتە «معەمما»یەکو زەوق‌و نەستی هەزارانی ئاڵۆز کردووە .. تا ڕادەیەك کە زۆرانی وەکو خۆمان بە دە قاڵەب سابوون ، دەستیان لەم دەزگایە شۆڕبۆەو ئەوەی تەماو هیوایێ نەمانماوەو وەکو کۆستێکی گەورەمان کەوتبێ ، ئاخی بۆ هەڵدەکێشین.

ئیدی برا ڕۆشنبیرو هونەرمەندانی شار «خوا عەمریان درێژ بکا» هەموو شتێکیان بەسەراحەت لێپرسراوانی دبکەی دەوڵەتیشیان لەو ڕاستی‌یانە حاڵی کردن .. بە شایەدی‌ی بارێزگاری سلێمانی بەڕێز ، داواکانیان تا بڵێی ڕەواو بەجێ بوون ..خوا هەڵناگرێ ، وادەیشی دانێ ، کە بەو پەڕی دڵسۆزی‌یەوە پشتگیری‌یان بکاو یارمەتی‌یان بدا .

لە پێشەکیدا گوتمان ، هەڵوێستی هەندێ لە دەزگا ڕۆشنبیری‌یەکان یاکردەوەو ڕەفتاری کەسانێکی سەر بەو دەزگایانە ، لەگەڵ پلان‌و نەخشەی کشتی بەیەك ناگەن .. هەندێکیان بەئانقەست بێو یا شتی تر .. کارێکی وا بە مرۆڤ دەکەن کە بڕاوبڕ بیر لەوە نەکاتەوە جارێکی دبکە ڕێگەی بەو ناوە بکەوێتەوە .. بەو پەڕی حەماس‌و خوێن‌گەرمی‌و بەرکەگرتن هاتووە بەرهەمێك پێشکەش بکا ئەوانیش جامێ بەفراوان بە دەستەوەیە ، هەر لە یەکەم هەنگاودا ، پلەی ـ فەهرنهایت ـی دێتنەوە ژێر سفر ! ئەمەمان وا .. بەڵام با قسەبەکیش بۆ خوا بکەین ..

من بۆ خۆم ڕام وایە ، کە ئەگەر ئێوەی هونەرمەندو ڕۆشنبیرانی سلێمانی ، ئەوە سەهۆڵ‌بەندە نەشکینن‌و هەر لە هەمان بازنەی بەتاڵو بێکۆتایی خول بخۆنەوە .. ئەوە نەك هەر چوار لاپەڕە داوا هیچ ناگۆڕن ، بگرە دوو دانە کتێبی چوار سەد لاپەڕەیش نابنە هۆی چارەسەرکردنی ئەو گیروکرفتانەی پێتان‌وایە کۆسپ‌و تەگەرەن . ئێوە ئەگەر وای دانەنێن، کە پێش خستنی هونەرو ڕۆشنبیری‌ی گەلەکەمان ئەرکێکی سەرشانتانە، بەوە مەخەڵەتێن بەکێکی تر ، لە جیاتی «ئێوە» قۆڵو باسکی هەڵمالێ !!

تا ئەو کاتەی ، هونەرمەندی ڕۆشنبیرو بەهرەدارو ڕاستەقینە هەنگاو نەنێ، نیمچە هونەروەر لە دەزگاکاندا کاری‌سازو لە پێش دەبێ .. جا باهەر هەرامان بێ ، کە ئەو برادەرە فڕی بەسەر هونەرو ڕۆشنبیری‌و زمان لیە .. با هەر قوڕبپێوین‌و ئاخ هەڵکێشین‌و قسەی گەورەو زەبەلاح بەبا دەین ... ئێوە ئەگەر کۆمەڵو یەکێتی‌و تیپتان نەبن، ناهەقی ئەو دەزگایانە مەگرن نەزانن چۆنتان بدۆزنەوەو پێوەندیتان پێوە بکەن ..

وابزانم خەریکە زامەکانمان تەشەنە دەکەن‌و لە ئێسك کار دەکەن .. ئەگەر بەتەنگ هونەرەوە نێن‌و دڵسۆزانە دەستی بۆ درێژ نەکەن ، ئەوە دووای چەند ساڵەوەخت‌و عەبامێکی تر ، نەك هەر هونەر دەشێوێ، بگرە زمانەکەشمان بەدەست چەند کەسانێکەوە فاتیحەی لە سەر دەخوێنین !.

سعید یحیی

هاوکاری دگەل

ڕێڤەبەری شارەوانیا دهۆکێ

چاف بێ کەفتنەك ل گەل ماموستا مهندس احسان موسی فەتاح ڕێڤەبەرێ شارەوانیا دهۆکێ مەکر و چەند ئاخفتنێت بە بها بو مە کرن ل سەر کار و بارێت فێ ڕێڤەبەریێ و خزمەتێت پێش کێش کرین بو وولاتیا ل دهۆکێ و گوت .

کو گەلێ مە یێ دفی دەمی دادبوریت کو دوژمنێ فارسی ئەف شەرێ دوژمن داریێ ل سەر مە فەرض کری د سەر وێ هەمیێ ڕا ڕێڤەبەریا مە یا بێش فە چوی و بێ ڕاوەستان بو بێش کێش کرنا هەمی خزمەتا بو وەلاتیا و یێ بجهـ هاتین د دەمێ شەری دا دەرئینان و ئدروست کرنا (٤٠٠٠) بارچێت ئەردی بو وەلاتیا کو هەر بارچەك ژ وان ١٥٠ ـ ٣٥٠ م ، و پەلاف کرنا (٣٠٠٠) بارچێت ئەردێ خوجهکرنێ ل سەر مالێت شەهیدێت نەمر و ل سەر وەلاتیا .

و هاتنە فرونن ٢٠٠ / بارچێت ئەردی ئەوێت ل جهێت باش ب ڕێگا زێدەکرنا دبار و مە دانە خودانا ٦٠٠ خانی ئەوێت هاتینە ئافا کرن ب زێدەکاڤی ل دیف پربارا چڤاتا قوماندارییا شورەشێ ژمارە (٥٤٨) ل٢٨ـ٤ـ١٩٧٩ .

و هەر وەسا گەلەك چادێت مەزن و بێت بجوبك مە چێ کرن د ناف بازێرێداو هندەك هاتنە چێ کرن ب ڕێگا قبالافە و هندەکێت‌دی هاتنە چێ کرن ب ڕێگا لجنێت کارێ میللی (لجان العمل الشعبی) و ب سێ ل دویف فێ پربارا نی و دیسا (٨٠٠) بارچێت دێژی دێ ئێنە بەلاف کرن ل سەر وەلاتیا .

و هەر وەسا ژ بەر مژبل بونا کاربەدەستێت مە ل مەلیون دینارا و هەمی ڕەصیفێت جادا ژی کاش و شتابکەر کرن و ئافاهیەکی بازارەکا نوی مە ئافاکر و کەلەك کولستان دناف بازێرێ دا مە چێ کرن و ڕێڤەبەربامە یا بەردەوامە بو بێش کێش کرنا هەمی خزمەتا بو وەلاتیا و دبەردەوامین بو بافژ کرنا چادا و دەور و پەرێت بازێرێ و ڕێڤەبەربامە بێت دروست کرین نزیکی (٣٠٠) بارچێت ئەردی دا بێنە بەلاف کرن ل سەر شەرکەرێت لەشکەرێ میللی کەلەك چاف دێربەکا مەزن و با ب تابەتی د دەنە کار و بارێت مالێت شەهیدا و ئێخسیرا و پەرژەبوبێت شەری ژ هەمی لایەکی فە ژ بەلاف کرنا پارچێت ئەردی و ئزن دانێت ئافاهی و ئیمەتێت مە ئەون کو ئەم هەر خزمەت دارێت ولاتیێت عیراقێ بین و بو باش ترین خزمەت بو پێش کێش کەین هەتا کو ب سەرکەفین ب سەرکەفتنا دیماهیێ ژێر ئالایێ پارتا بەعسا عەربیا هەڤ پشکی و ب سەروکاتیا سەروکێ تێکوشەر وهێژا وبەرکەفتی صدام حسین .

دەفی وتەکەی – پاشماوه

ئەوەی پێ بکەین گاڵتە پێکردن یا ڕێز لێ نەگرتن یا قەدر نەزانینی تیابێ بۆ عیراقی‌یەکان وامان لێ دەکا وەکو مەسەلەی ناوخەڵك دەڵێ تووکی سەرمان ڕاست بێتەوە کە وابە خۆتان لەمە بپارێزن هەرچەندە من دڵنیام لەوەی ئێوە نایکەن چونکە ئەوەندە پێ گەیوون و تاقیکردنەوەی ژبان و بێوەندی بە بیروباوەڕەوە وای لێکردوون ئەوانەتان کە هەڵەی وابکا زۆر کەم بێ بەڵام مەبەستم ئەوەیە نموونەی ڕەوشت و چاودێری بن بەرامبەر بە خەڵکی تا ئەمە ڕوونەدا .

بەهاوڕێکانتان بگەیەنن لە دابەرەکانا و با دروشم لە بەردەمیانا ئاشکرابێ کە مێژوو ئەگەر حاڵەتێکی بەردەوامی و بەخشندەیی‌یەکی هەمیشەیی لەگەڵدا نەبێ سەرکەوتن نابەخشی بەسەرخەڵکی تردا ئەو هاوڕێ‌یەی لە دایەرەیەکی تایبەتیدا ئەگەر لە بارەی زانستی‌یەوەو لە لایەنی تردوە دوانکەوێ لەوانەی‌تر کە لە دایەرەکەدا ئیش دەکەن مێژووی خۆی بە تەنیا ناگونجێ بۆ ئەوەی بیخاتە پلەی ئەوانی ترەوە با پلەیەکی پێشکەوتووترەوە لەوان کەوابە براینە ئەبێ ڕەفتارتان بەم جۆرە بێ و ئەو کاتە پێوەندیتان زیندوو و ژیاو دەبێ بە بیروباوەڕەوەو لەو شوێنەدا دەبین کە ئاواتە خوازینی لە چاوی عیراقی‌یەکان و چاوی عەرەب هەموویانا .

گرنگترین شتێ کە تێکۆشەر مەبەستیەتی لایەنە ئیعتیباری‌یەکەیەو ئەو شتەی کە زیاتر ئیسراحەتی پێدەدا ئەوەیە کە هەموو ڕۆژێ ئەوە ببینێ و هەستی پێبکا کە ئەو بیروباوەڕەی ئەم ساڵە درێژانە تێکۆشاوە بۆی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووری‌دا هاتووەتە دی و ئەمە لەو شتانەیە کە ئیسراحەتی پێدەبەخشێ بەڵام ئێوە بەخشندە بوون لەگەڵ بیروباوەڕو عیراقی‌یەکانا .

هەموو کەسێ بە قۆناغی مناڵی و قۆناغی لاوی و هەرزەکاریداو تاد تێدەپەڕێ و سرنجی دایك و باوکی ڕادەکێشێ و ئەیکرنە باوەش و سەرپەرشتی دەکەن و ژیان وا ڕەخساوە کە بیخاتە جێگایەکی دەروونی واوە کە ئاسوودەبێ بەڵام لام وانیە ئێوە بە قۆناغی لاوێتیدا تێپەڕیون چونکە لەو کاتەوە چوونەتە ناو حزبەوە هەست بەوە دەکەن کە ئەرکتان زۆربووەو ڕەوشتتان دەبێ لەگەڵ قۆناغی تازەدا بگونجێ و قۆناغی تازە لەگەڵ ئێمەدا لەو کاتەوە دەستی پێکردووە کە بچووك بووین لەو کاتەوە کە لە ناوەندی و سانەویدا بووین .

ئینشەڵلا هەرچی بەیەك بگەین سەرتان وا بەرز دەبێ . . سلاوم بۆ هاوڕێکانتان لە شانەو سەرکردایەتی ڕێکخراوەکانتانا .

دوو شاعیر – پاشماوه

که جۆگه تێکەڵی چەم بێ ، چەمیش تێکەڵ بە دەریابێ شەماڵیش پڕ لە هەستێ بێ ، نیە شت تاکو تەنیا بێ بە قانوونی خوا ئەشمیائەبێ تێکەڵ بە یەکتر بن ئیتر بۆچی منو تۆ تێکەڵی یەکتر ببین نابێ (١).

نەخێر شاعیر وەکو شیللی بیر ناکاتەوە ، ئەو زۆر چاك دەزانێ کە ئازیزەکەی هێشتا خەمەکەی ئەوەندە گەورەو بەتەوژمو تین و تاونەبووە بگاتە ئاستی ئەوو هەردوو سەری دوو جەمسەرەکە وەك هەردووسەری گەرمو ساردی تەلی کارەبا ئەگەر بگەن بەیەك ڕووناکیان لێوە دەردەچێ .

لە ئاستی ئەم واقیعەی شاعیرو خۆشەویستەکەی ، عبدالله عباس نایەوێت مەسەلەکە بێچارەسەرکردن جێبێڵێ و ڕۆمانسیانەی بخاتە بەردەم وەك بڵێی خۆی و یارەکەی چارەنووسیان بەو جۆرە کەوتەوەو وا چاکە دەست لە ئەژنۆ دانیشێ هەنگاوێك بۆ پێشەوە نەهاوێ . بەڵکو لە ڕێگەی پێشنیازێکی خۆیەوە دەرگایەکی تر بۆ یارەکەی دەکاتەوەو ، داوای ئابسانی ئاگرێکی داستانی ئەفساناوی دەکات ، ئەم بۆ چوونەو چارەسەرەی شاعیر هەرچەندە لە واقیع دوورەو بەپێچەوانەی باری جوگرافیای سروشتی‌یە ، بەڵام ئەوەی بۆ شاعیر دەلوێ بۆ یەکێکی ئاسایی ناڵوێ ، ئەو سەربەستی‌یەی کە شاعیر هەیەتی لە شیعردا بیڵێو جۆری بۆچوونو خەیاڵی تایبەت بەخۆی زۆر جار لە سنووری واقیعی ڕاستەقینە دەردەچێو دەچێتە چوارچێوەی ئەفسانە ، بۆیە شاعیر نایەوێ یارەکەی لە کیس بچێو بەتەنیا بمێنێتەوەو خەمی خۆی بخواتەوەو کەس نەبێ بەشداری‌یەکی وێژدانی لەگەڵا بکات ، ئەوەتا پێی دەڵێ :

– نەء ، دەمەڕۆ ، ئافرەت ، مەڕۆ
باناگری داستانێکی ئەفساناوی بکەینەوە
خەم بچێتە بەر دەرگای عەشق
خەم ، خۆی عەشقە ، ئازارو ژانو ئارامە

وەکو ووتمان خەمی شاعیر لە تاڤگەوە هاتووە ، بە خوڕ ڕژاوەتە دەریا ، بەڵام وا دیارە عەشقی یار ناگاتە ڕەوتی تاڤگە بۆیە شاعیر پەنا دەباتە بەر داستانێکی ئەفساناوی ، دەیەوێ خەم بچێتە بەر دەرگای عەشق ، واتا دەریاکە بچێتە بەردەم عەشقی یارەکەو خەمو عەشقو ئازارو ژان و ئارامە . . خەمەکە هەرچەندە لە عەشق گەورەترەو بۆتە دەریا ، بەڵام ئەو دەریایە بریتی‌یە لە خەمی شاعیر کە تاڤگەکەیەو ، لە ڕێگەی ئاگرکردنەوە ئەفساناوی‌یەکە دەبێتە عەشقو ئازار دانو ژانو ئارام ، بێ قوربانیو ئیشوژانو ئارام گرتنو ووردە بەرنەدانیش مەسەلەکە ناگاتە ئەنجامە جەوهەری‌یەکەی .

شاعیر بە مەسەلەکە دادەچێتەوەو حسابی تایبەتی خۆی بۆ دەکات ، بەشەو جۆرە هەستو خەوو خەیاڵی تینی بۆ دێنێو دەبەژێنێ ، بەڕۆژیش عیشقەکە بە جۆرێکی دی خۆی دەنوێنێ ، جاروبار ئازیزەکە خۆی نیشان دەداتو هەندێ جاریش لێی وون دەبێو هەرچەند دەکات ناگاتێ ، عەشقەکە شتێکی سەیرو سەمەرەیە . . . تا لە کۆتایی‌دا کەشتی عەشقەکە لەگەڵ دەگرێو شاعیر ڕوو دەکاتە یارو بەناو گفتوگۆیەکی هێمنانە ئەنجامێکی دەسگیر دەبێ ، بەڵام ئەنجامەکە ڕوون نیە ، بەڵکو لە نێوان دووشتی دژ یەکن ، ئیتر مەسەلەکە بەتەواوی ڕوون نابێتەوە ، هەر چەندە کە ئازیزەکەی سەر زارەکی خۆی وانیشان دەدا کە ئەوەندە بەتەنگ شاعیرەوە نیە ، تەنانەت ڕەنگی خەمی شاعیرو ناوی شیعرەکانیشی لە بیرنەماوە ، بەڵام شاعیر دڵدارەو ، دڵداری‌یەکەشی ئەوەندە پیرۆزە تا ڕادەیی خستوویەتی‌یە ناو گێژەنەیەك سەری لێتێکداوەو ، ئەوەندە هەیە مەسەلەکە یەك لایی دەکاتەوەو لە سەرەتادا یارەکەی ناتوانێ بیگاتێ ، بەڵام لەنگەر گرتنەکە شتەکە پێچەوانە دەکاتەوە ، تادێ خەمی شاعیر گەورەتر دەبێو حەزەکەی و خۆشەویستەکەی وا سەری لێدەشێوێنن لێیان تێناگات بۆیە دەپرسێ :

وڕکی مەرگە . یاخود عەشقە ؟ ئەوەتا دەڵێ :

ئیتر گیانە ، من وا ئەژیم ، قەڵای خەمم گەورە
ئەبێ – ڕەنگی خەمی منت لە بیرماوە
. . . نەء
– ئەی ناوی شیعرەکانم . . .
تۆخەمێکی ڕەنگەکانی بەلکە زێڕینە ئەنوێنێ
بەڵام نیشکی شبێتی عەشقت لە ناخی من زیاترئەگرێ چاڵو چۆڵی هەموو دونیای گرنۆتەوە !!

من ، حەزێكوا لە دڵمایە ، لێی نێناگەم وڕکی مەرگە ، یاخود عەشقە .

کەواتە دڵداری‌یەکە ئەوەندە کاری تێکردووەو هەژاندوویەتی ، تا لێی کردۆتە دەردە عەشقو پرسیارەکە بە ڕوویدا دەتەقێتەوەو لێی تێناگات . . . ئەمەوڕکی مەرگە ، یاخود عەشقە ؟!

ئەم شیعرەی عبدالله عباس پێویستی بە خوێندوەیەکی ووردو سەرنجدان هەیە ، زیاتر لەوەی بەچاو بخوێنرێتەوە ، دەبێ لە ئاستیا ووردبێتەوەو هەنگاو بە هەنگاو کۆپلەکان شی‌بکرێتەوە . بەڵام هەرچۆنێك بێو چۆن بۆی بچی لەو سنوورە دەرناچی کە شاعیر توانیویەتی جۆرە پەیوەندی‌یەك لە نێوان خەوو واقیعدا دروست بکاتو بکەوێتە ناو ململانێ – یەکی دڵداری‌ی ئەوتوو کە لێی‌بووە بە خەمێکی گەورەو ، جۆرە گومانێکی لا دروستکردووە . ئایا ئەم زۆرانبازی‌یەی بەروو ڕێگەی خۆبەختکردنی دەبات لە پێناوی عەشقەکەدا ، یاخود بەڕاستی عەشقەو عەشقێکی بە خەم ؟ لەم ڕوانگەیەوە ئێمە سەیری هۆنراوەکەمان کرد ، مەسەلەکەمان شی کردەوە . . .

لە کۆتایی‌دا دەبێ ئەوە بڵێم کە شاعیر بەشێوەیەکی گشتی ئەوەندە گوێ ناداتە کێشو ئیقاعی شیعرەکانی ، وێنەی شیعری جڵەوی کێشو ئیقاعی لەدەس دەردێنێ ، بەڵام لە هۆنراوەی وێردی عەشقو خەمێکی پەمەیی ڕەنگ «دا ، تا ڕادەیەك ئەو کەلێنەی پڕ کردۆتەوەو خۆزیا لەسەر ڕێچکەی پاراستنی هارمۆنیەتی ئیقاعی هۆنراوەدا بەردەوام دەبووو جۆرە دەنگێکی مۆسیقی بە شیعرەکانی دەبەخشی ، تا زیاتر بکەوتبانە دڵو گوێگریان زیاتر بجووڵاندبا .

١ – ئەحمەد هەردی بە شیعر کردوویەتی بە کوردی .

● ماویەتی ●

نووسەران – پاشماوه

نووسەرانی جیهانی ئەو چەرخی بەر لە جەنگی جیهانی دووەم سەر لەنوێ ئەرکی نووسەریان بزانیبایەو دژی جەنگ ڕابوەستانایە ، پەنجا ملیۆن کەسی لێ نەدەکوژرا . .

بهاتبایە ، ئێمەی نووسەران ئەرکی سەرشانی خۆمان سەر لە نوێ بزانیبایە ، دوای ساڵی ١٩٤٥ . . بە هەستێکی بەرز ئەرکی خۆمان بزانیبایە وەك پێویست ، چل ملیۆن مرۆڤ نەدەکوژرا لە چەند جەنگێکی ناوچە جیاکانی جیهان .
برایانی خۆشەویست :

خەلیفە عومەر مەککەو مەدینەی خۆی هەبوو ، بەڵام ئێمەی نووسەرانی ئەم چەرخە نەهاتووە بڵێین : شارێکمان هەیە پێی دەڵێین «شاری‌خۆم» . . نووسەران یەك وولاتیان نی‌یەو ووشەی «شاری خۆم» نابێ لە لایان دەربڕێ ، هەیانە ئەوەی پێی‌دەڵێین «جیهانی» .

ئەو جیهانەی تیایدا دەژین هی ئێمەیە ، هەموومان خاوەنینە ، ئێمە لێپرسراوین بەرامبەر گشت جیهان ، بۆ نموونە ، من وەك نووسەرێکی تورك ، لێپرسراوم بەرامبەر یۆنان ، لێپرسراوم بەرامبەر قوبرس و تورکیاو ڤیتنامو زیمبابۆی . . هەر وەها نووسەری یۆنانی و ئەمەریکی و ئەڵمانی و فەرەنسی لێپرسراون بەرامبەر بەتورکیا .

ئێمەی نووسەران ، دەبێ ، بایەخ بە ناکۆکی و خەمی خەڵك بدەین لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانەدابێ ئەو مرۆڤەی لەناو غەمو پەژارەدا بژی ، لە ئەنجامی ئازارەکانی دەناڵێنو هاوار دەکات ، ئێمەی نووسەرانیش ، هاوار دەکەین ، بەشیعرو چیرۆك و ڕۆمانو شانۆگەریەکانمان لە ئەنجامی ئازاری گشت جیهان کە هەستی پێ دەکەین ، هەتا ئەگەر شیعری دڵداری دابنێین یاشیعر لە وەسفی سروشتیش‌دا .

گۆرانیێکی ئیتالی لە سەر لێوانەو بەچەند زمانێك ، وا بزانم گشتمان دەیزانین ، لەم گۆرانی‌یەدا پیاوێك ئاووڕ لە ئافرەتێك دەداتەوە ، ئافرەتەکەش هەموو جۆرە دڵدارێکی تاقی‌کردۆتەوەو پێی دەڵێ :

– من تۆم خۆش دەوێ .
ئافرەتەکە وەڵامی دەداتەوە :
– بارولیە . . بارولیە . .
واتە «تەنها قسەیە . . قسەیە . . قسە !»
پیاوەکە بەردەوام دەبێتو دەڵێت :
– لە خۆشەویستیدا دەمرم .
ئافرەتەکە وەڵامی دەداتەوە :
– تەنها قسەی ڕووتە . .
پیاوەکە سوورەو دەڵێ :
– بەبێ‌ی تۆ ناتوانم بژیم . .
ئافرەتەکە هەمان وەڵام دەداتەوە :
– ووشەی بەتاڵن .

لە چەرخەکەماندا ، نووسەری وا هەن ، هەست بە ئازاری ئەو جیهانەی تیایدا دەژین ناکەن ، لە شیعرو چیرۆکەکانیانداو هەروەها لە ڕۆمانو نمایشەکان‌دا هاوار ناکەنو ڕاناگەیەنن ، چونکە ئازاریان تاقی نەکردووەتەوە . ئەوان دەڵێن :

« شیعرمان دانا »
وەڵاممان بۆیان ئەوەیە :
بارولیە ، بارولیە ، بارولیە . .
ئەوان دووپاتی دەکەنەوە ، بەڵام وولاممان هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە :
بارولیە ، بارولیە ، بارولیە .
– ڕۆمانو شانۆگەریمان داناوە .
ئێمە هەرئەوەها وەڵامیان دەدەینەوە :
– ووشەی بۆشو بەتاڵن .
ئەی برادەرانی ئازیز :

ئێمە باش دەزانین ، کە لە جیهانی ئێمەدا ، یاری‌ی گەورە دەکری ، یەکێ لەم یاریانە : هەڵخەڵەتاندنی گەلانو شێواندنی ڕاستی لە مێشکیاندایە ، لە چەرخەکەماندا مانای جۆراو جۆر بۆ ئاشتی دەدۆزرێتەوە ، ئەو ئاشتی‌یەی ئێمە دەیزانینو بۆ گشت جیهان داوای دەکەین ، ئاشتیێکی ئاسایی نی‌یە لەم جیهانەدا ، جەنگ هەن لەپێناوی شەرەفو ڕاستی‌دا ، وەك جەنگی سەربەخۆیی و سەربەستی‌ی نیشتمان . لە باڵ ئەوەش زۆرانبازی چیتایەتی هەیە . ئێمە سەرکەوتن بۆ ئەم جەنگانە دەخوازین ، چونکە ئاشتی ڕاستەقینە سەر ناگری تەنها بە سەرکەوتنی ئەم جەنگانە نەبێ . بەڵێ ، ئێمە تێدەکۆشین لە پێناوی ئاشتی‌دا ، ئەو ئاشتی‌یەی دێتە دی .

ئێمە بە پێنووسەکانمان هەوڵو تەقەڵلا دەدەین لە پێناوی دروست کردنی جیهانێك بۆ منداڵانمان تیایدا گشت منداڵانی دونیا بتوانن لە ژێر سێبەری ئاشتیێکی ڕاستەقینەدا بژین .

ئیتر هەر بژین ئەوانەی لە پێناوی ئاشتیێکی ڕاستەقینەدا تێدەکۆشن ، بژی ئاشتی‌ی جیهانی ، بژی منداڵ .

هاوکاری – پاشماوه

باشە بابزانین خوشکە ڕێکان عزالدین حسین قوتابی پۆلی یەك . . دەڵێچی . . .

من چونکە خەڵکی هەولێرم ڕەنگە موعاناتم کەمتربێ لەوان بە تایبەت لە ڕووی بەشی ناوخۆیی‌یەوە ، بەڵام لە هەمان کات گوێم لە ئازاریانە . . . ئەوەی من دەمەوێ لێرەدا بیڵێم مەسەلەی تێکەڵاو بوونە . . ئەمە شتێکی شارستانی زۆر چاکە تاکو ئیستاکی هەنگاوێکی چاك لەم ڕووەوە هاوێشتراوەو ئەو چوار دیوارە تەسکە نەماوە . . .

● دوای ئەو گفتوگۆیە چووینە ژووری یەکێتی قوتابیانو ئەو ڕاوو پێشنیارانەی قوتابیانمان خستە بەردەم بەڕێز حسن محمد امین گەردی لێپرسراوی یەکێتی لەم ئامۆژگایەو ئەویش وتی :–

بێ‌گومان هەموو لایەك واتە لیژنەی یەکێتی‌و مامۆستایانو بەڕێز بەڕێوەبەری ئامۆژگا بە هەموو توانایەك هەوڵمان داوەو هەوڵ دەدەین کە باری قوتابیان هەمیشە چاك بکەین . . سەردانی جۆراوجۆرمان ڕێکخستووەو کۆڕی هەمیشەیمان بۆ بەستاونو باسی ئەو شتانە کراوەو لێپرسراوان بەڵێنیان پێداوین کە هەموو شتێك چارەسەر بکرێت . . لە بیریان نەچێ کە ئەمسال ئێمە بەنوێی هاتووینەتە ئەم بینایەتەو هەموو لایەکیش هەوڵ دەدەین کە ئەو گیروگرفتانەی هەیە بۆ ساڵی ئایندە بن بڕ بکرێتو دیسانەکینێ بەکێتی هەمیشە لەگەڵ هەموو ئازارەکانی قوتابیانەو هەموو کاتێك ئامادەیە کە ژیانیان چاك بکاتو بەرەوپێشەوەیان بەرێ بەنیازی بێش‌خستنی خوێندنو خوێندەواری . .

وەك لە سەرەتادا وتمان مامۆستا یوسف موسی محمد بەڕێوەبەری ئامۆژگا حەز دەکەین قسەمان بۆ بکات دەربارەی ئەو قسەو گفتارانەی کە قوتابیان دەربان بڕی وتی :–

من حەز دەکەم وە سەرکردایەتی سیاسی‌و سەردکی خۆشەویست ئەوەی فێری هەموو عیراقیەك کردووە کە لە هەموو بارێکەوە بە دیموکراتیەت بدوێ بە مەرجێك ئەو دوانە بنیات نانی بەدواوەوە بێ . . سەبارەت بەوەی کە نیزامێکی زانکۆیی لە ئامۆژگاکەدا بەدی ناکرێ وەك یەکێك لە قوتابی‌یەکان وتی کە گوایە (٥) دەقیقەیان داناوە بۆ شووو (ڕەحلەکان) شابانی قوتابیانی ئامۆژگانین ، بڕۆگرامی خوێندن لەگەڵ قوناغی ئەوان‌ناگونجێت . بەر لە هەموو شتێك ئەڵێم ئێمە ئەمسال بەنوێی هاتینە ئەم بینایەتە ئەوەتا دەبینی شوورەشی بۆ نەکراوە . لەم ڕۆژانە دراوە بەقۆنتەراتچی‌و تەواو دەبێ . . (٥) دەقیقەمان داناوە بۆ پشوو . . ئەمە لەبەرئەوەی لەسەعات ٨ی بەیانی‌یەوە تاکو ٥ی ئێوارە دەرس هەیە بە حوکمی ئەوەی کە دوو وەجبە دەوام دەکا ، مەسەلەی پرۆگرام من لەگەڵ رای ئەوەو قوتابی‌یە خۆشەویستە نیم ، چونکە لیژنەیەکی پسپۆر ئەم پرۆگرامەی داناوە کە بە تەواوی لە هەموو لایەنێکی کۆئیوەتەوە ئینجا خستوویەتیە بەردەم قوتابیانی ئامۆژگا مەسەلەی ڕەحلەو ئەو شتانە بۆ ساڵی ئایندە هەمووی چارەسەر دەکرێ . . . بەڵام بە نسبەتی بەشە ناوخۆیی‌کان لەبەرئەوەی ئەمسال وەرگرتنی مەرکەزی بوو قوتابیانی خوارووی عیراقو بەغداو پارێزگاکانی تر هاتن قەرەباڵغی‌یەکی زۆر ڕوویدا ، بەڵام بۆ ئەمسالی بێ چارەسەری دەکەین . . بۆ مەسەلەی (تەلەفون) لەم ڕۆژانەدا بۆیان دەبەستین . . . گرنگ ئەمساڵ جۆرە گۆڕانێك هاتە کایەوە بە گوێرەی ئامۆژگاوە ، بەڵام هەموو قوتابیان دڵنیا دەکەین کە بەدڵی ئەوان دەبێ . .

● **ڕۆژنامەی هاوکاری . . .**

ئەمە هەگبەی دەنگوباسو ڕاوو پێشنیاری کارگەرانو قوتابیانی ئامۆژگا بوو ، هیوادارین شوێنی خۆی بگرێ . . .

ڕاست کردنەوەیەك لە بارەی ڕوونکردنەوەکەی چاپی دووەمی «رازی‌تەنیایی »ەوە .

لەژمارە ٧٧٤ی هاوکاریدا ، لاپەڕەی (١١) مامۆستا ئەحمەد هەردی‌ڕوونکردنەوەیەکی بۆ ناردبووین ، لەکاتی چاپداهەڵەی تێکەوتبوو ، داوای لێبوردن لە مامۆستا ئەحمەدئەکەین ، وا ڕوونکردنەوەکە ئەنووسینەوە :

ئەمەوێ بۆ خوێنەرانی‌خۆشەویستی چاپی دووەمی « رازی تەنیایی »ڕوونبکەمەوە کە لە شیعری « صلوات المحب »ەکەی کەلە ١٩٥١دا بە عەرەبی ووتومە ، دوو دێری‌سەرەوەی چوارینی دووەم ئاوا نووسراوە :

یا مثال الفن ! یا طیف الاله ! فی حنایا القلب قلبی المعبد

بەڵام پێش ئەوەی چاپی‌بکەم بەماوەیەکی زۆر دێری دووهەمیم کردبوو بە !

فی حنایا من فؤادی المعبدکەچی لەدوا پاك نووسدا ، هەر (قلبی المعبد)ەکەم‌هاتبوە سەر زمانم ، ڕەنگە لە سەروبۆریشدا هەڵەیەك‌هەبێ ، بەڵام ئەوەندە گرنگ نییە ، بویە حەزم کرد ئەم‌ڕوونکردنەوەیە بنووسم .

احمد هەردی

Institut kurde de Paris

هەرجارەی نووسینێك

هەندێ بیروڕا دەربارەی شیعر

● لەتیف هەڤەت

نەتەوەی کورد لەبواری شیعردا خاوەن سامانو کەلەپوورێکی لەبن نەهاتووە گەلێ کەلە شاعیری وامانەهەیە ئەگەر شیعرەکانیان بەجوانی وەربگێڕرایەتە سەر چەند زمانێکی بێگانەبایەخی زۆریان دەدرایێ ..

هەر چۆنێبێ من لێرەنامەوێ لە مێژووی شیعری کوردیو ڕەسەنایەتیو بەرهەمە شاکارەکانی شیعری کوردی بدوێمو دانەدانەشیان بکەمەوە ... بەلکو لێرەدا من تەنیا دەمەوێ چەند سەرنجێکی تایبەتیو چەندروونکرد نەوەیەك لەبارەی شیعرەوە بخەمەروو. شیعری نوێ بارودۆخێکە کەشاعیرو کۆمەلەکەی تیادا دەژین ... شیعری ژیانە.. شیعریش بیرەو لە شێوەی وێنەدا دەخرێتە قەوارەیوشەوە ... لەبەر ئەوە کاتێك کەبیری شاعیرەکەلەوێنەی ئالۆزو پڕکەمو کووڕیدا خۆی بنوێنێ ئەوەبیرەکەش روون نابێو ئالۆز دەبێ ... کاری ئەدەبیوهونەری بەهەموو بەشەکانیەوە دەبێ تێکڕاجەمسەربوونو هاوکێشیەکی تبابێ لەبارەیروخسارو ناوەڕۆکەوە .بەبێ ئەو جەمسەر بوونیبەو بەبێئەو هاوسەنگیە نەئەدەب ئەدەبەو نەهونەر هونەرە ... بەلام دەبێ ئەوەش بزانین کەهیچ ڕەخنەگرێك ناتوانێ هیچ جۆرە بیروباوەڕێکی تایبەتیو شێوازێکی ئەدەبی تایبەتی بەسەر هیچ شاعیرێکدا بسەپێنێ بەلکو لەم **ڕووەوەیاری** چینایەتیو بیرکردنەوەی شاعیرەکە لەوبارەیەوە دەسنیشانی ئەو لایەنەدەکەن ... سەرباری ئەوەش شیعر هەندێ ئەدگارو مۆرکی تایبەتی خۆی هەیەوە هەندێ لەوئەدگارومۆرکانەش بەپێی قۆناخو سەردەم دەگۆڕێو ئەگەرمێژووی شیعری جیهانیو میللەتانی دەوروبەرو شیعری کوردی بخوێنینەوەو لێی وردبینەوە دەبینین گەلێ گۆڕانکاری بەسەر شیعردا هاتووە .. بەگەلێ بلەوقۆناخو ڕێبازی جۆر بەجۆردا تێپەڕیوەو لەقاوغێکی تەسکدا نەماوەتەوە ..

لەکۆنو نوێدا گەلێ بیروڕا دەربارەی شیعر دەربڕراوەو گەلێ تاریف بۆشیعر بەتایبەتیو ئەدەبو هونەر بەگشتی داڕاوە من ناتوانم هەموو ئەو شتانە باس کەمو بەسەر شیعری کوردیدا بسەپێنم بەلام هەوڵم داوە لەچەند خاڵێکدا بەخەستی کۆیان کەمەوەو تاوتوویان بکەمو بەراوردیان بکەم .. بەلای منەوە نابێ ئەم خاڵانە لەم سەردەمەدا لەشیعری کوردیدا پشتگوێ خرێ . من بەش بەحاڵی خۆزم بەبڕبڕەی شیعری کوردی ئەمچاخە یان دەزانم. ئەمەش خاڵەکانە :

١ ـ ئەدەب بە هەموولقەکانی تریەوە ناوێنەی ژیانی کۆمەلە .

٢ ـ ئەدەب بە شیعروهەموو بەشەکانیەوە چەکێکە لەجەنگی نەتەوایەتیوچینایەتیدا دەور دەبینێ .

٣ ـ گرنگی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی لەوەدایە کەبتوانێ هاوکێشیەك لەنێوانی ناوەڕۆك و ڕوخساردا سازکات ...

٤ ـ نووسەر هەمیشە ئەبێ هەوڵ بدات خوێنەری خۆی بەختەوەر کات .

٥ ـ شیعر نەك بۆ کۆمەڵێکی تایبەتی دەبێ بۆ جەماوەر بنووسرێ جگە لەم خاڵانەش دوو شتی تر هەیە هەر چەندە ڕاستەو خۆ پەیوەندی بە شیعرەوە نیە بەلام بە شێوەیەکی لابەلا پەیوەندییەکی توندو تۆڵی پێوە هەیە ئەو دووشتەش :یەکەم هیوایەو دووەم خۆشەویستیە ... لەمبارەیەوە ئەندریە مالرۆ ئەڵێ: لە جیهانێکی بێ هیوادا ژیان سەختو نالەبارە ... نووسەرێکی تریش دەڵێ :خۆشەویستی هۆی بەردەوام بوونی ژیانە ...

لەسلێمانی .

کۆمەڵێ قووتابی و دوو شانۆیی .



بازرگانی سلێمانی کوڕانو کچان بۆماوەی (١٠) ڕۆژ شانۆیی «گۆرانی چایکاو بیردەوەری» نوسەری گەورەی بەناوبانگ « چیخۆف » یان پێشکەش کرد .

شانۆگەری گۆرانی چایکا لە وەرگێڕانی مامۆستا ئەحمەد سالار و دەرهێنانی کاك سۆران صدیق بوو ... ئەم ئەکتەرە سەرکەوتوانە شانۆییەکەیان نواند (صلاح احمد رشید لە دەوری فاسیلی کمال عمر ـ نیکۆتشا . شەوبۆ محمد ـ کچەکە) ئەوەی شایانی باسە کاك (صلاح احمد ـ فاسیلی) زۆر بە باشی توانای خۆی بەکار هێنابوو .. دەرهێنەر بە شیوەیەکی کارامە و زانستیانە دەقەکەی دەرهێنابوو .

● شانۆیی (بیردەوەری) جلال تەقی وەرگێڕی بوو کاك ئەرسەلان محمد علی دەرهێنەری بوو ئەم ئەکتەرانە بەشداری نواندنەکەیان کردبو و .. (ئازاد قادر . ڕێزان محمد ـ ئەرسەلان محمد ، شەوبۆ محمد ـ ،ئەنوەر محمد ـ ئارام جەمال و بەختیار کریم ـ) .

● لە قەلادزێ

تیپی نواندنی قەلادزێ ـکە تیپێکی ساوابە و کۆمەلێك لاوی خوێن گەرم و بەهرەمەندی وەخۆگرتووە ـ لەم دوابەیدا لە هۆڵی مەلبەندی لاوانی قەلادزێ بۆ بەکەمین جار بە هەستو سۆزی هونەر دۆستانی ئەم شارە شادبوون ، لە شانۆگەری «پێکەنین بە پێی یاسا» . لە نووسینی مامۆستا (حسێن عارف)و دەرهێنانی هونەرمەند (عمر عبدالله قاح) ..

لەڕاستیدا ئەم تیپە سەرەڕای تازەدامەزراوی و کەمی دەرامەتو کادیری هونەری ، ئەوەی سەلماند کە خاوەنی توانایەکی فراوانی هونەریە !

● لەرانیە :

لەم دوابەیدا ، تیپی نواندنی قوتابیانی رانیە لە هۆڵی مەلبەندی لاوان شانۆیی (هیوا) یان پێش کەش کرد و خەلکێکی زۆر لە هونەر دۆستان ئامادە بوون . ئەم شانۆییە کە ماوەکەی کاتژمێرێك بوو (عەلی عەباسی) نووسیویەتیو کاك (احمد حسین) دەری هێنابوو . .

ئاوەڕۆکی شانۆییەکە کێشەیەکی کۆمەلایەتی پیشان دەدا و ئەکتەرەکان بە جوانی چووبوونە دەورەکانیانەوە بەتایبەتی خوشکە (بەیان غەریب) . جگە لە ئەکتەران (احمد حسین حسین) ، رزگار محمود . سۆران احمد .مصطفی بابکر) کە ئەوانیش بە شێوازێکی بەهرەمەندانە قالبی کەسایەتییەکانیان وەرگرتبوو . .

● سلێمانی : نووسینگەی هاوکاری ، قەلادزێ : نیازی عزیز .

بەرەو ڕۆژی ڕۆشنبیری کورد

لە ٩ی مانگی سێی پێراردا ، سەرکردەی گەلو شۆڕش سەرەکی فەرماندەصدام حسین تەشریفی هێنایە دەزگای ڕۆشنبیریوبلاوکردنەوەی کوردیو بەشداری ئەو وتوویژەی کرد کە دەربارەی بەرنامەی چالاکی ئەم دەزگایە دەکراولەڕۆژەوە ئامێژگاریە پیرۆزەکانی بوون بە بەرنامەی کاری بزوتنەوەی ڕۆشنبیری گەلی کوردمان لەسەر ڕێبازی پتەوکردنی یەکیتی نیشتمانی عیراقی سەرفرازو وشەیپیرۆزی کوردی عیراقیەتی رازاندینەوە .. بەم بۆنەیەوەپڕیاریکی مەرکەزی درا بەوەی ڕۆژی ٩ی ئادار ناوبنرێ«ڕۆژی ڕۆشنبیری کوردی»و هەموو ساڵ یادی بکرێتەوە.

بەپێی بڕیاریکی وەزارەتی ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندن بۆدانانی بەرنامەیەکی لایەق بەو بۆنە پیرۆزەو بەو ڕۆژە کەشە لێژنەیەکی بالا دانرا بۆ دانانی بەرنامەی ئامەنگو چالاکی نواندنی ڕۆشنبیری بەسەرەکایەتی بەڕێز مامۆستا مصلح جەلالی بەڕێوەبەری گشتی دەزگاکەمانو سەرەك نووسەری هاوکاری لەم لێژنەیەدا نوێنەرانی هەموو دامو دەزگا ڕۆشنبیریەکانی کوردی نوێنەریان هەیە .

بۆ ڕوونکردنەوەی هەنگاوەکانی ئەم لێژنەیەو تا ئیستا چیکردووەو چ بەرنامەیەکی داناوە بۆ ئەم ڕۆژە پیرۆزە چاومان بە بەڕێز مامۆستا مصلح جەلالی کەوتو بەم بۆنەیەوە وتی :

ـ بەر لە هەموو شتێ ، دانانی ئەم ڕۆژە پیرۆزە بە ڕۆژی ڕۆشنبیری کوردی لەخۆیدا دووباتکردنەوەیەکی تری بایەخدانی سەرکردایەتی لێ هاتووە کەمانە بە لایەنی ڕۆشنبیری گەلە خۆشەویستەکەمان ، بەتایبەتی بایەری مەردی گەورە شەهید سەرۆکی فەرماندە صدام حسین و زیاتر پیرۆزی ئەم ڕۆژە لەوەدایە بەڕێزی تەشریفی هێنایە کۆڕی لێکۆڵینەوەی بەرنامەی کاری ساڵی ١٩٨٣ی دەزگاکەمان بەم هەنگاوە بەرخەی دەرگای پیشکەوتنو گەشانەوەی ڕۆشنبیری کوردی لەڕێگای وشەی پیرۆزی کوردیدا کردەوە .

دەربارەی ئەو کاروبارانەی لێژنەکەمان کەنوێنەرانی دەزگاکەی ئێمەو هەموو دامودەزگا ڕۆشنبیریەکوردیەکانی مەرکەزیو ناوچەی کوردستانی تیایە ، تا ئیستا چەند کۆبوونەوەیەکی کردوەو بەخەستی لە ئەرکەکانی کۆلاوەتەوە ئیستا گەلاڵەی بەرنامەیەکی سەرتاپاگیری کردوە کە کۆری ڕۆشنبیریو پیشانگای کتیبو ڕۆژنامەو هونەری تەشکیلیو ئێوارە کۆری شیعر دەگرێتەوەو چالاکیەکانیش هەرسێ بارێزگای کوردستان هەولێر و سلێمانیو دهوك دەگرێتەوەو چالاکی مەرکەزی لە مەلبەندی ئۆتۆنومی ناوچەی کوردستان دەبێ سێ ڕۆژدەخایەنیو بەشێکی زۆرزۆری شاعیرو ڕۆشنبیرو هونەرمەندی گەلی کوردمان بەشداری چالاکی تیا دەکەن.

هەروەها بەڕێز مامۆستامصلح جەلالی وتی :

ـ بەم بۆنە پیرۆزەوەپیرۆزبایی لەخۆمانو هەموو ڕۆشنبیرانی کورد دەکەین ،ئەم ڕۆژە بەنرخە ئەگەر مانایەکی هەبێت ، بەکی لە هەرەمانا دیارەکانی گەشە سەندوبی وشەی پیرۆزی کوردیەیە لە سایەی بایەخدانی شورشداو مانای ڕێز لێنانی دلسۆزانەیە بە ڕۆشنبیریو ڕۆشنبیری کورد . عیراقی سەربەرز ، دوای ئەوەی لە چوار ساڵزیاترە وەك شورایەکی پۆلاین بەڕووی گەردەلولی زەردیلەئێرانەوە هاتوو وەستاوە ، ئەم چالاکیو داهێنانە بەرزانەی مانای لوتکەی سەرکەوتنی دەبەخشێ بە کوبرای جاوی ناحەزانی .

سەرنجو ئاگاداری

زۆر جاری تر وامان کەیاندوە ،لەبەرئەوەی بەرهەمی داهێنانو بلاوکردنەوەبەرامبەری پاداشتی ماددی دەبەخشرێ پێویستە هەرشتێ بلاوی دەکەینەوە ناوی نووسەروباوك یا پیری لەکەلدابێ ، بەلام سەربەستی هەیە بۆ بلاوکردنەوەی هەرناوێکەوە خاوەن بەرهەم هەلیدەبژێرێ . زۆر بڕای نووسەر تا ئیستا پەیڕەوی ئەم خواستەناکا بۆبە ناچارین ڕای بگەیەنین هەربەرهەمی بلاو بوەو ناوی سێیەی ڕاستی نەبێ لەپاداشت بێبەش دەبێو سوپاس .

هاوکاری

چیرۆك بۆ منداڵان

پەلاماردان

سمیرە محمد علي

کردوویەتی بەکوردی

لە ئەدەبی جەنگەوە

شیعر بۆ منداڵان

هاوکاری

هاوکاری ئێمەی منداڵ
یادت ئەکەین هەموو ساڵ
هاوبیرینو هاوکارین
لە ژیاندا بەکارین
زەنگی هەواڵی پیرۆز
وەرئەگرین لەتۆی دڵسۆز
چیرۆکو مەتەڵی خۆش
شیعرو ووتاری بەجۆش
دەنگی نەوای گەشتێکی
ئاوازی هەڵبەستێکی
ئاوازی گشتەمانی
دڵسۆزی هەستەمانی
لەخوا ئاواتە خوازین
هەموو ڕۆژ پێت بنازین
منداڵین گوڵ ئەروێنین
دوا ڕۆژ دائەهێنین
کرداری مەردایەتی
ڕازی مرۆڤایەتی

لە بەکێك لە شەڕەکان ، هێزە نەبەردەکانمان سێ تانکیان کرت ، ئەم تانکانەش بۆ بەکارهێنان دەستیبان دەدا ، ئەفسەرێکی لاو لەگەڵ کۆمەڵێك لە جەنگاوەرانی بەجەرگو ئازا خۆیان ئامادە کرد ، بۆ ئەوەی تانکەکان لێبخوڕن ، نەخشەیەکی ڕێکوبێك دانرا بۆهێرش بردنە سەر دوژمنو تانکاکانی و بنەبڕکردنی پاشماوەی بەرهەڵستی یەکێك لە سەنگەرەکان بە بارمەتی تۆپی چرەوە لە لایەن هێزەکانمانەوە ،کە لێبان دەدا ، ئەفسەرێکی لاو بەرەو سەنگەرەکانی دوژمن سەر دەکەوێت ، دوژمن بڕوای نەدەکرد ئەم تانکانە عیراقی بن وای بۆ دەچوو سێ تانکی ئێرانین لەوتونەتە ڕێ بەرەو سەنگەرەکانی کەتیپەیەکی خۆیان هەروەها لەو خەیالەدا بوون .چۆن عیراقیەکان تانکی دوژمن بەم ڕووە بەکاربهێنن ئەم هەموو بۆچوونانە لە مێشکی دوژمن ئەسوڕابەوە لەلای جەنگاوەرانمان بوو بە ڕاستیەکی زیندوو کاتێك دوژمن بە ڕوانگەکەی چاودێری تانکەکانی دەکرد چۆن بەرەو پێشی سەنگەرەکانیان دەڕۆن .

دوژمن داوای لە هێزەکانی کرد بوەستنو دەست نەوەشێنن چونکە وای زانی تانکی خۆیانەو بە سەلامەتی لە زەوی جەنگ گەڕاونەتەوە ،هەر کە ئەفسەرو سەبارەکان گەیشتنە جێ بوو بە تەقەو تۆپ هاوێشتن چونکە ئیتر بۆیان دەرکەوت کەوا هێزی عیراقیین .. ئاکرو دوکەڵ ئەو ناوەی بڕکرد بوو . سەری لە دوژمن شێواند بوو . هێزە دلێرو مەردەکانمان کاتێك ئەم ئەرکەیان بەجێهێنا . ئەفسەرەکە داوای لە سەربازەکانی کرد بکشێنەوە دواوە ، لە ئەنجامی ئەم پەلاماردانە بەجەرگە دە (١٠) تانکی دوژمن تێکشکان ...

لەو ڕۆژەوە ئەم ئەفسەرەو ئەفسەرە بە جەرگەکانی ترمان سەربازەکانیان مەشق پێدەکردو ڕایانو هێنان بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمن بە چەکی خۆی ... بەم جۆرە جەنگاوەرە عیراقیەکان داستانێکی نوێ لە قارەمانێتی تۆمارکرد کە بەدرێژایی مێژوودا نەوەکانی پاشەڕۆژ بە شانازیەوە باسی بکەن.

هاوکاری

دەزگای
ڕۆشنبیریو بلاوکردنەوەی
کوردی

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلانی

تەلەفون
٨٨٧٥٧٩٥
ە خەن

چالاکی شانۆیی

لە ناوچەی کوردستان

چاپکراوی نوێی دەزگاکەمان

ژمارەی نوێی گۆڤاری بەیان

ژمارەیەکی نوێی گۆڤاری «بەیان» کە گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبیەو لە دەزگاکەمانەوە دەزگای ڕۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردیبەوە دەردەچێتو ژمارەی ١٠٣ بەو بەچەندان بەرهەمی ئەدەبی هەمەرەنگ ڕاژاوەتەوە .

لە بەشی تۆماری جەنگدا برایان عبدالله صالحو عمر محمد عامرو اسماعیل هاجانی بەشداریان کردوە .

لە بەشی چیرۆکەو شیعرو فولکلورو لێکۆڵینەوەدا برایان ، محمد امین پینجوینیو عبدالرحمن مزوریو پیربال محمودو کامل ژیرو کوکب هەورامانی و هیشیار ڕێکانیو سەلام مەنمیو نزار محمد سعیدو نجیب صالحو اکرم علیو مامۆستا شوکر مصطفیو محمد بدریو چەندان نووسەرو شاعیری تر بەشداریان کردوە .

● ● ●

شانۆنامەی پیرەمێرد

لە زنجیرە چاپکراوەکانی دەزگاکەمان ژمارە (١٠٥)ی چاپکراوی ڕۆشنبیریمان شانۆنامەی پیرەمێردی نووسەری ناسراوی جیهانی مەکسیم گۆرگیە کە برادەر کاك عبدالوهاب تاڵەبانی لە عەرەبیەوە کردویەتی بە کوردیو مامۆستا عبدالرزاق بیمار پێشەکی بۆ نووسیوە لە ٩٠ لاپەرەی قەوارە گەورەدا لەم دوایەدا دەرچوە .



بیرنگی پاگوزاری

داهێنانو ...
خۆپێدا هەڵواسین ...

زۆر لایەنی هونەری جوان لەلامان بەدەست ئەوانەوە ئەنائێنێ کە خۆیان پیا هەڵواسیوە ، لە هەمووی موسیبەت تر لایەنی هونەری گۆرانی وتنە ، ئەو بەهرە هونەریە پیرۆزەی لە هەرە توانای بەرزی هونەرە جوانەکانە ... هونەرمەندێ دەنگ خۆش ، ئارامو خۆشیو خەمی پیرۆز بە دلو دەروون ئەدا ...بەلام چ کارەساتێکە یەکێك دەنگی ناخۆشبێو بشبێ بە گۆرانی بێژ .. لایەنەکانی تری هونەر ڕادەی پێگەیاندنو فێرکردنو دروستکردنیان کەم تا زۆر تیایە ، بەلام وەرە یەکێك دەنگی ناخۆش ناخۆش بێ چی لێ ئەکەی ؟ چۆن دەنگی خۆش ئەکەی ؟

برایان ، ئەی ئەوانەی دەنگتان ناخۆشەو بە زۆر خۆتان بەهونەری گۆرانیوتندا هەڵواسیوە ، بۆ خوا سەنعەتەکە ڕەزیل مەکەن .. دەنگ خۆشی بەهرەیەو خوا دەیبەخشێ .. ئێ بەئێوەی نەبەخشیوە بۆ عەزابی خەڵك ئەدەن ؟

بەهرە

Institut Kurde de Paris